

# سیناریۆ تاریکەکانی عێراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا

## دروستبوونی دیکتاتۆری تازە، شەڕی ناوخۆ. دەوڵەتی فاشیل

ئەوە کارێکی قورس نییە کە بڵێین، ئەمڕۆ عێراق بەرەو ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ هەنگاو هەڵناگرێت، بەهۆی ئەو دابەشبوونانەی ئێستا لەوڵاتدا هەیە حکومەتی عێراق تووشی شەلەل بووە، سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بەهیچ شێوەیەک توانای نەرمی نواندن و کۆمپرۆمایزیان نییە بۆئەوەی بتوانن لەو تەڵەزگەیە ئێستا دەربچن، هەوڵەکان بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و نەهێشتنی مەحسوبیەت و ڕێگرتن لە بەسیاسیکردنی هێزە چەکدارەکان هەمووی پەکدەخرێن و پشتگوێ دەخرێن، لەباری واقیعیشدا ئێستا گەندەڵی بۆتە تاکە توخمێک کە حکومەتی عێراق هەڵدەسوڕێنێت، بەبێ گەندەڵی هیچ کاروبارێکی حکومەتی عێراق هەڵناسوڕێت، ئێستا جارێکی دیکە توندوتیژی وەک ئامێرێک بەدەستی گرووپە جیاوازەکانەوە دەرکەوتۆتەوە بەتایبەتی بەدەستی هاوپەیمانی حکومڕانەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی گرووپەکانی دیکەش بۆ بەرگری لەخۆکردن پەنا بۆ چەک ببەنەوە، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی ئیرادەیەکی سیاسیی نییە بۆ ئەوەی بتوانێت سەروەریی یاسا بچەسپێنێت.. لەم بارودۆخەدا مەزندەی چەند سیناریۆیەک دەکرێت کە عێراق هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت، بەڵام هیچ کام لەم سیناریۆیانە باش نین، بەڵام هەندێکیان لەوانی دیکە خراپترن، هەڵسەنگاندنی ئەم سیناریۆیانە گرنگن بۆ ئەوەی ئەمریکا هەوڵبدات کامیان لەهەموویان خراپترە دووری بخاتەوە، سیناریۆکانیش بریتین لە(دروستبوونی دیکتاتۆرێکی تازە، هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ، بوونی عێراق بەدەوڵەتێکی لاواز و لێکهەڵوەشاوە یان دەوڵەتێکی فاشیل).. سەبارەت بە سیناریۆی یەکەمیان، زۆر لەعێراقیەکان و زۆربەی چاودێران وای دەبینن ئەگەری دروستبوونی دیکتاتۆرێکی نوێ بۆ ئێستای عێراق لەئارادایە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق بە ئەنقەست نەیەوێت بگاتە ئەم پێگەیە، بەڵام کێشەکانی عێراق پێمان دەڵێت کەس نییە بتوانێت ئەم ڕێگەیە نەگرێت، بەتایبەتی کە د.مالیکی زۆر لەکودەتا و پیلان دەترسێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەو ئەندامی حزبێکی بچووکی شۆڕشگێڕبووە، ماوەی ٣٠ساڵ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سەدام حوسێنەوە ڕاوەدوو نراوە، بۆیە ئەمە وایلێکردووە لەپیلان و کودەتا لەلایەن عەرەبی سوننەوە بترسێت، ئەمەش وایکردووە زۆرجار لەسەر پرۆسەی دیموکراتی عێراق ئارامی نەبێت و کاری توندوتیژی لەدەرەوەی دەستوور بکات، ئەمەش لەپێناوی ئەوەیە بتوانێت بەرپەرچی پیلان و کودەتاکان لەدژی بداتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە هەوڵبدات خۆی بەهێز بکات و لەناو حکومەتدا ئەو خەڵکانە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە کە نزیکن و کەسە نزیکەکانی خۆی لەناو سوپا جێگە بکاتەوە، سەبارەت بە سیناریۆی دووهەمیشیان کە هەڵایسانی شەڕی ناوخۆیە، ئەوا ئەم بۆچوونە لەڕوانگەی مێژوویی عێراقەوە کارێکە لەهەمووان زیاتر مەزندەی بۆ کراوە، لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ مەزندەکان بەوجۆرە بوون کە عێراق دەخزێتە ناو شەڕی ناوخۆیی و چۆن لێی دەرباز دەبێت، بەڵام ئێستا مەزندەی ئەوە دەکرێت کە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی ناوخۆ، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەموو ئاراستەکان ئاماژەن بۆئەوەی توندوتیژی سەرهەڵدەداتەوە، بێ متمانەیی لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا زیاتر دەبێت، بەڵام لەبەر چەندین هۆکاری گرنگ هەر چۆنێک بێت شەڕی ناوخۆ لەعێراقدا دووبارە بێتەوە بۆ ئەمریکا دەبێتە کارەسات، سەبارەت بە سیناریۆی سێهەمیش کە مەزندە دەکرێت عێراق ببێتە دەوڵەتێکی لاوازی لەبەریەکهەڵوەشاو هەتا فاشیلیش، هۆکارەکەی ئەوەیە ڕاستە حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتێکی دیاریکراوی هەیە و دەیەوێت بەسەر هەموو پارێزگاکاندا بیسەپێنێت، بەڵام ئێستا پارێزگاکان بە ئاراستەی پێچەوانەی حکومەتی مەرکەزی بەرەو نامەرکەزییەت هەنگاو هەڵدەگرن، لەم حاڵەتەشدا حکومەتی عێراق دووچاری شەلەل دەبێت، بۆیە باشترین ڕێگە چارە بۆ ئەمریکا کە دوای کشانەوەی هێزەکانی لەعێراق بیگرێتە بەر ئەوەیە، هەوڵبدات خراپترین سیناریۆ دووربخاتەوە، لەم حاڵەتەشدا سیاسەتی ناوخۆی عێراق دەبێت ببێتە سەنتەری قورسایی هەوڵەکانی ئایندەی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، دەبێت باش بزانرێت کە ئایندەی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، سیاسەتی ناوخۆی داهاتووی عێراق بڕیاری لەسەر دەدات)).

کینس پۆلاک
لەبەردەم لیژنەی خزمەتی سەربازی
لەسەنات



دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو ئەوەمان دەبات بڵێین ئەم وڵاتە بەرەو ئایندەیەکی باش هەنگاو هەڵناگرێت، پرۆفیسۆر کینس پۆلاك سەرۆکی سەنتەری سابان بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئامۆزگای بەناوبانگی برۆکینگز، لەڕۆژی ١٥ی نۆڤەمبەری ڕابردوو و لەدانیشتنێکی گوێگرتن لەبەردەم لیژنەی خزمەتی سەربازی سەنات، سەبارەت بە عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئاماژە بەوە دەکات، ئێمە نالێین عێراقمان لەدەستدا، بەڵام هەموو ئەو سیناریۆیانەی بۆ ئایندەی عێراق مەزندە دەکرێن هەموویان تاریکن، بۆیە لەم ڕاستەوە گرنگە بزانین کە ئەو ئەرکەی لەساڵی داهاتوو دەکەوێتە سەر شانی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق لەساڵی پێشوو قورسترە، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەو پرسیارە دەخاتە بەردەمی سەنات و دەپرسێت: ئایا ئەو هەڵانە چین کە ئەمریکا لەعێراقدا کردوونی و خۆی بەرپرسە لەدروستکردنی هەڵەکان؟ ڕاستە ئیدارەی ئۆباما دۆسیەیەکی لەرزۆکی

**حکومەتی عێراق تووشی شەلەل بووە، سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بەهیچ شێوەیەك توانای نەرمی نواندن و کۆمپرۆمایزیان نییە**

لەعێراق وەرگرت، بەڵام ئەویش ڕۆڵێکی باشی لەعێراقدا نەگێڕاوە، لەبەر ئەوەی لەپرۆسەی دانوستاندنەکان بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، ئیدارەی ئەمریکا هێندەی وتووێژی لەگەڵ خۆی کردووە، هێندە وتووێژی لەگەڵ عێراقییەکان نەکردووە بۆئەوەی بەمانەوەی هێزەکان قایلیان بکات. هەربۆیە ستراتیژیەتی کشانەوەی لەعێراق هەڵبژارد، ئەوەتا ئێمە ئێستا لەعێراق دەکشێینەوە.

کەواتە ئەوەی پۆلاك باسی دەکات قۆناخی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە، لەبەر ئەوەی وەك ئێمەش بینیمان مەراسیمی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق کۆتایی پێهات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، نە دەتوانرێت کات بگەڕێتەوە بۆ دواوە و هەڵەکانی ڕابردوو ڕاست بکرێتەوە، نە دەشتوانرێت ڕابردووش گۆڕانکاری بەسەردا بێت، نە دەتوانرێت ئێستایەکی جیاواز لەو واقیعەی ئێستا بوونی هەیە دروستی بکەین، هەربۆیە هەنگاوی گرنگ لەو خاڵەوە دەست پێدەکات ئایا چۆن هەنگاو بۆ ئایندە هەڵدەگیرێت و دەتوانرێت بۆ ئایندە چی بکرێت، ئەمە لەکاتێکدا مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتێکی لاواز و هەڵوەشاوە دەکرێت کە هەتا ئێستا سەرکردە سیاسییەکانی نەیانتوانیوە بەشێوەیەك نەرمی لەگەڵ یەکتری بنوێنن کە نەهێڵن عێراق بکەوێتە ناو شەڕێکی ناوخۆییەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەماوەی هەردوو ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ کە هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا بوونیان هەبووە، بەڵام سەرکردە سیاسییەکانی عێراق نەیانتوانیوە کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، یان لانی کەم ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەن کە بەدەستپێشخەری بەڕێز مسعود بارزانی لەهەولێر هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت لەسەری ڕێککەوتن، لەمەش خراپتر ئەوەیە کە ئەم ئاراستەیەی ئێستای عێراق بەرەو ڕووی دەڕوات، کە هەنگاو هەڵگرتنە بۆ پێشێلکردنی دەستوور گەڕان بۆ دوای چارەسەری کێشەکان لەدەرەوەی دەستووری عێراق، بوونە هۆکاری ئەوەی کە عێراق لەبری ئەوەی هەنگاو بۆ دیموکراتی و فیدراڵی هەڵبگرێت، هەنگاو بۆ سەنترالیزم و لێکترازان هەڵدەگرێت، کە ئەمەش ئاکامێکی باشی نابێت.

**سەرۆك وەزیرانی عێراق وایکردووە زۆرجار لەسەر پرۆسەی دیموکراتی عێراق ئارامی نەبێت و کاری توندوتیژی لەدەرەوەی دەستوور بکات**

### واقیعی سیاسیی ئێستای عێراق چیمان پیشاندەدا

لەوانەیە ئێمە وەك هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان تەنیا کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەکێشەی سەرەکی بزانین، بەڵام لەزۆر حاڵەتدا، دروستکردنی کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، وەك هەناردەی کێشە ناوخۆییەکانی حکومەتی عێراقە بۆ دەرەوەی خۆی و بۆ ئەوەیە بەبوونی کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کێشەکانی دیکە داپۆشێت، یان هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبی عێراق بجووڵێنێت و لەبەر بوونی کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان کێشەکانی دیکە بخەنە لاوە، بەڵام وێڕای ئەمانەش لەساڵی ٢٠٠٣وە ئاراستەی کێشەکان بەوجۆرە بوون کە کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا وەك دۆسیەیەکی جیا سەیر بکرێت و کێشەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق بەجیا سەیر بکرێن، بەڵام دوای نزیکەی ٨ ساڵ ئەو ڕاستیە دەرکەوت، ئەگەر عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی، ئەوا نە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر دەبن، نە کێشەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و پارێزگاکانی عێراق چارەسەر دەبن، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا ڕێککەوتنی هەولێر کە بەرهەمی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو بۆ

**سەرکردە سیاسییەکانی عێراق نەیانتوانیوە ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەن کە بەدەستپێشخەری بەڕێز مسعود بارزانی لەهەولێر هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت لەسەری ڕێککەوتن**

پێکهێنانی حکومەت و یەکلاییکردنەوەی کێشەی هەرسێ سەرۆکایەتی (پەرلەمان و سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران)، چوارچێوەیەکە بۆ چارەسەری تەواوی کێشەکانی عێراق و بنەمایەکە بۆ بونیادی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی کە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لەحکومەتدا هاوبەش بن، نەك تەنیا بەشدار بن، بۆ ئەوە بوو هەموو پێکهاتەکان و هێزە سیاسییەکان بە هاوبەشی دەستووری عێراق جێبەجێ بکەن، کە مەرج و چارەسەری بۆ هەموو کێشەکان تێدا دیاری کراوە، بەڵام بەداخەوە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دووساڵ بەسەر هەڵبژاردنەکانی مارتی ٢٠١٠ و تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا، هێشتا نە حکومەتەکە بەتەواوتی هەموو پۆستەکانی پڕکراونەتەوە، نە توانراوە ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان دابمەزرێت کە بەشێکی گرنگی ڕێککەوتنی هەولێرە، لەمەش خراپتر وەك هەموو جیهان دەیبینێت،

پرۆسەی سیاسیی کەوتۆتە حاڵەتێکی چەق بەستوو، سەرۆک وەزیرانی عێراق لەبری ئەوەی لەچوارچێوەی دەستووردا هەنگاو بۆ حکومڕانی و چارەسەری کێشەکان هەڵبگرێت، وەک دەبینین زۆربەی هەنگاوەکانی دەکەونە دەرەوەی دەستوور یان پێشێلکردنی دەستووری عێراق، ئەم حاڵەتەش ئەم واقیعەی بەرهەمهێناوە:

١- حکومەتی عێراق بەهۆی ئەو بارودۆخەی تێیکەوتووە هەنگاو بەرەو دیکتاتۆریەت هەڵدەگرێت، ئەم مەسەلەیە وەک پرۆفیسۆر پۆلاک ئاماژەی پێکردووە، لەوانەیە پەیوەست نەبێت بە شەخسی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراقەوە، بەڵکو ئاراستەی ئاڵۆزی کێشەکان وایکردووە متمانە لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکان بە ئاستێکی بەرز کەمبێتەوە، هەر لایەک بە ئاراستەیەک هەنگاو هەڵبگرێت، هەر ئەمەش وایکردووە حکومەتی ئێستای عێراق لەکاتێکدا پارێزگاکان داوای لامەرکەزیەت دەکەن، ئەو زیاتر هەنگاو بەرەو مەرکەزیەت هەڵبگرێت، بەڵام وەک مێژووی حکومڕانیەتی مەرکەزی عێراق پێمان دەڵێت مەرکەزیەت پێویستی بە پیادەکردنی توندوتیژی و سەرکوتکردن هەیە، ڕژێمە مەرکەزییەکانی پێشووی عێراق بۆ سەپاندنی مەرکەزیەت بەدرێژایی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق شەڕیان لەگەڵ شۆڕشەکانی کوردستان کردووە، لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕژێمی بەعس بۆ هێشتنەوەی مەرکەزیەت شیعەکانی باشووری سەرکوتکرد و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی دامرکاندەوە، کەدواتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناوای ئارامی بۆ کورد دروست کرد.

٢- هەندێک لەچاودێران وای دەبینن کە بە تێڕوانینی ئەمریکا مەرکەزیەتێک کە بتوانێت سەقامگیری دروست بکات پەسەندە، بەڵام ئەم هەنگاوەی ئێستا حکومەتی عێراق بۆ گێڕانەوەی مەرکەزیەت هەڵیدەگرێت، عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆ دەبات، ئەم شەڕەش هەرچۆنێک دروست بێت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەعێراقدا دەخاتە مەترسییەوە و هەروەها دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەرهەمهێنانی نەوت کەمبێتەوە و نرخی نەوت بەرز بێتەوە، لەمەش ترسناکتر ئەوەیە پرێسکی ئەم شەڕە بپەڕێتەوە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ یان عێراق خۆی ببێتە گۆڕەپانی شەڕێکی ئیقلیمی.

**دروستکردنی کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، وەک هەناردەی کێشە ناوخۆییەکانی حکومەتی عێراقە بۆ دەرەوەی خۆی و بۆ ئەوەیە کێشەکانی دیکە داپۆشێت**

٣- هەندێکی دیکە پێیانوایە عێراق وەک دەوڵەتێکی لاواز و لێکهەڵوەشاو دەمێنێتەوە و ناتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئەمەش بەرەو دەوڵەتێکی فاشیلی دەبات، چارەنووسی دەوڵەتی فاشیلیش ئاشکرایە.

## سەقامگیری ناوخۆی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان

کێشەی سەرەکی ئێستای عێراق، مانەوەی کێشە ناوخۆییەکانییەتی، ئەم کێشانەش لەچەند ئاستێن:

١- کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

٢- کێشەی چارەسەرکردنی ناوچە دابڕێنراوەکان.

**ئەمریکا ٨ ساڵ لەعێراقدا بووە کێشەکانی بۆ چارەسەر نەکراوە، چۆن ئێستا کە هێزەکانی لەعێراقدا نەماوە دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت**

٣- کێشەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و دروستبوونەوەی متمانە لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکان.

٤- جێبەجێکردنی یاسای دروستکردنی هەرێمەکان و بەکردەیی بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدرالی.

٥- سەرپای عێراق تێکەڵاوی سیاسەت نەکرێت و دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵات وەرنەدات.

٦- یاسای نەوت و گاز بەشێوەیەک بێت هەرێمی کوردستان پێی ڕازی بێت، بۆ ئەوەی کێشەی دابەشکردنی داهاتەکان چارەسەر بکرێت، ئەمەش هەنگاو دروستکردنی هەرێمەکان ئاسان دەکات.

٧- ئێستا لەحکومەتی عێراقدا مانای حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی گۆڕدراوە بۆ حکومەتی بەشداری نیشتمانی، ئەمەش سەرچاوەی کێشەکان و هەوڵدانە بە گەڕانەوە بۆ مەرکەزیەت، بۆیە دەبێت لایەنە هاوبەشەکانی ناو حکومەت بە هاوبەشی بڕیار بدەن.

## حکومەتی عێراق هەنگاو بەرەو دیکتاتۆریەت هەڵدەگرێت و عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆ دەبات

٨- یەکێتی خاکی عێراق لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالی، گۆڕدراوە بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق لەناو دەوڵەتێکی مەرکەزیدا، بۆیە دەبێت یەکێتی نێوان کورد و عەرەب خاکی عێراق بپارێزێت، نەک لەناو دەوڵەتێکی مەرکەزیدا مافەکانی کورد پشتگوێ بخرێت.

## ڕۆڵی ئەمریکا لەڕێکخستنەوەی سیاسەتی ناوخۆی عێراقدا

ئەگەر کێشەکانی ناوخۆی عێراق لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر نەکرێت، ئەوا عێراق لەسەر دوو ئاست ڕووبەڕووی کارەسات دەبێتەوە، یەکەمیان ئەوە دەبێت کە باری ئاسایش و سەقامگیری تێکدەچێت و عێراق بەرەو شەڕێکی ناوخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت، دووەمیشیان ئابووری عێراق دووچاری شکست دەبێت، لەم بارودۆخەدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەونە مەترسییەوە، بۆیە گرنگە ئەمریکا دوای ئەوەی هێزەکانی لەعێراقدا نامێنێت هەموو هەوڵی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق چارەسەر بکات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمریکا خۆی ٨ ساڵ لەعێراقدا بووە کێشەکانی بۆ چارەسەر نەکراوە،چۆن ئێستا کە هێزەکانی لەعێراقدا نەماوە دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی تا دوا ڕادە ڕەشبینمان دەکات، بەڵام وەک پسپۆران و چاودێران ئاماژەی بۆ دەکەن، پێویستە ئەمریکا میکانیزمی سیاسەتی خۆی بەرامبەر بەعێراق بگۆڕێت، لەم بارودۆخەدا کە عێراق لەڕادەبەدەر پێویستی بە هاوکارییەکانی ئەمریکایە، ئەوا دەبێت ئەمریکا یارمەتیەکانی بۆ عێراق مەرجدار بکات بەهەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا.

پاتریک کلاوسن بۆ گوڵان:

# حکومەتی بەغدا نەک هەوڵ بۆ مەرکەزیەت دەدات، بەڵکو سەرۆک وەزیران دەیەوێت هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆی کۆبکاتەوە

**پرۆفیسۆر پاتریك كلاوسن بەڕێوەبەری توێژینەوەكانە لەئامۆژگای بەناوبانگی واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، یەكێكە لەچاودێر و شرۆڤەوانە جیهانییەكان لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زیاتر لە ١٥٠ وتاری لەرۆژنامەكانی نیویۆرك تایمز و وۆڵستریت جۆرناڵ و واشنتۆن پۆست لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاو كردۆتەوە، خاوەنی ١٨ كتێب و توێژینەوەشە لەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەبارەت بەكشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا و بارودۆخی عێراق لەئاییندە چەند پرسیارێكمان ئاراستەی پرۆفیسۆر كلاوسن كرد، بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** سیاسەتی نوێی ئەمریكا چۆن دەبێت بەرامبەر «عێراق» پاش كشانەوەی هێزەكان؟**

- لەداهاتوودا ویلایەتە یەكگرتووەكان هەوڵەكانی زیاتر چڕدەبێتەوە بۆ دابینكردنی هاوكاری لەڕووی ئاسایش و ڕاهێنان لەڕێگەی هەوڵەكانی وەزارەتی دەرەوە، بەڵام بەدیهێنانی ئەم ئەركە زۆر زەحمەتە و هەروەها زۆر زەحمەتیش دەبێت بۆ وەزارەتی دەرەوە و ئەو بەڵێندەرانەی كە دابینكردنی ئەو لایەنانەیان پێ دەسپێردرێت، بۆیە ڕێكخستنی ئەمە دەبێت بە تەحەددایەكی زۆر گەورە لەبەردەم ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا، هاوكات حكومەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەوڵدەدات بۆ دروستكردنی پێوەندییەكی قووڵی هەمەلایەنە لەگەڵ حكومەتی عێراقدا، دروستكردنی ئەم پێوەندیەش تەحەددییەكی دیكە دەبێت بۆ حكومەتی ئەمریكا.

*** «عێراق» بەرەو كوێ دەڕوات پاش نەمانی نفووزی ئەمریكا؟**

- وەك هەموو لایەك دەیزانن و دەیبینن، بوونی هێزەكانی ئەمریكا لەعێراقدا ڕووبەڕووی تەحەددا بۆتەوە، بۆیە پێموایە ئەو تەحەددایە پاش نەمانی هێزەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا-یش هەر دەمێنێت، لەوە دڵنیانیم «عێراق» بتوانێت لەم ساتە سەختەدا دەربازی بێت یان نا، هەرچەندە ئەگەرێك لەئارادا هەیە كە «عێراق» دەبێت بەشتێك بەناوی «دەوڵەتێكی فاشل»، بەڵام خودی خۆم گەشبینم و هیوادارم «عێراق» دەوڵەتێكی سەركەوتووی لێدەرچێت.

*** تا چەند پێتوایە كە «عێراق» بەرەو ئاڕاستەی دەوڵەتێكی فاشیل هەنگاو دەنێت؟**

- من وتم ئەگەرێك هەیە عێراق بەئاراستەی دەوڵەتی فاشیل هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام وەك ڕای خۆم من پێموایە، عێراق بەو ئاماژانە دوور كەوتۆتەوە كە بەرەو دەوڵەتێكی فاشیل هەنگاو هەڵبگرێت، لەبەرئەوەی هەندێك بەرەوپێشەوەچوون ڕوویداوە لەزۆربەی بوارەكاندا بارودۆخەكان لەچەند ساڵی ڕابردوو باشترە، ڕاستە هەندێك كێشە لەئارادا هەیە، بەڵام بەرەوپێشەوەچوونیش ڕوویداوە بەتایبەتی



لەبواری ئاسایش، هەرچەندە پرۆسەكە لەسەرخۆیە و وەك پێویست نییە، بەڵام هەتا بەرەوپێشەوەچوون هەبێت ئەوە هەرگیز ناتوانین بڵێین كە عێراق هەنگاو بەرەو دەوڵەتێكی فاشیل هەڵدەگرێت، بەڵكو من پێموایە كە بەشێوەیەكی لەسەرخۆ لەهەنگاونانە بەرەو ئاڕاستەی دەوڵەتێكی بەهێز.

*** ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا چۆن دەتوانێت بەرژەوندییەكانی بپارێزێت لە«عێراق» پاش كشانەوی هێزەكان؟**

- ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەتوانێت بەرژەوەندییەكانی بپارێزێت لەڕێگەی باڵیۆزخانەكەی لەعێراق و وەزارەتی دەرەوە، ئەمەش پێویستی بەڕێكخستنی هەوڵە جۆراوجۆرەكانە، لەنێویشیاندا سوپای ئەمریكی و كاركردنی بەهەماهەنگی لەگەڵ حكومەت، ئەمە مۆدێلی ئاسایی پێوەندییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا-یە لەسەرتاسەری جیهان، لەپلاندایە ئەو مۆدێلە لەعێراقیشدا پیادەبكرێت.

*** تاچەند پاراستنی هەرێمی كوردستان لەبەرچاو دەگیرێت؟**

- ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بایەخێكی زۆر دەدات بەو پێشكەوتنەی كە لەهەرێمی كوردستان وەدیهێنراوە، مەبەستێتی وەك نموونەیەك بۆ پارچەكانی دیكەی عێراق سەیری بكات و پیشانی بدات، بەڵام بەداخەوە حكومەتی بەغدا هەوڵەكانی چڕكردۆتەوە بەئاراستەی سەنترالیزەكردنی حكومڕانی و كۆكردنەوەی دەسەڵات لەدەستی چەند كەسێكدا، ئەمەش بەو مانایە واتە بەغدا تەنیا هەوڵی بەمەركەزیكردنی دەسەڵات نادات، بەڵكو هەوڵی چڕكردنەوەی دەسەڵات دەدات لەدەستی چەند كەسێكدا، بەتایبەتیش بەڕێز «مالیكی» كە دەیەوێت هەموو دەسەڵاتەكان لەدەستی خۆیدا بەمەركەزی بكات، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا تەحەددایەكی زۆر گەورەیە.

*** ئایا تاچەند پێتوایە «عێراق» دابەش بێت؟**

بەڕای من تەنیا ئەوكاتە ئەم ئەگەرە ڕوودەدات كاتێك «عێراق» لەڕووكەشەوە وەك دەوڵەتێكی یەكپارچە بێت، بەڵام لەڕووی واقیعەوە یەكپارچە نەبێت، ئەگەرەكانی ئەم شتەیش (فیفتی فیفتی)یە.

کارۆڵ ئیدوارد سوڵتان بۆ گوڵان:

# بەڵام زۆر گرنکه بۆ داهاتوو شاخەکان تەنیا دۆست نەبن. بۆیە دەبێت کوردستان بەبایەخەوە پەرە بەتوانای بونیادنانی هاوپەیمانێتی لەجیهاندا بدات

**پرۆفیسۆر کارۆڵ ئیدوارد سوڵتان ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی میریلاند و یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە لەسەر زۆر کێشەی نێودەوڵەتی کاریکردووە، لەساڵی ٢٠٠٠ پرۆفیسۆر کارۆك سوڵتان جێگری بەڕێوەبەری ئۆفیسی سیاسی و دەستووری و هەڵبژاردنی نەتەوەیەکگرتووەکان بووە بۆ قۆناخی ئینتیقالی لە تەیموری ڕۆژهەڵات، لەساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ یەکێك بووە لەئەندامانی پرۆژەی IRISای ڕێکخراوی USAID، و لەهاوینی ٢٠٠٥یش چەند مانگێك هاتۆتە هەرێمی کوردستان وەك ڕاوێژکاری دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە وتووێژەکانی دەستووری عێراقدا کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئاکامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر کارۆڵ سوڵتان کرد و بەمجۆرەی ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

پێموایە دوای کشانەوەی هێزەکانیش، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق بەردەوام دەبێت. هێشتا باڵیۆزخانەیەکی زۆر گەورە دەمێنێتەوە، کە ستافێکی ئەمنی زۆر بەهێزی لەگەڵدایە. ڕاستە کاریگەری و نفوزی ئەمریکا دادەکشێت و لە داکشانیشدا دەبێت، بەڵام ئەمە زیاتر پرۆسەیەکی بەردەوامە.

ئامانجی سەرەکی سیاسەتی ئەمریکا بریتی دەبێت لەوەی هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق وەك سەرکەوتن سەیر بکرێت، واتە بەکشانەوەی هێزەکان سەرکەوتن بەدەست هاتبێت، لەم ڕووەوە، ئەمریکیەکان کار بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی ئەوە دەکەن کە لەتێڕوانینی ئەمریکادا بە شکستێکی ئاشکرا سەیر بکرێت. سێ شت دەبنە نموونەی دیار بۆ ئەم شکستە ئاشکرایە: گەڕانەوە بۆ شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری، دروستبوونەوەی دیکتاتۆریەت و باڵادەستیەکی ئێرانی ئاشکرا، بەڵام عێراق بەردەوام وەك دەوڵەتێکی لەرزۆك دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئاستێکی بەربڵاوی گەندەڵی. کشانەوەی لەسەرخۆی هێزەکانی ئەمریکا و داکشانی نفوزی ئەمریکا کاریگەری گەورەی نابێت لەم ڕووەوە. پێموایە بێداربوونەوەی عەرەب گرنگترە بۆ ئەم پرسە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش پێموایە هەرێمی کوردستان، یەکەم: کوردستان دوو سەرچاوەی هێزی هەیە، سامانی نەوت و هێزی نەرم. سامانی نەوت وەك سەرچاوەیەکی هێز دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی بڕیارە گرنگەکان دەربارەی کۆنترۆڵکردنی



لە دەستی هەولێردا دەمێنێتەوە. هێزی نەرم بە ئاسانی زیانی پێدەگات، بەڵام گرنگترە. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە بۆ ئاسایش و سەربەخۆییەکی درێژخایەنی عێراق ئەوەیە کوردستان بەو شێوەیە بمێنێتەوە



کە پێی دەڵێن «عێراقێکی دیکە»، ئەو هەرێمەی بەچەشنی شوێنەکانی دیکە گەندەڵی تیانییە، کە تێیدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەستەبەرکراون، هەروەها وەبەرهێنانیش هەیە. بۆیە لێرەدا حەز دەکەم و ئاماژە بەوە بکەم و پێتان بڵێم ئەم سیناریۆیە لەبەرچاوبگرن: ئەگەر دیکتاتۆرێك لەبەغدا دەسەڵاتدار بێت، داگیرکردنی کوردستان هەڕەشەیەکی ساتەوەخت بێت. لەوکاتە جگە لە پێشمەرگە چ شتێکی دیکە ئەتوانێت کوردستان بپارێزێت؟ لەگەڵ توانای دروستکردنی هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتی لەم بارە نائاساییەدا بۆ پاراستنی دیموکراسی لە کوردستاندا. ئەگەر لەوکاتەدا دیموکراسیەتێکی زۆر لە کوردستاندا نەبوو، ئەوا ئەمە کارێکی (بونیادنانی ئەم هاوپەیمانێتیە) زۆر زەحمەت دەبێت. بەڵام ئەگەر کوردستان نموونەیەکی درەوشاوەی دیموکراسی بوو، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵیەکی سنووردار بێت، ئەوا دروستبوونی ئەم هاوپەیمانێتیە دەرفەتی باشی دەبێت.

لەڕاستیدا شاخەکان دۆستێکی زۆر باشی کورد بوونە، بەڵام لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانێك لە داهاتوودا زۆر گرنکە شاخەکان تەنیا دۆست نەبن. کەواتە لەم کاتەدا زۆر گرنگە کوردستان پەرە بەتوانای بونیادنانی هاوپەیمانێتی لەجیهاندا بدات، ئەویش بەوەی ببێتە مۆدێلێکی نێودەوڵەتی بۆ حکومڕانی باش، دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵیەکی سنووردار.



## تاریق هاشمی

### جێگری سەرۆک کۆماری عیراقی فیدراڵ بۆ گوڵان:

# هەموو چاوەڕێی ئەوە بووین عێراقی نوێ بەلۆژیک و لەسەر بناخەی سیستمێکی دیموکراتی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام دوای هەشت ساڵ وەک دەبینین بەرەو مەرکەزیەت و تاکرەوی دەچێتەوە



بارودۆخی سیاسی ئێستای عێراق بە قۆناخێکدا تێدەپەڕێت هیچ کەسێك حەسوودی پێ نابات، هاوکات لەم بارودۆخە خراپەشدا هێزەکانی ئەمریکا عێراق بەجێدەهێڵن و، کە تیایدا عێراق بە کۆمەڵێك کێشەی حکومی و سیاسی و هەروەها کۆمەڵێك کێشە لەنێوان هەولێر و بەغدا دەمێنێتەوە، حکومەتی عێراق لەسەر ئاستی کاروبارەکانی حکومەت و دابین کردنی خزمەتگوزارییەکان لەوپەڕی خراپیدایەو هەتا ئێستا نەیتوانیوە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان دابین بکات، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی ئەوە وەك دەبینین پرۆسەی سیاسیی کەوتۆتە حاڵەتێکی ئەوتۆوە کە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت، لەسەر ئاستی پابەند بوون بە دەستوور و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دامەزراندنەوەی عێراق لەسەر بنەمای دیموکراتی و فیدرالی، ئەوا وەك دەبینین حکومەتی بەغدا هەوڵ بۆ دووبارە سەنترالیزە کردنەوەی عێراق دەدات و پارێزگاکان هەوڵی دروستکردنی هەرێم و لامەرکەزیەت دەدەن، لەسەر ئاستی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، کە پێویستە لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن، وەك دەبینن هەموو هەوڵێك بۆ ئەوەیە دەستوورەکە پشت گوێ بخرێت، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم مەسەلانەی ئایندەی عێراقی پێوە بەندە، ئەم پرسانەمان رووبەڕووی بەرێز تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق کردەوەو بەرێزی بەسوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

**گوڵان:** هەڵوێستی بەڕێزتان سەبارەت بە باری ئێستای عێراق چییە و، چۆن لە عێراق دەڕوانیت لە دوای پاشەکشێی کارییەکەی ئەمریکاوە؟

**تاریق هاشمی:** هەڵوێستم بۆ باری ئێستای عێراق ئەوەیە بڵێم نارازیم، گەرچی بەشێوەیەکی گشتی لەوانەیە بارودۆخەکە لە هەرێمی کوردستان لەچاو بەشەکانی تری عێراق باشتر بێت، من بەشێوەیەکی گشتی دەدوێم، بەو هەموو سامان و دەرفەتە ڕاستەقینانەوە لە توانادا هەبوو کارو دەسکەوتی باشتر لە عێراقدا وەدیبهاتایە، بەڵام وەدی نەهاتنی بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شپرێوی و نارێکییەکی گەورە لە بارودۆخی گشتی و سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتدا هەیە.

ڕاشکاوانە دەیڵێم، ڕێکەوتننامەکەی هەولێرو دەستپێشخەرییەکەی ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەخساندن و فەراهەم کردنی دەرفەتێکی زێڕینی مێژوویی بوو بۆ گواستنەوەی عێراق لەم حاڵەتەی ئێستایەوە بەرەو باروگوزەرانێکی باشترو گونجاو، بەڵام ئەو دەسپێشخەرییەو ڕێکەوتننامەکانی کە بەهۆیەوە لێی کەوتبوونەوە لەباربران، دواتر پاش ئەوەی ئەزموونێکمان وەرگرت لە توانستی کەسانێك کە هەوڵ دەدەن بۆ لەکارخستن و دواخستن، هیواخوازبووم هاوپەیمانی کوردستانی وەك دەستپێك ببوایەتە دەزگایەکی بەدواداچوون و چاودێریکردن و وەك ڕوانگەیەك وابوایە بۆ جێبەجێ کردنی هەموو بڕگەوخاڵەکانی ڕێکەوتننامەکان، نەك تەنیا ڕۆڵی لە دامەزراندنی سێ سەرۆکایەتییەکە گیرخواردوو بێت و لەملاشەوە ئەو بابەت و مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازانەی کە پەیوەندی بە خاڵەکانی ڕێکەوتنەکانەوە هەیە پشت گوێ بخرێن، عێراق دەرفەتێکی زێڕینی دۆڕاند، مەگەر ئەلتەرناتیف بۆ ئەو

**ڕێکەوتننامەکەی هەولێرو دەستپێشخەرییەکەی ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی زێڕینی مێژوویی بوو بۆ گواستنەوەی عێراق لەم حاڵەتەی ئێستایەوە بەرەو باروگوزەرانێکی باشتر**

## تاریق هاشمی لەچەند دێڕێکدا

- **تاریق ئەحمەد بەکر هاشمی لەساڵی ١٩٤٢ لە شاری بەغدا لەدایك بووە لە بنەماڵەیەکی دێرینی حکومڕانی عێراقی بووە، کە لەسەردەمی پاشایەتی پۆستی باڵایان لە حکومەتی عێراق هەبووە، وەك یاسین هاشمی کە چەند جارێك هەتا ساڵی ١٩٣٦ سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە، هەروەها تەها هاشمی کە لەساڵی ١٩٤١ وەزیری بەرگری عێراق بووە.**
- **لەساڵی ١٩٥٩ چۆتە کۆلێژی سەربازی**
- **لەساڵی ١٩٦٢- ١٩٧٥ لە سوپای عێراق خزمەتی کردووە.**
- **لەساڵی ١٩٧٨ ماستەری لە زانستی ئابوری لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.**
- **لە ساڵی ١٩٩١ بەڕێوەبەری گشتی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بووە لە کۆمپانیای دەریاوانی عەرەبی یەکگرتوو لەدەوڵەتی کوەیت.**
- **یەکێکە بوو لە ئەندامە دیارەکانی حزبی ئیسلامی عێراقی و لەساڵی ٢٠٠٤ ئەمینداری گشتی حزبی ئیسلامی بووە هەتا ساڵی ٢٠٠٩.**
- **ماوەی دوو خولی پەرلەمانییە جێگری سەرۆك کۆماری عێراقە.**

دەرفەتە (گەر لە ئاسۆشدا مابێتەوە؛) ڕەنگە گرێدانی کۆنگرەیەکی بەرفراوانی نیشتمانی بێت.

لە لایەکی ترەوە خۆشحاڵی خۆم دەردەبڕم بۆ ئەوەی کە وا عێراق، بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە تەواوی سەروەریتی خۆی وەدەست دێنێتەوە، گەرچی بەو کشانەوەیەش کۆمەڵێك قورسایی و زەحمەتی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقییەوە، بۆیە پێویستە بە خێرایی بجوڵێین و بە ئاراستەی ئامانج و لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکدا کە مونتەدای سیاسی بزاڤی نوێبوونەوە لە ژێرناوی (دەستپێشخەری نیشتمانی بۆ ڕاستەڕێ خستنەوەی عێراق لە پاش کشانەوە) ڕایگەیاندووە، بۆ ئەم دەسپێشخەرییەش ڕەزامەندی سەرۆك کۆمارو هەردوو جێگرەکەی لەسەر وەرگیراوە، ئەوانیش بەو بۆنەیەوە هەمان بیروکەو ڕوانگەیان هەبووە، بۆیە پرۆژەکە بە تێکڕایی پەسەند کراوە.

**گوڵان:** حکومەتی عێراقی دوای ئەوەی نۆ مانگ لە دامەزراندنیدا دوا کەوتبوو، لە چوارچێوەی دەسپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مسعود بارزانی دامەزرێنرا؛ ساڵێکیشی خایاند تا دامەزرا، تا ئێستاش لەگەڵدا بێت پەیکەربەندی گشتی حکومەت تەواو نەکراوە، بەرای بەرێزتان فاکتەر و بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە چی بوون؟

**تاریق هاشمی:** باشترەو ئەوەی پێویستیشە وەڵامی ئەم پرسیارەتان بداتەوە سەرۆك وەزیران خۆی بێت، چونکە ئەوە خۆیەتی کە هەموو کاندیدکراوەکان بۆ پۆستی وەزیری بەرگریی ڕەت دەکاتەوە؛ لە کاتێکدا ئەو پۆستە مافێکی نیشتمانییانەی لیستی ئەلعیراقیە، هەر ئەویشە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژیەکانی

**عێراق دەرفەتێکی زێڕینی دۆڕاند. مەگەر ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەو دەرفەتە (گەر لە ئاسۆشدا مابێتەوە) گرێدانی کۆنگرەیەکی بەرفراوانی نیشتمانی بێت**

شکست پێ هێناوە، وێڕای ئەو بایەخە زیندووەی کە ئەو ئەنجومەنە هەیەتی و حاڵی حازر عێراق پێویستی پێیەتی، بەو بۆنەیەوە ئەو خاڵە واتا ئەنجومەنی باڵی سیاسەتە ستراتیژییەکان یەکێك بوو لە خاڵە پڕ مشتومڕو گرنگەکانی کە لە دەسپێشخەرییەکەی بەرێز سەرۆکی هەرێم کاك (مسعودبارزانی)یەوە دروست بوو.

چیترهەنجەت و بەهانە دۆزینەوەکان بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو کاندیدکراوەکان لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە قەناعەت بە کەس ناهێنێت، ڕەنگە چەند پاڵنەرێك لە پشتەوەی



ڕەتکردنەوەکانەوە هەبن کە پێویستە سەرۆك وەزیران شەفافانە بیاندرکێنێت، چونکە مافێکی ڕەوای ڕای گشتییە کە هەموو هەقیقەتەکانیانی بۆ بخرێتە پێش چاو..

**گوڵان:** حکومەتی عیراقی بووەتە بەشێك لە پرۆسەی سیاسی، لە کاتێکدا ئەرکی ئەوەی لەئەستۆیە چارەسەری تەنگژەی ئاڵۆزکاوی سیاسی بکات نەك زیاتر بیئاڵۆزکێنێ و دژوارتری بکات، هەتا کەی گرفتە سیاسییەکان بەبێ چارەسەر دەمێننەوە، بۆچی هەڵوێستێکی یەکگرتوو بۆ چارەسەری بەربەستەکان بوونی نییە؟.

**تاریق هاشمی:** نازانم چۆن دەکرێت گرفتە هەڵپەسێردراوو گیرخواردووەکان چارەسەربکرێن لە کاتێکدا تاقەجەمسەرێك هۆکاری ناکۆکی هەموو جەمسەرەکانی تر بێت و نەیەوێت بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێت، بەڵکو بۆ ئەو چارەسەرییانەی ئەوانی تر دایدەنێن، گوێشی شل نەکات، کەچی لەبری گوێڕاگرتن کار بۆ شێواندنی نییەت و مەبەستەکانی ئەوانی تر دەکات، هەروەها بە هەر ڕێگەیەك کە لە توانایدا بێت هەوڵدەدات بۆ تەنگ پێهەڵچنینیان، ڕەنگە ئومێد بۆ چارەسەرکردنێك هەبێت، بەڵام پێویستی بە نیەتێکی ڕاستگۆیانەو ئیرادەیەکی ڕاستەقینەیە، بە داخەوە کە ئێستا ئەو نییەتە وەدەست ناخرێت..

ئەوەمان دەبیست کە بازرگانەکانی شەڕ، گرووپگەلێکن لە خەڵکانێك کە بە ڕشتنی خوێنی کەسانی تر سوودمەندو دەوڵەمەند دەبن، ئەمڕۆ لە عیراقدا بازرگانی تەنگژەکانمان هەن، گرووپگەلێکن لەو سیاسەتمەدارانەی کە سوودمەندن لە دروستبوونی فەوزاو پشێوی و ناکۆکی سیاسی وخراپ بەکارهێنانی بەڕێوەبردن و کارگێڕی و هەبوونی گەندەڵیی، دروست بوونی ئەم قەیرانانە بۆ ئەوان دەرفەتێکە هەرگیز قەرەبوو نابێتەوە، ئەوانە لە بازرگانانی تەنگژەو قەیران زیاتر؛ چ شتێکی تر نین.

کەواتە نامۆ نەبێت بەلامانەوە کە لەجیاتی ئەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانی حکومەت بە شێوازێکی بەدامودەزگایی کراویی و بە میتۆدەوە تەنگژەکانی ئێستا چارەسەر بکەن، کەچی لە شوێنی خۆیان گێرە دەکەن و لە تەنگژەیەکەوە دەچنە سەر تەنگژەیەکی تر..

**گوڵان:** چۆن مامەڵە دەکرێت لەگەڵ دیاردەی تەشەنەسەندنی گەندەڵیتی لەناو وڵاتدا، بە تایبەتی لە عیراقدا کە لەهەناردەکردنی نەوتدا بە گرنگترین وڵاتی دنیا دەژمێردرێت؟

**تاریق هاشمی:** ساڵی ٢٠٠٧ سەرۆك وەزیرانی عیراقی ڕایگەیاند کە ساڵی ٢٠٠٨ بە ساڵی ڕزگاربوون لە گەندەڵی دادەنرێت، بەڵام ئەوەی دوای ئەو ڕاگەیاندنە ڕوویدا بارەکەی ئاڵۆزتر بوو، بەڵگەش لەسەر ئاڵۆزبوونی زیاتری بارودۆخ، ئەو ڕاپۆرتانەی دەزگای نەزاهەو ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنییە بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بە شەفافیەت لەناو هەموو وڵاتانی دنیادا عیراقیان بە ژمارە ١٧٧ پۆلبەندی کردووە..!

بەم شێوەیە عیراق لە نەهێشتنی گەندەڵیدا بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، بەڵگەش لەسەر ئەم گەڕانەوەیەی عیراق بەرەو پاشەوە، ئەو تەنگ پێهەڵچنینەیە کە بە دەزگای نەزاهە دەگیرێت بەتایبەتیش بەرانبەر لیژنەکانی لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی دەزگای ناوبراو، کە بەهۆیەوە دادوەرێکی پیشەگەرو خاوێن و ڕاستگۆو سەرکەوتووی وەك ڕەحیم عگێلی ناچار دەبێت دەست لەکار بکشێنێتەوە، دوای ئەوەی ئەم دادوەرە بە جەربەزەییەوە سنوورە سوورەکان دەستنیشان دەکات کە بەهۆی ئەو دەست نیشان کردنەوە، زۆر لە سەرانی سیاسی گەورە دەکەوتنە ناو بازنەی تۆمەتبارکردنەوە.

هەندێك کەس لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ من هاوڕا نین، ڕۆژ تا ئێوارە لە بانگەشەی ئەوەدان کە گوایە لەم دۆسیەیەدا پێشکەوتنێکی بەرچاو وەدیهاتووە، منیش داوای بەڵگەی سەلمێنراویان لێ دەکەم، ئایا زۆرتربوونی ژمارەو ڕێژەی خەڵکانێك لە عیراقدا کە دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە وەك لەم دواییانەدا ڕاپۆرتە نێو دەوڵەتییەکان ئاماژە بە زیادبوونێکی بەرچاو لەم بارەیەوە دەکەن کەلە.٪٢٣ وە بەرزبووەتەوە بۆ ٪٣٤.، ئاخۆ ئەمەیە بەڵگەی پێشکەوتن لە پرۆسەی نەهێشتنی گەندەڵێتی؟؟!!

یان ئاخۆ ئەو ڕیسوابوونانەی هاوپێچ کرابوون لەگەڵ گرێبەستە وەهمییەکانی ئەم دواییەی وەزارەتی کارەبا، بەڵگەن لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی؟!!

ـــ ئایا یەکێك لەوکەسایەتیانەی کە لە پۆستێکی باڵای دەوڵەتدایە، دەسگیرکراوەو خراوەتە بەردەم دادگا؟!

**پێش چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ئەندامێکی هاوپەیمانی نیشتمانی شتێکی سەیری درکاند و وتی: پۆستە باڵاکانی ناو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ لە کڕین و فرۆشتنێکی ئاشکراداان و بۆرسەیان بۆ کراوەتەوە**

ـــ ئایـــا ئـــەوەی دزی دەكات تەنیـــا فەرمانبەرانی گچگەن؟! گەورەكانیش هەر هەموویان كەسانی داوێن خاوێن و چاكن؟!

ـ قەد بیستوتانە بێتاوانێك بەبێ بەرتیلدان ئازادكرابێت؟!

ـ ئەی ئێوە گوێبیســـتی ئەوە نەبوون كە پێش چەند ڕۆژێـــك لەمەوبەر ئەندامێكی هاوپەیمانی نیشـــتمانی شـــتێكی سەیری دركاند، ئـــەوەش بێگومـــان دوای ئەوەی تەماشـــای چەندین بەڵگەی سەلمێنراوی حاشـــا هەڵنەگری كردبوو، دواتر وتی كە پۆســـتە باڵاكانی ناو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ لە كڕین و فرۆشـــتنێكی ئاشكرادان و بۆرســـەیان بۆ كراوەتەوە، بەپێی بارودۆخ و تەفاعولكردنیـــان لەگـــەڵ خواســـت و خســـتنەڕوودا نرخەكان بەرزو نزم دەبنەوە؟! كەواتـــە گەندەڵێتی بۆ ســـاڵانێكی دوورو درێژی داهاتووش هەر گەورەترین كۆســـپ دەبێت لەبەردەم ســـەقامگیربوونی عیراق و پەرەپێدان و ئاوەدانكردنەوەیدا.

**گوڵان:** بەپێـــی ڕاپۆرتێكـــی جیهانی كە چەند ڕۆژێك لەمەوبـــەر دەرچوێنراوە، ڤیێنا بە جوانترین و باشـــترین شاری دنیاو بەغـــداش بە دزێوترین و خراپترین شـــار لە جیهاندا ئەژماركراوە، هەتا كەی حكومەتی عیراقی هەنجەتـــان دەدۆزێتەوەو پەنا ناباتە وەبەر چارەسەری ڕیشەهێن، ڕێگەچارەكانی سەرلەنوێی هەستانەوەی وڵات كامانەن؟

**تاریق هاشـــمی:** لە هـــەر ڕۆژەو عیراق شـــەپازللەیەكی نوێی تێ دەســـرەوێنرێت، ڕاپۆرتەكانـــی كە ســـەبارەت بـــەم وڵاتە بڵاودەكرێنەوە لە هەموو بوارەكانەوە ئارەقەی شـــەرمەزارییان لێ دەچۆڕێـــت، خۆزگە نەتەوەكەم دركیان بەمە دەكردن و هۆشـــیار دەبوونەوە، لەبیرمە كە ئەو پۆلبەندییە لەسەر بنەڕەتی پێداچوونەوەی هەموو شـــێوەكانی چالاكی سیاســـی و ئەمنـــی و بژێوی و ئابـــووری و خزمەتگـــوزاری و پێوەندییە گشـــتییەكان دانـــراوە، هەروەها لەســـەر بناغـــەی تێڕوانینی خەڵكە بـــۆ ئایندە،

**خۆگێلكردنێك لە لایەنی دەسەڵاتی ناوەندییەوە هەیە. هەروەها لە بوونەوەی نامەركەزیی لە بەرژەوەندی مەركەزییەتی ڕەهادا شكاوەتەوە**

**نازانم چۆن دەكرێت گرفتە هەڵپەسێردراوو گیرخواردووەكان چارەسەربكرێن لە كاتێكدا تاقەچەمسەرێك هۆكاری ناكۆكی هەموو چەمسەرەكانی تر بێت و نایەوێت بە دوای چارەسەرێكدا بگەڕێت**

دەرئەنجام پایتەختە خۆشەویســـتەكەمان لە پۆلبەندییەكەدا خراوەتە خانەی ٢٢١ ؟!!

گرفتەكە لە ئەداو توانســـتی ئەمانەی بەغـــدا تێپەڕیـــوە، تەنانەت لە بەربەســـتە كۆنكرێتییـــەكان و نەبوونـــی وزەی كارەباو خراپی كەرەسەكانی بەشەخۆراكی بایەعی و تەشەنەســـەندنی بەرتیـــل و ناهەمواری بوارەكانـــی تەندروســـتی و خوێنـــدن و بڵاوبوونەوەی هـــەژاری و ڕاكردنی مناڵان لە خوێنـــدن ..تاد. زیاتریشـــە، ئەوەش بە هۆی غیابی دادپەروەری و تەكریس كردن و بەسیاسی كردنی خێڵایەتی، بە بێ گوێدانە ئەوەی هاووڵاتی و كەسی شیاو لە شوێنی گونجاو دابنرێت، بۆیە ئێستا ئەوەی پێویست بێت زۆر زیاترە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ســـنووردارو پچڕ پچڕ، بەڵكو پێویستە ڕوو بكرێتـــە چەندین ڕیفۆرمی ڕیشـــەهێن بۆ هەموو بوارەكانی ژیان، بەو شـــێوەیەی كە لە چوارچێـــوەی كۆنگرەیەكی بەرفراوانی نیشتمانی كە ئامانج لە سازدانی چاكسازیی واقیعی ئێستا بێت ڕێككەوتن بكرێت..

**گـــوڵان:** ئایا ســـەرۆكایەتی كۆمار لە توانست و ئەدای حكومەتی ناوەندی ڕازییە، بوارو لایەنە لاوازەكان و چارە بۆدۆزینەوەكان كامانەن ؟

**تاریق هاشـــمی:** بەگشتی نەخێر، وێڕای ئەوەی هەر یەك لە ڕێزدار سەرۆك كۆمارو بەڕێز دكتـــۆر خزەیر خوزاعی ڕاوبۆچوونی تایبەتییان هەیە، بەڵام ئەوەی كۆماندەكاتەوە حاڵەتی نیگەرانبوونمانە لە باری ئێســـتا، بۆیە پێویســـتە لـــە نزیكتریـــن دەرفەتدا ئاڕاستەیەك وەربگرین، بە تێكڕایی كۆكین لەســـەر زەرورەتی بەســـتنی كۆنگرەیەكی نیشتمانی بەرفراوان.

**گوڵان:** ئێوە لەو بڕوایەدان كە دادوەری وەك هەندێكیش پێیان وایە بە سیاسی كرابێت لە عیراقدا، ئێوە تا چەند ڕازین لەسەر شێوازی مامەڵەكردنی زیندانییەكان؟

**گـــوڵان:** هەندێك پێشـــكەوتن لـــە داد و قـــەزا وەدیهاتووە، بەڵام تا ئێســـتا لە پێوەرە نێودەوڵەتییەكانـــی كـــە تایبەتمەنـــدن بـــە مافەكانی مـــرۆڤ دوورین، زۆر لە ڕەفتارو ئەركەكانی هـــەردوو وەزارەتـــی بەرگری و ناوخۆ پێچەوانەی بڕگەكانی دەســـتوورو ئەو ڕێســـاو یاســـایانەن كە دانراون، عیراقیەكان گەیشتونەتە ئەو ئاستەی لە هێزە چەكدارەكان بترســـێن و متمانەیان پێ نەكـــەن، بڕوانە لە ڕێژەی ئەوانەی لە زیندانەكانەوە ئازاد دەكرێن لە كـــۆی ئەوانەی كە گومانلێكراون، لەوێدا دەگەیتە ئەو ئەنجامەی كە هەر هاووڵاتییەك لە ئێستادا موعەڕەزە بۆ گرتن و بێبەش بوونی لە ئازادی، تەنیا بەهـــۆی گومانێكەوە یان بەهۆی ڕاپۆرتێكی تۆمەت بۆهەڵبەستراوەوە یان بەهۆی هاندانێكی گەندەڵكارییەوە.

لەلایەكـــی دیكەشـــەوە، چەندیـــن جار ســـەبارەت بەوانەی دەستبەسەرو موحتەجەزن قســـەم لەگـــەڵ ئەنجومەنـــی قەزائـــی و حكومەتـــدا كـــردووە و ئەوانـــەی چەندین ساڵ بەســـەر گرتنیان تێپەڕبووەو بە تەواوی تاوانیان لەســـەر ســـاغ نەبۆتەوە، ئەمەش بە پێچەوانەی دەســـتوورو یاســـایە كە هێشتا نەخراونەتـــە بەر دەم دادگا یان بەرنەدرابێتن،

**پێوەندی نێوان هەرێم و ناوەندو لەلایەك و پێوەندی نێوان ناوەندو پارێزگاكانیش بەو شێوە كامڵ و پتەوە نییە كە پێویستە ببێت**

ڕەنگە ئاگاداربیت كە چی لە ناو زیندانەكان ڕوودەدەن، گومانلێكـــراو هەن تەنیا بەهۆی بوونی تۆمەتێكەوە دەگیرێن و لێكۆڵینەوەیان لەگـــەڵ ئەنجام دەدرێت، بـــێ تاوانییەكەی ئیســـپات دەكرێت كەچی هەر ئازاد ناكرێت و، بە ڕاشـــكاوی پێی دەوترێـــت لە زیندان چاوەڕێ بە بەشكم بزانین ئاخۆ تۆمەتێكی دیكەت ئاڕاستە ناكرێت، بەو شێوەیە...

بنكەكانی دەستبەسەراگرتن و زیندانەكان لێـــواو لێـــون لـــە خەڵكانێك، بـــێ ئەوەی بینایەكان سازو ئامادەكرابێتن تا ببنە پەناگە بۆ چاككردن و ڕاســـتكردنەوەی لارییەكان، هەندێك كات هەواڵی ســـامناكم پێ دەگات لەســـەر پیادەكردنی ئەشـــكەنجەدان و لێدان و جنێودانی بازاڕیانەو بـــەزاری خێڵایەتی بێزراوو..تاد



**گوڵان:** سالآنێکە لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چەندین دۆسیێ و تەوەری هەڵواسراو ماوەتەوە، لایەن و هێزە سیاسییەکان ڕازین و پێیان باشە بە پێی دەستوور ئەو دۆسێیە هەڵواسراوانە یەکلایی بکرێنەوە، بەڵام لەسەر زەمینەی واقیع هیچ جێبەجێکردنێك بوونی نییە، بەڵکە حکومەتی ناوەندی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەیەتی بە شێوازو ڕێگەی جۆراو جۆر درێژدەکاتەوەو کات بە فیرۆ دەدات، بەڕێزت چۆن لەچارەی ئەو کێشانە دەڕوانیت، کە چەندین دانیشتنیان بۆ تەرخان کراون و جۆرەها لیژنەشیان بۆ پێکهێنراون؟

**تاریق هاشمی:** لەچوارچێوەی دەسپێشخەرییەکەی برای بەڕێزمان سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك ڕێکەوتنی پڕبایەخ و گرنگ دروست بوون کە زۆربەیان تایبەتن بەو دۆسێیانەی بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو بەچەقبەستووی و هەڵواسراوی هێڵراونەتەوەو پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانەوەیەو هەندێك لایەن خۆیان لە گێلی داوە یان بێدەنگییان لە بەرانبەر چارەسەرکردنیان هەڵبژاردووە، چونکە دواجار کوتلە سیاسییەکان تەنیا بەوە خۆیان ڕازی کردو قەناعەتیان بە خۆیان هێنا کە گوایە لە دامەزراندنی سێ سەرۆکایەتییەکە سەرکەوتن و ئیتر ئەوە مەبەستەکە بووەو بەس، لە کاتێکدا پێویست بوو ئەو دەسپێشخەرییە بەرهەمەکەی پێ بگەییبایە، ئەویش بە دانانی دەزگای پێداچوونەوەو لێپرسینەوەو ئاڕاستەکردنی هەموو ڕێکەوتننامەکانی لەو دەسپێشخەرییەوە هەڵقوڵا بوون، کاتێك ئەوەش نەکرا پێویست وا بوو لەسەرخاوەنی دەسپێشخەرییەکە کە ئەویش هاوپەیمانی کوردستانییە لە هەموو بۆنەو کاتەکاندا ڕەخنەی زیاتر بگرتایەو سکاڵای بکردایە. ئێستا ناچارین پەنا بۆ چارەسەرێك ببەین ئەویش سەرخستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بەرفراوانە..

**گوڵان:** هەرێمی کوردستان پەرەسەندێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوەو لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانیدا بووەتە دەروازەیەکی پڕبایەخ بۆ هەموو عیراق، وێڕای ئەوەی دەسکەوت و پارەی نەوت دەگەڕێنەوە بۆ ناوەندو نایەتە هەرێمەکەوە، بەڵام حکومەتی ناوەندی هەردەم لەسەر پێیە بۆ گوشارهێنان و دروستکردنی گرفت و کۆسپ لە ڕێی کاروبارەکانی هەرێمدا، هۆکارەکانی پشت ئەم کۆسپ دروستکردنانە چین و چارەسەرەکان چین؟

**تاریق هاشمی:** لە لایەکەوە پێوەندی نێوان هەرێم و ناوەندو لەلایەکی تریشەوە بەهەمان شێوە پێوەندی نێوان ناوەندو پارێزگاکان بەو شێوە کامڵ و پتەوە نییە کە پێویستە ببێت، تەنانەت پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر ئاسایی و سروشتیش نییە، بەڵکو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە نێوانیاندا بارگرژییەك هەیە، ئەمە یەکێکە لەو دۆسێیە گرنگانەی کە پێویستی زۆری بە پێداچوونەوەو ڕێککەوتنی نیشتمانی هەیە، ڕەنگە کۆنگرە نیشتمانییە بەرفراوانەکەی کە دەبەسترێت ئەو شوێنە گونجاوە بێت بۆ تاوتوێکردنی ئەو دۆسێیانە..

ناشارمەوە کە خۆگێلکردنێك لە لایەنی دەسەڵاتی ناوەندییەوە هەیە، هەروەها لار بوونەوەی نامەرکەزیی لە بەرژوەندی مەرکەزییەتی ڕەهادا شکاوەتەوە، ئەوەی پێویستمانە چاوخشاندنەوەیە بە مادده دەستوورییەکانی پێوەندییان بەم مەسەلانەوەیە، تا بە شێوازێك دابڕێژرێنەوە هەرچی ناتێگەیشتن و ئەگەری چەندوچوون و ڕاڤەی هەمە چەشنە نەیهێڵێت، دانان و دارشتنەوەی یاسای نەوت و غاز زۆرترین مشتومڕو موجادەلەو شەنگەبێژی لەسەر دروست بووە، بە ئەکیدی ئەو یاسایە یەکێکە لەو کلیلە سەرەکییانەی بەرپرسیارێتی و ئەرکی هەر لایەك بە ڕێك

**بە بۆنەی ئەم چاوپێکەوتنەوە دەرفەت دەقۆزمەوە تا پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان بکەم لە بەرانبەر هەنگاوەکانیان بۆ ئەو پێشکەوتنەی لە بوارەکانی پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان داویانە**

و پێکی دیاری دەکات، هاوکات بە بۆنەی ئەم چاوپێکەوتنـــەوە دەرفەت دەقۆزمەوە تا پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردســـتان بکەم لە بەرانبەر هەنگاوەکانیان بۆ ئەو پێشکەوتنەی لە بوارەکانـــی پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییـــەکان داویانەو بە هیوام پڕ بەرەکەتر و زیاتریشی بکەن چونکە شایەنی لەوە زیاترن..

**گوڵان:** گرفتەکانی پارێزگای کەرکوك و ناوچە کێشـــە لەســـەرەکان هەستەوەرن، بۆیە لەدەســـتووری عیراقدا چارەســـەری گونجاویان بۆ دانراون، بۆچی ئەو دۆسێیە هەســـتەوەرە یەکلایی ناکرێتـــەوەو ئامانج چییە لە دواخســـتنی، ئاخـــۆ ململانێ و ناکۆکییەکانی لەســـەر ئەم ناوچانە، عیراق بەرەو کوێ پەلکێش دەکەن؟

**تاریق هاشمی:** بەپێی ڕوانینی بەرژەوەندی نیشـــتمانی و بەڵکە بە پێـــی بەرژەوەندی برایانی کوردیـــش، پێویســـتە ڕێککەوتن لەسەر چارەسەری ئەو مەسەلە هەستەوەرانە بکرێـــت بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی کە لە پێوەندیدان بەم مەسەلەیەوە ڕازی بکرێن، بە تەنیا دەســـتوور بەس نییە، بەڵگەش بۆ ئەمە مانەوەی ئەو دۆســـێیانەیە بۆ ماوەی هەشـــت ســـاڵی ڕەبەق بە هەڵواسراوەیی، ئەوەی پێویستمانە هەڵمەتی ڕێکخستنەوەی پێوەندییـــە گشـــتییەکانە تـــا بارودۆخی کەرکوك تەتبیع بکرێتەوەو متمانە لە نێوان لایەنەکاندا بچێنرێت، ئەوەش وەك سەرەتایەك بۆ دیالۆگێکی ئامانجدارو بونیادنەربێت تا

> **ئایا ئەو ڕیسوابوونانەی هاوپێچ کرابوون لەگەڵ گرێبەستە وەهمییەکانی ئەم دواییەی وەزارەتی کارەبا، بەڵگەن لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی؟!!**

لە لایـــەن هەموانەوە هەوڵـــی پێکهێنانی ڕەچەتەیەکی سیاسیانەی قبوڵکراو بدەن، بە شێوازێك کە هەموان هەست بە بەرژەوەندی هاوبەش و یەك خێزانیی بکەن..

مخابـــن کە دەڵێـــم ئـــەو هەوڵانەی تا ئێســـتا دراون لە ناو دەریای هەشت ساڵی پێشوودا کافی نەبوون، بۆیە نەبوونەتە هۆی ڕسکانی لە یەکترتێگەیشتن و دۆزینەوەی میکانیزمێك کە هەموو جەمســـەرەکان پێی ڕازی بن، کە تا ئێستاش ئەو لایەنانە لێکتر پەرش و بـــڵاوو جیاواز و مەتەرێزگرتون لە بەرانبەر یەکتر. کەسوکارمان لە کەرکوك بە جیاوازی لایەنگیری و خۆبەســـتنەوەیان بە فرەئەتنیی و ئایینەکانی کە پێوەی ناسراون، تەنیا خۆیانن کە پێویســـتە سەرپشك بکرێن لەســـەر دیاریکردنی داهاتـــووی کەرکوك، ئەوەش بە پێی ئەنجامدانی ڕاپرسی ئازادو خاوێن کە لە بارودۆخێکی سروشـــتییانەدا ئەنجام بدرێت بە داخەوە ئێستا ئەو بارودۆخە هێشتا فەراهەم نەبووە.

**گـــوڵان:** داخوازینامـــەی هەندێـــك لە پارێزگاکانی ناوەنـــدو باکووری عیراق بۆ دامەزراندنی هەرێمـــی تایبەت بە خۆیان بووەتە بیرو ئایدیایـــەك، ئەوەش بە هۆی خراپـــی ئـــەداو توانســـتی حکومەتی ناوەندە لەگەڵ ئەو پارێزگانەدا، دیارە کە دەســـتوور ئەو مافەی پێ بەخشـــیون، کەواتە بۆچی حکومـــەت لـــە دژیـــان دەوەستێتەوە؟

> **ئەمڕۆ لە عیراقدا بازرگانی تەنگژەکان هەن، گرووپگەلێکن لەو سیاسەتمەدارانەی کە سوودمەندن لە دروستبوونی فەوزاو پشێوی و ناکۆکی سیاسی وخراپ بەکارهێنانی بەڕێوەبردن و کارگێری**



**تاريــق هاشــمی:** هۆكارەكــە روون و ديارە، حكومەت لــە ميانەی پيادەكردنی ئــەرك و رەفتارەكانيــەوە مەيلی زياتری هەيــە بــەلای مەركەزييەتييەكی چردا، ئــەوەش بەپێچەوانەی دەســتوورەوەيە كە لە برگەكانيدا هاتووە ســەنگ و پێگەی نامەركەزييەتێكی بەرفراوان وەدی بهێنرێت و ئەركەكانــی حكومەتــی ئيتيحادی بە روونی ديارىكرێن..

**گولان:** بەرێزتان چۆن لەســەر ديارەی تۆلەســەندنەوە قســەدەكەن، هەر كەسێك مانبگرێــت و داوای ســاناترين مافــی خزمەتگوزاريی بــكات پێی دەوترێت ئەوە بەعسييە و سەدامييە؟

**تاريق هاشــمی:** بە داخــەوە هەندێك لە بەرپرســان رقيان لە رەخنەو ئۆپۆزســيۆن دەبێتــەوەو لە بەرانبــەر خۆنيشــاندان و مانگرتن پەست و نيگەران دەبن، لە كاتێكدا يەكێك لە پيادەكردنی ماددەی دەستووريی خۆنيشاندانە، بەڵكو هەندێك لە بەرپرسان بە خوێنساردييەوە تۆمەت دەخەنە پاڵ كەسانێك كە خۆنيشــان دان ئەنجام دەدەن، وەك چۆن بينيمان دەسەڵات لە ٢٥ی شوباتی رابردوو بەشێوەيەكی ناشارستانی مامەڵەی لەگەڵ بێكاران و برسييان و هەژارانی مانگرتووی گۆرەپانــی تەحرير كــرد. مخابن كە ئەوە لــە زەمەنێكــدا روو دەدات كە هەموومان دەخوازين عێراق لەســەر لۆجيك و بناغەی سيستمێكی ديموكراتی دابمەزرێتەوە كەچی بــە تێپەربوونی كات بەرەو ســتەمكاری دەچێت.

**گــولان:** توركيا يەكێكە لــە دەوڵەتانی دراوســێی عێراق و هەرێمی كوردســتان، بۆچــی حكومەتی ناوەندی پشــتگيری لە پێوەندييەكانی نێــوان توركياو هەرێمی كوردستان ناكات؟

**تاريق هاشــمی:** ئەم پرسيارەتان پێويستە ئاراســتەی حكومەتی ناوەندی بكەنەوە، هەردوو وڵاتی عێراق و توركيا لە نێوان يەكتردا چەندين بيرخەرەوەی لێكتێگەيشتنيان واژۆ

**هەر رۆژەو عێراق شەپازڵلەيەكی نوێی تێ دەسرەوێنرێت، راپۆرتەكانی كە سەبارەت بەم وڵاتە بڵاودەكرێنەوە ئارەقەی شەرمەزارييان لێ دەچۆرێت**

**كەسوكارمان لە كەركوك بە جياوازی لايەنگيری و خۆبەستنەوەيان بە فرەئەتنيی و ئايينەكانەوە. تەنيا خۆيان كە پێويستە سەرپشك بكرێن لەسەر ديارىكردنی داهاتووی كەركوك. ئەوەش بە پێی ئەنجامدانی راپرسی ئازادو خاوێن**

كردووەو كە قەبارەی زۆربەی بەرژەوەندييە هاوبەشــەكانی هەردوولای داپۆشــيوە، با وای دابنێيــن و وەك هەندێك پێيان وايە كە ســاردييەك لە پێوەندييەكاندا هەيە ئەوەش بەهۆی دودڵــی توركياوەيە لــە بەرانبەر ئيمزاكردنی رێكەوتننامەی ئاوو ئاودێری و رووباری نێودەوڵەتــی لەگەڵ عێراقدا، لەو دواييەدا ئەنجومەنــی وەزيران هەردوو وەزارەتــی دەرەوەو ســەرچاوە ئاوييەكانی راسپاردووە بۆ بەدواداچوونی ئەو دۆسێيەو ئوميــد دەكەم ئەنجامی باشــی هەبێت و پێوەندييەكانی نێوان هەردوولا لە داهاتووی نزيكدا بگەرێنەوە دۆخی سروشتی خۆيان، توركيا دەوڵەتێكە پێگەو قورســايی خۆی هەيە لــە ناوچەكەو جيهانيشــدا، بۆيە لە بەرژەوەندی باڵای نيشــتمانيی عێراقيدايە كە پێوەندييەكانی لەگەڵ دراوســێيەكانی ئاسايی بكاتەوە.

**گولان:** دوای هەڵپەساردنی ئەندامێتی ســووريا لە لايەن جاميعــەی عەرەبييەوە، عێراق هەڵوێســتێكی تايبەتــی هەيە لە بەرانبــەر بڕيارەكانــی جاميعەی عەرەبی سەبارەت بە بارودۆخی سووريا، پاشان دواتر چۆن چۆنــی مامەڵە لەگەڵ ســووريادا دەكات، لەو بڕوايەدايت سەپاندنی ئەو سزا ئابوورييانەی جاميعــەی عارەبی بڕياری لەســەر داون بە بەرژەوەندی گەلی سووريا بشكێتەوە؟

**تاريق هاشمی:** لەو بڕوايەدام جاميعەی عارەبی هەمــوو دەرخســتەو پرۆژەكانی خۆی كە بــۆ هاندانی رژێمی ســووريا دينابــوون خســتنيە روو، يەكەميــان بۆ دانانی ســنوورو حەدێك بۆ سەركوتنەكردن و نەكوشتنی هاووڵاتيانی سيڤيلی مەدەنی كە كۆمەڵگــەی عارەبی دوچاری هێدمە كردو دووەميشيان بۆ كۆمەڵێك چاكسازی كە پێويســت بوون رژێمەكە لــەو رووەوە بــە ئەنجاميان بگەيەنێــت، بەڵام رژێمی سووريايی وەڵامی ئەو هەل و دەرفەتانەی نەدايەوە كە خرانە پێشــی و زۆر دەرفەتی لــە دەســت خــۆی دا، لەبــری تەدويل كردنەوە(بەنێودەوڵەتــی كردنی كێشــەكە) لەســەر جاميعەی عارەبی پێويست بوو بە ئەركەكانی خۆی هەستايە.


**گولان:** ســعوديە لە ناوچەكــەدا هێزو كاريگەرييەكــی گرنگــی هەيە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت پێوەندييەكانی سعوديە لەگەڵ عێراقدا باش نييە، هۆكاری چييە، لەو بڕوايەدايت ئەو نارێكييەی نێوان عێراق و سعوديە هۆكارەكەی بۆ شەخسی سەرۆك وەزيران نووری مالیكی بگەرێتەوە؟

**تاريق هاشمی:** لەبەرژەوەندی عێراقدايە كە پێوەندييەكانی خــۆی لەگەڵ وڵاتانی عارەبــی و دەوروبەری ئاســايی بن و لە پێشــەنگی هەموانيشەوە پێوەندی لەگەڵ سعوديەدا سروشتييانە بێت، ئەوەش دەكرێت و هــەل و دەرفەت لەبارە، شەخســی خۆم دەرفەتم بۆ دروست بووە تا لەسەر بەرزترين ئاستەوە لە ســعوديە ئەم بابەتە بوروژێنم و

**حكومەت لە ميانەی پيادەكردنی ئەرك و رەفتارەكانيەوە مەيلی زياتری هەيە بەلای مەركەزييەتييەكی چردا، كە بەپێچەوانەی دەستوورەوەيە**

قســەی تێدا بكەم، ئەمە بۆ مێژوو دەيڵێم: بينيم هيواو ئومێدەكانی شەخسی خادەمی حەرەمەينی شــەريفەين لە ســعوديە بينی دەكەوێتــە ئەســتێلكی بەرژەوەندييەكانی عێراقــەوەو هيــچ زيــان و ئازارێــك بە سەرورێتی عێراق ناگەيەنێت، بەڵكو پتەوی دەكات، ئەوەش ئەرك وخواســتێكی مەحاڵ نييــە، گەر بەهۆی ئاســايی نەكردنەوەی بارودۆخەكانەوە لەگــەڵ وڵاتانی دەوروبەر بە تايبەتيــش وڵاتانــی عارەبی كەس و لايەنێك يەكەميــن زيانمەند بێت لەو رووەوە تەنيا عێراقە كە زيانی پێ دەگات، بۆيە لە لايەنی سياسەتی دەرەوەی عێراقيەوە نزيك بوونەوەی سەرلەنوێ پێويستە بەرنامەی بۆ دابرێژرێت و زۆريش گرنگە.

# سیاسەت و جیۆپۆلەتیک لەبەر ڕۆشنایی پڕۆژەی هەرێمی دیالە



فەرید ئەسەسەرد

> **پەیدابوونی هەرێمی تر لەپارێزگاکانی دیالەو سەڵاحەددین خزمەت بەئاسایشی نەتەوەییمان دەکا چونکە لەڕوی جیۆپۆلەتیکییەوە لەمپەڕێکی زەمینی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوەند دروست دەکا**

خەریکـــە لەهەرێم نیمچە متمانەیـــەك بەوە پەیدا دەبێ کەپێکهێنانی هەرێمی تر لەعیراقدا کار ناکاتە ســەر جێبەجێ کردنی مـــاددەی ١٤٠. کۆدەنگیی نوێنەرانـــی هاوپەیمانیـــی کوردســـتان و لیســـتی عیراقیەی ناو ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەســەر ڕاگەیاندنی هەرێمی دیالە، هەنگاوێکی پێشکەوتووە لەبواری بەشـــداریی کورد لەپێکهێنانی هەرێمی تر لەعیراق، پێشـــتر، نوێنەرانی کـــورد لەئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەددینیش هەڵوێستێکی نەرمیان لەم ڕووەوە نواندبوو.

پەیدابوونـــی هەرێمی تـــر لەپارێزگاکانی دیالەو ســـەڵاحەددین خزمەت بەئاسایشی نەتەوەییمان دەکا چونکـــە لـــەڕوی جیۆپۆلەتیکییـــەوە لەمپەڕێکی زەمینی لەنێوان هەرێمی کوردســـتان و ناوەند دروست دەکا. لەڕووی سیاسیشەوە چەند ژمارەی هەرێمەکان لەعیـــراق زیاد بێ، بەغدا کەم دەســـەڵاتدارتر دەبێ چونکە لـــەم ســـەروبەندەدا هەر هەرێمێك بەشـــێك لەدەسەڵاتەکانی بەغدا بۆ خۆی دەگێڕێتەوەو ئەمەش بەو سەرەنجامە دەگات کەناوەندی دیکەی ئابووری-سیاسی پەیدا ببێ کەدەتوانێ بەشێوەیەکی کاریگەرتر بەشداری لەپرۆسەی دروست کردنی بڕیاردا بکا. تاکە فاکتەری نیگەرانی، ترســـە لەئەگەری ئاڵۆزبوونی شـــێوەی جێبەجێ کردنی مـــاددەی ١٤٠ کەتایبەتە بەناوچە جێناکۆکەکان. پێویســـتە ئەوە لەبەرچاو بێ کەپەیدابوونی هەرێم لەو پارێزگایانەی کەبەشـــێکی زەوییـــان دەکەوێتە قەڵەمڕەوی ناوچـــە جێناکۆکان، بێ کاریگەری نابێ لەســـەر مـــاددەی ١٤٠ بەڵام ئەگەر بەتەرازووی زیان و قازانج مەسەلەکە کێشانە بکـــرێ، تای تـــەرازووی قازانج لەتـــای تەرازوی زیـــان قورســـترە، بەتایبەتی کەهەم مـــاددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەســـتوورییەو هەم پێکهێنانی هەرێمەکان مافێکی دەستوورییەو هەردوو مەسەلە مەرجەعەکەیان دەستورە.

لەم ســـەروبەندەدا دەبێ دوو خاڵـــی گرنگ لەم بارەیەوە لەبەرچاو بێ. یەکێکیان ئەوەیە کەپێکهێنانی هەرێمەکان ماددەی ١٤٠ لەبەر یەك هەڵناوەشێنێتەوەو بەم پێیـــە، پەیدابوون و پەیدا نەبوونـــی هەرێمەکان کاریگەریی لەســـەر بوون و نەبوونی ماددەکە نییە. خاڵەکـــەی تر ئەوەیە کەئەگەر پارێـــزگاکان هەموو مەرجە یاســـاییەکانی بەهەرێمبوونیان هەبێ، کورد ناتوانـــێ تەگەرە لەپەیدابوونیان بدا. لەدۆخێکی وادا ناڕەزایی دەربڕین هیچی لێ هەڵناوەرێ.

لەهەلومەرجێکی دیاریکـــراودا، ئەم بەهەرێمبوونە ئەگەر زۆرتر پەرەی سەندو پارێزگای تری گرتەوە، ڕەنگە کاریگەریی هەبێ لەسەر ڕۆڵی سیاسیی لایەنە پێوەندیدارەکان و دەشێ مەسەلەکە بەو ئاکامە بگات کەروخساری کێشـــەی ناوچە جێناکۆکان بگۆڕێ و لەکێشـــەی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوەندەوە ببێتە کێشەی نێوان هەرێمەکان و لەدۆخێکی وادا بەغدا لێی ڕادەبینرێ ڕۆڵی ناوبژیوان بگێڕێ نەك بڕیاردەر.

لەو ڕوانگەیەوە کەئەم داواکردنە نە دەستی حکومەتی هەرێمـــی تێدایەو نـــە حکومەتی هەرێـــم دەتوانێ ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی تێدا بگێڕێ، ڕەنگە باشـــتر وا بێ کەحکومەتی هەرێم هیچ هەڵوێستی فەرمیی لەم بارەیەوە نەبێ، بەتایبەتی کەحکومەتی مالیکی و هەندێ لەگرووپە شـــیعییەکانی وەك سەدرییەکان بەنیگەرانییەکی زۆرەوە دەڕواننە هەوڵی سوننەکان بۆ پێکهێنانی هەرێم. هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی پرۆژەی هەرێمی دیالـــە، ئەندامی ئەنجومەنـــی نوێنەرانی عیراق لەسەر لیستی سەدرییەکان حسێن کازم هەمهەم کەخەڵکی دیالەیە رایگەیاند کەئەم پرۆژەیە دەســـتی ئەمریـــکای تێدایە. بەهەمان پێودانگ ســـەرۆکی فراکســـیونی دەوڵەتی یاسا لەئەنجومەنی پارێزگای دیالە عیسام شـــاکر وتی «ئەم بڕیارە.. پارێزگاکە بەرەو دابەشبوون و لێك ترازان دەبا».

هێشتا نازانرێ چارەنووسی داواکەی دیالە بەچی دەگات. بەڵام دەبێ درك بەوە بکرێ کەهەلومەرجی دیالـــە تایبەتمەندیـــی خـــۆی هەیـــە و جیـــاوازە لەهەلومەرجـــی ئەنبـــار یان ســـەلاحەددین چونکە شـــیعەکان بەو ڕێـــژە گەورەیەی کـــە لەدیالە هەن، دەتوانن ئاســـەواری خراپ لەســـەر ڕەوشی ناوخۆی پارێزگاکە بەجێ بێڵن، وەك ئەوەی لەخاڵس و شارەبان ڕوویدا، کاتێك خۆپیشـــاندانی گـــەورە دژ بەداواکە ســـازکراو ژمارەیەك لەخێڵە دەستڕۆیشـــتووەکانیش بەشدارییان تێدا کرد. مەرجی سەرکەوتنی پرۆژەکەی دیالە ئەوەیە کە لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی گەورەتردا بەڕێوە بچێ کەســـوننەی پارێزگاکانی تر بەشداریی تێدا بکەن.

بەدەر لەهەموو ئەم ڕووداوانە، جۆش سەندنی داوای فیدرالیزم لەنیوەی دووەمی ئەمساڵ، بەڵگەی ئەوەیە کەفیدرالیزم خەریکە باق و بریق پەیدا دەکاتەوە. بەڵام بەقەد ئەوەی کەلایەنگـــری زۆرتری بۆ پەیدا بووە، ئێستا نەیاری زۆرتری هەیەو ئەمەش کێشەکە بەرەو ئاڵۆزی دەبا.

# سووریا لە ژێر فشاردایە
# ئاکامەکانی لەسەر کوردەکانی سووریا

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپنتەر*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕژێمی سووریا توانیویەتی ڕزگاری بێت لەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە پێی دەوترێت بەهاری عەرەب لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، بەڵام تاوەکو ئێستا ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە زۆر زیاترە بە بەراورد بەو وڵاتانەی کاریگەر بوون بەو پشێوییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە. دوایین ئامار ئەوەیە بەلای کەمەوە پێنج هەزار خۆپیشاندەر لەسەر دەستی هێزە ئەمنیەکانی حکومەت کوژراون.

لەکاتێکدا ئەسەدو کەسانی دەوروبەری لە هەوڵدان بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان و لەناوبردنی دوژمنەکانیان، ئەوا کوردەکان بەشێوەیەکی تایبەتی ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە.

چەند هۆکارێك هەن وایان کردووە کوردەکان لە سووریا بە شێوەیەکی نائاسایی لە دۆخێکی لاوازدابن.

یەکەم: دەسەڵاتەکانی لە سووریا، هاوشانی دەسەڵاتەکان لە ئێران، عێراق و تورکیا هەمیشە گومانیان لە دڵسۆزی کەمینەی کوردەکان هەبووە بۆ ئەو دەوڵەتەی تێیدا ژیاون. ئەمە ڕاستەوخۆ لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی ڕاست بووە، کاتێك هاوپەیمانە ئەورووپییەکان بەڵێنەکەی خۆیان شکاند بە دروستکردنی وڵاتێك بۆ کوردەکان. لەبری ئەوە، کوردەکان دابەشکران بەسەر ئەو وڵاتانەی سەر لە نوێ دروستکران کە تێیدا گرووپە ئیتنیەکان باڵادەست بوون. تاوەکو ئەمڕۆ، کوردەکان گەورەترین میللەتن لە جیهاندا کە نیشتمانێکیان نییە لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت، ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە تووڕەیی و بێئۆقرەیی دروست کردووە. دەسەڵاتە حکومڕانەکانی ئەم وڵاتانە، وەك هەڕەشەیەك لە کەمینە کوردەکانیان ڕوانیوە بەوەی هەوڵی جیابوونەوە دەدەن. بۆ ماوەی چەندین دەیەیە ئەمە دۆخەکە بووە لە سووریا، کە بە دڵنیاییەوە لەسایەی ئەو ڕژێمەشدا ڕاستە کە حاڵی حازر لە دیمەشق دەسەڵاتدارە.

هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە کەسە حکومڕانەکان بەتایبەتی بەدگومان بن لە کەمینەی کورد، ئەو ڕاستیەیە کە دەسەڵات لە سووریا درك بەوە دەکات کوردەکان لە عێراق ئەو بەشەی دانیشتووانن کە زۆرترین مەیلیان بۆ ئەمەریکا هەیە. هەمان ئەو دەسەڵاتانەش باوەڕیان وایە ئەمەریکا پەرۆشە بۆ ڕوخاندنی حکومەتی ئێستای سووریا. ڕەنگە ئەو باوەڕەش ڕاست بێت. هەرگیز ئەمەریکا بەشار ئەل ئەسەد یاخود باوکی- کە ماوەیەکی زۆر حکومڕانی کرد- بە دۆستی خۆی نەزانیوە. تەواو بە پێچەوانەوە، بەو شێوەیە لە سووریایان ڕوانیوە کە دەوڵەتێکە بۆ پشتیوانی و پاراستنی چاوی لە یەکێتی سۆڤیەت بڕیبوو لە سەردەمی شەڕی سارددا و وەك هێزێکی تێکدەرو ڕادیکاڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای شەڕی سارد سەیریان کردووە. لە ئێستادا ئۆباما بە ئاشکرا داوای دەست لە کارکێشانەوەی ئەسەد و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادی کردوە، ئەو باوەڕە گەورەتر دەبێت کە واشنتۆن سووریا دەخاتە ژێر فشارەوە بە مەبەستی ڕوخاندنی ڕژێمەکە (هەروەك ئەوەی ناتۆ لە لیبیای سەردەمی موعەممەر قەزافیدا کردی).

ئەم بەرەوپێشچوونە کەمینەی کورد لە سووریا

**کردنی کەمینەی کوردەکان بە قۆچی قوربانی و وەسفکردنیان وەك ئامرازی دەستی ئەمەریکا بە ئاسانی سەردەکێشێت بۆ کردارگەلێکی تاوانکاری نوێ**

دەخاتە دۆخێکی هەستیار و مەترسیدارەوە. زۆر ئاسانە- ئیغرایەکی زۆریشی تێدایە- حکومەتی دیمەشق ئەو بەشەی دانیشتووانەکەی بکاتە قۆچی قوربانی بۆ کێشە ڕوو لە زیادەکانی ڕژێمەکەی. ڕەنگە سوورییەکانی دیکە باوەڕ بەو پروپاگەندەیە بکەن کە ئێستا بڵاوە بەوەی کوردەکان بەشداربووی دیارن لە ڕاپەڕینەکەی دژی ڕژێم و ئەوانە بوونەتە ئامرازێکی گوێڕایەڵی دەستی ئەمەریکا. ئەم ستراتیژیەتە ستراتژیەتێکی نارەواو خۆپەرستانە دەبێت، هەروەها ڕەنگە ببێتە هۆی سەرقاڵکردنی ئەو سووریانەی نارازین لە ڕژێمە گەندەڵ و دیکتاتۆرەکەی ئەسەد. ئەمەریکا جەماوەری نییە لە سووریا، بە چەشنی ئەوەی لە زۆرێك لە وڵاتە ئیسلامیەکان نیەتی. ڕاپرسیەکانی ڕای گشتی ئەوە دەخەنەڕوو کە تێڕوانینی ئیجابی بەرامبەر ئەمەریکا لە ئاستێکی نزمدایە.

هەمیشە گومانی ئەوەیە هەیە ڕەنگە واشنتۆن فیڵە کۆنەکەی بەکار بهێنێتەوە کە بریتیە لە بەکارهێنانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی بۆ ڕوخاندنی ئەو ڕژێمانەی بە دوژمنی ئەمەریکاو بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل دادەنرێت، ئەمە گومانێکە هەمیشە بوونی هەبووە و دەکرێت ئیستیغلال بکرێت. کردنی کەمینەی کوردەکان بە قۆچی قوربانی و وەسفکردنیان وەك ئامرازی دەستی ئەمەریکا بە ئاسانی سەردەکێشێت بۆ کردارگەلێکی تاوانکاری نوێ. لە کاتێکدا حکومەتەکەی ئەسەد دووچاری زەحمەتی دەبێتەوە لە هەنگاو هەڵگرتن و بەو شێوەیە دەردەکەوێت، وەك ئەوەی بکەوێت و بڕوخێت، ئەوا بۆی هەیە کوردەکانی سووریا دووچاری دۆخێکی زۆر سەخت ببنەوە.

**دەسەڵاتەکانی لە سووریان هاوشانی دەسەڵاتەکان لە ئێران، عێراق و تورکیا هەمیشە گومانیان لە دڵسۆزی کەمینەی کوردەکان هەبووە بۆ ئەو دەوڵەتەی تێیدا ژیاون**



***توێژەری باڵایە لە ئەنستیوتی کاتۆ لە واشنتۆن دی.سی، نووسەری هەشت کتێبە لەبارەی کاروبارە نێودەوڵەتیەکانەوە و ئەندامی بۆردی گۆڤاری وەرزی مێدێرترینیانە.**



# ڕژێمی سووریا لەسەر توندوتیژی بەردەوامەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بڕیاری پێ نادرێت

حەزکردن بەوەی ڕژێمێکی وەك ڕژێمی بەشار ئەسەد بگۆڕێت و شرۆڤەکردنی چۆنییەتی ڕەگداکوتانی ڕژێمێکی لەو شێوەیە شتێکی دیکەیە، هەربۆیە کاتێك بەم ئاراستەیە سەیری گۆڕانکارییەکانی سووریا دەکەین و لەسەر وردەکارییەکانی ڕادەوەستین، هەست دەکەین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندوتیژییەکانی ڕژێمی سووریا ئاییندەی ئەو وڵاتە بەرەو قۆناخێکی خوێناوی و شەڕی ناوخۆ دەبات، ئەمە بێجگە لەوە سزا ئابوورییە نێودەوڵەتی و عەرەبییەکانیش هێندەی دیکە نەهامەتییەکانی خەڵکی سووریا زیاتر دەکات، پیشاندانی ئەم واقیعە وەك خۆی بەو مانایە نییە کە گەلی سووریا دەست لەخۆپیشاندان یان ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد هەڵبگرێت، بەڵکو کاتێك کە بارودۆخی ئێستای سووریا دەبینین کە ئەویش ڕژێمی بەعس حکومڕانی دەکات، ڕۆژانی سەردەمی سزاکانی عێراقمان بیر دێتەوە کە هەموو باجەکانی گەلانی عێراق دایان و ئەو سزا توندانەی لەماوەی ساڵانی ۱۹۹۰-۲۰۰۳ خرایە سەر ڕژێمی بەعسی عێراق نەك ڕژێمەکەی نەڕووخاند، بەڵکو هەموو جیهانی گەیاندە قەناعەت کە سزای ئابووری دروستکردنی نەوای ئازاد و هاتوچۆی شاندەکانی ئۆپۆزسیۆن لەم پایتەختەوە بۆ ئەو پایتەخت کاریگەری نابێت و تەنیا ڕێگە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگاتە ئەو قەناعەتەی بڕیارێك دەربکات و بەهێزی سەربازی ئەو جۆرە ڕژێمانە بڕووخێنێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا بارودۆخی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بوار بەوە دەدات کە بڕیارێکی لەو شێوەیە بۆ کۆتایی هێنان بەو تەنگژەیە بدرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە بارودۆخی نێودەوڵەتی پێمان دەڵێت هێشتا ڕوسیا و چین بواری ئەوە نادەن بڕیارێکی نێودەوڵەتی دەربچێت بۆ ئەوەی بتوانرێت سنوورێك بۆ توندوتیژییەکانی سووریا دابنرێت، هەربۆیە ئەمریکا ڕاشکاوانە داوای لەسەرانی وڵاتانی کۆمەکاری عەرەبی کردووە کە لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوە تەنانەت ئەگەر بکرێت سەرۆکەکانیش شاندێك پێکبهێنرێت بۆئەوەی سەردانی هەریەك لەپەکین و مۆسکۆ بکەن بۆ ئەوەی هەڵوێستیان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەمەریکا لەم لایەنەوە هەڵوێستی خۆی نەشاردۆتەوە کە ناتوانێت لەبەر کۆمەڵێك هۆکار زیاتر گوشار بخاتە سەر پەکین و مۆسکۆ یان ڕۆڵیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی فەرامۆش بکات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پەنای بۆ کۆمکاری عەرەبی بردووە، بەڵام ڕوسیا و چین لەگەڵ ئەوەی داوای ئەوەیان کردووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاوێك بۆ باری نائاسایی سووریا هەڵبگرێت، بەڵام لەلایەن فەرەنسا و ئەمریکاو بەریتانیاوە لەگەڵ ئەوەی ئەم هەنگاوەی ڕوسیا بەئیجابی لەقەڵەمدەدەن، بەڵام بەوەی ڕوسیا دان بەوەدادەنێت کە بارودۆخی سووریا لەبەر یەکهەڵوەشاوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ڕەتی دەکەنەوە کە هەنگاوەکەی ڕوسیا وەك پێویست نییە، لەلایەکی دیکەش لەسەر ئاستی هەڵوێستی

**هەتا ئێستا وڵاتانی دراوسێی سووریا هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرایان نییە و هەر یەکەیان لەبەر چەندین هۆکار هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەسووریا ئاشکرا نەکردووە**

وڵاتانی دراوسێی سووریا، هەتا ئێستا وڵاتانی دراوسێی سووریا هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرایان نییە و هەر یەکەیان لەبەر چەندین هۆکار هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەسووریا ئاشکرا نەکردووە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە بارودۆخەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئاستی ئیقلیمی لەبار نییە، هەست دەکرێت ئەم بارودۆخەی سووریا وا بەئاسانی چارەسەر نەکرێت و چەند بارودۆخەکە بەرەو خراپتریش هەنگاو هەڵبگرێت، گەلی سووریا باجەکەی دەدات.

**دامەزراوەکانی دەوڵەت بەرەو هەڵوەشانەوە دەچن**

پرۆ فیسۆر جۆشوا لاندیز بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی ئۆکلاهۆما و تایبەتمەند لەسەر سووریا، سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای سووریا پێیوایە کە ئێستا بارودۆخەکە بەتەواوەتی بەرەو لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەچێت، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی بارودۆخی ئێستای سووریا دەکات و دەڵێت: (کاتێك دەڵێن دۆخەکە بەرەو خراپتر دەچێت، بێگومان ئەوە بەتەواوەتی ڕاستە. ئەوەی ئێستا دەیبینین بریتی نییە لەناکۆکی نێوان دوو هێزی مەرکەزی، ئەوەی حاڵی حازر دەیبینین بریتییە لەداخورانی بەردەوامی دەسەڵاتی دەوڵەت، سوریا بەهۆی جیابوونەوەوە بەردەوام لاواز دەبێت و دەوڵەتیش لەئێستادا ناتوانێت خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان دابین بکات و دامەزراوەکانی دەوڵەتیش دەسەڵات لەدەست دەدەن، سووتەمەنی خۆگەرمکردنەوە و غازی چێشتلێنان بەزەحمەت دەست دەکەون و کارەباش بەبەردەوامی دەبڕێت لەناوچەکانی وەك حەلەب، واتە ماوەیەکی کەم کارەبا لەڕۆژدا هەیە، لەهەندێ شوێنیش مووچە لەکاتی خۆیدا نادرێت، کەواتە دەوڵەت بەبەردەوام بێتوانا دەبێت لەدابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، لەبەر ئەوەی داهاتی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت. ئەمەش دەسەڵاتی مەرکەزی لاواز دەکات، موعارەزەش گرنگی زیاتر دەبێت، بەڵام لەبنەڕەتدا موعارەزەیەکی ڕێکخراو نییە. کەواتە دەسەڵاتی مەرکەزی لەهەرەسهێنان و لاوازبووندایە و موعارەزەش بەهێزتر دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی مەرکەزی ڕێکنەخراوە، پلەبەندی نییە لەدەسەڵاتدا، S.N.C بانگەشەی ئەوە دەکات سوپای سوری ئازاد لەژێر فەرمانی ئەو دایە و ئەم سوپایەش باس لەوە دەکات هەموو ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی سووریای لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن ئەکتەرە مەحەلیەکان خۆیان سەربەخۆ بڕیار دەدەن. ئەمە مانای ئەوەیە ئەوەی دەیبینین بریتییە لەداخورانی پرۆسەی بڕیاردانی مەرکەزی و دامەزراوەکانی دەوڵەت لەسووریا. ترسەکەش ئەوەیە ئەمە سەربکێشێت بۆ دەوڵەتێکی فاشیل. نەك گۆڕانێکی خێرای دەسەڵات، گۆڕانی ڕژێم، لەڕژێمی ئەسەدەوە بۆ ڕژێمێکی نوێ بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی سوری. بێگومان لەم حاڵەتەدا ڕوودانی جیابوونەوە لەناو سوپا زۆر گرنگە، بەڵام کەمینەکان بەدڵسۆزی ماونەتەوە، ئەفسەرە پایەبەرزەکان بەزۆری عەلەویەکانن، کەواتە جیابوونەوە لەسەر ئاستەکانی خوارەوە ڕوودەدات، بەڵام کێشەی سەربازە سوننەکان ئەوەیە نازانن چی بکەن. لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی ئازاد نییە، ناوچەیەك نییە لەلایەن موعارەزەوە کۆنترۆڵ کرابێت.

جیابۆوەکان یان دەبێت بچنە تورکیا وەك ئاوارەیەك، یان دەبێت لەمەترسیدابن کە ئەگەری زۆرە دەستگیربکرێن، کەواتە سەربازە سوننەکانی سوپا لەناو سوپادا دەمێننەوە، لەبەر ئەوەی ئیختیاری باشیان لەبەردەمدا نییە. ڕەنگە هەندێ ناوچە بکەونە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە، بەڵام لەئێستادا ئەمە نابینین، هیچ ناوچەیەك نییە لەدەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی سوری بێت، بەڵام سوپای سووریا زۆر بە بەهێزی ماوەتەوە، موعارەزەش دابەشبووە، بەدڵنیایییەوە کەسانێك هەن خۆیان تەرخانکردووە و ئامادەیی قوربانیدانن، بەڵام لەئێستادا شوێنێك نییە لەوێوە ڕووبەڕووی هێزەکانی دەوڵەت ببنەوە، بەچەشنی لیبیا، ئەمەش دەریدەخات کە ڕێگایەکی دووردرێژی خەبات لەپێشە. بۆی هەیە ڕژێمی ئەسەد بۆ ماوەیەکی زۆر لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە)).

سەبارەت بەو لایەنەی پرۆ فیسۆر لاندیز

**ئەمریکا هەڵوێستی خۆی نەشاردۆتەوە کە ناتوانێت لەبەر کۆمەڵێك هۆکار زیاتر گوشار بخاتە سەر پەکین و مۆسکۆ یان ڕۆڵیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی فەرامۆش بکات**

ئاماژەی پێکرد، پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر ڕیچارد کەپلان بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لەزانکۆی ئۆکسفۆرد کرد، پرۆ فیسۆر کەپلان کە خۆی تایبەتمەندە لەسەر ئیدارەی تەنگژەکان و بونیادنانەوەی دەوڵەت لەدوای تەنگژەکان، سەبارەت بەتەنگژەی سووریا و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (زەحمەتە بتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین بارودۆخەکە بەرەو کوێ دەچێت، ئاماری کوژراوان گەیشتۆتە ٥ هەزار کەس و ژمارەیەکی زۆریش لەهێزە چەکدارەکان جیادەبنەوە. کارەکانی ڕژێمی سووریا هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر سوریەکان، ئەمە هیچ مشتومڕێك هەڵناگرێت، لەبەر ئەوەی ژمارەی کوژراوانی دەستی ڕژێم کە ژمارەیەکی زۆر

## کاردانەوەی تورکیا بۆ ئەوەی پێی دەوترێت بەهاری عەرەب، وەك مۆدێلێکی ئیسلامی مۆدێرن کە لەگەڵ ڕۆژئاوادا کاردەکات و سەربەخۆیە، خۆی خستۆتەڕوو

بەرزە بەڵگەن لەسەر ئەوەی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە هەیە. دەکرێت ئەمە کاریگەری هەبێت لەسەر ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە، بەدڵنیاییەوە لەڕووی ئاوارەکانەوە. لەم حاڵەتەدا من پێموایە دوو ئەگەر لەئارادایە، یەکەمیان شەڕی ناوخۆیە، کە تەحەددی توندوتیژدژی حکومەتەکە بەردەوامە و لەزیادبووندایە، دووەمیان پەیوەستە بەبواری نێودەوڵەتیەوە، کە سزای زیاتر سەپێنراوە، هەوڵ و کۆششی لەئارادایە بۆ ئەوەی کەیسی سووریا ببرێتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، لەڕێی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. هەروەها ڕەنگە کۆششی دیپلۆماتی دیکە بکرێت، بۆ نموونە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە، کە گەورەترین شەریکی بازرگانی سووریایە. بەڵام لەناو وڵاتەکەدا من هەڵکشانی توندوتیژی دەبینم و وای نابینم ڕژێمی سووریا بتوانێت هەموو ئەو موعارەزەیە سەرکوت بکات. هەروەها ڕوودانی جیابوونەوە لەناو ڕیزەکانی سوپای سووریا لەبەر دوو هۆکار بەگرنگ دەزانم، هێرشکردنە سەر سوپای سووریا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم کاریگەربوونی ئەم سوپایە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو بگرین کە لەم ساتەوختەدا هێزە یاخیبووەکان زۆر بچووکترن بەبەراورد بەسوپا، بوونی کەسانی جیابۆوە هانی کەسانی دیکەی ناو سوپا دەدات تاوەکو جیاببنەوە. بەڵام زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەین هێزی یاخیبوون چەند گەورە دەبێت و چەند خاوەن هێز دەبێت، بەڵام لەئێستادا تەنیا توانای ئەنجامدانی هێرشگەلێکی سنوورداریان هەیە، کە هێرشی گەورە و گرنگ نین بەبۆچوونی من)).

ئەگەر بەوردی هەڵوەستە لەسەر بۆچوونەکانی هەردوو پرۆ فیسۆر لاندیز و کەپلان بکەین، هەست دەکەین هەردووکیان وەك دوو پسپۆڕ بەهۆشداریەوە ڕای خۆیان لەسەر بارودۆخەکە پیشاندەدەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هێشتا نە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لەو ئاستەیە نە ئۆپۆزسیونی سووریاش لەو ئاستەن پشتیان پێ ببەسترێت، لەم چوارچێوەیەدا وەك هەنگاوێك بۆ ڕاگرتنی توندوتیژییەکان و ڕۆڵی دەوڵەتانی ئیقلیمی بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەم توندوتیژیانە، پرۆ فیسۆر جێرمی پرێس مان ئوستادی زانستی سیاسەت و تۆژەر لەسنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی کونیتیکت لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم لایەنە هەڵوەستەی کردوو وتی: (ڕاستە کە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا زیادبوونی ئاستی توندوتیژیمان بینی، بەڵای منەوە تەنیا شتێك توندوتیژی بوەستێنێت وازهێنانی سەرۆك ئەسەدە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو ئەگەرە لەئارادانییە، ئەوا بەدڵنیاییەوە بەرەو توندوتیژی زیاتر دەچێت، ئەوەش مایەی بەدبەختیە، بەڵام ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر شتێکی حەتمیە کە لەدۆخێکی لەم چەشنەدا توندوتیژی زیاتر دەبێت. بێگومان لەم بارودۆخەدا ڕۆڵی دەوڵەتانی دراوسێی سووریا گرنگە بەتایبەتی تورکیا، تورکیا لەبەر دوو هۆکار بۆ سووریا گرنگە، یەکەمیان ئاشکرایە هەردوو وڵات سنووری هاوبەشیان هەیە، زۆر گرنگ ئەبێت ئەگەر تورکیا سنووری خۆی کۆنترۆڵ بکات و ئەمەش دژوارییەکی زۆر بۆ ڕژێمی سووریا دروست دەکات، حاڵی حازر دژواری لەبواری ئابووریدا دروست کردووە، بەڵام ڕەنگە لەگەڵ زیادبوونی توندوتیژیدا دژواری لەبواری بەرەی سەربازیشدا دروست بکات، لەبەر ئەوەی تورکیا بەئاشکرا پشتیوانی خۆی بۆ یاخیبووە چەکدارەکانی سووریا دەربڕی، یان ئەوانەی لەسوپا جیابوونەتەوە. کەواتە مەسەلەی سنوور ئاستێکی دیاریکراوی

**ئەگەر ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەعەلەویەکانەوە بۆ سوننەکان ڕوویدات، ئەوا مانای وایە سوننەکانی عێراق و لوبنان دەسەڵاتیان زیاتر دەبێت، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە شیعەکان لەلوبنان و عێراق دەسەڵات لەدەست دەدەن**

دەسترۆیشتوویەکی دەداتە تورکیا.
مەسەلەی دووەم، کە من دڵنیانیم لەوەی ئاراستەی باروودۆخەکە بەرەو کوێیە، بریتییە لەوەی لەڕوانگەی جیوپۆلەتیکییەوە لەتورکیا بڕوانیت، کاردانەوەی تورکیا بۆ ئەوەی پێی دەوترێت بەهاری عەرەب، ئەوەبووە وەك مۆدێلێکی ئیسلامی مۆدێرن کە لەگەڵ ڕۆژئاوادا کاردەکات و سەربەخۆیە، خۆی خستۆتەڕوو. ئەوەی پرسیاری دیکە کە دەکرێت و لەوەڵامەکەی دڵنیانیم ئەوەیە چۆن تورکیا لەگۆڕانکاری سووریا

## ئەگەر سوننەکان لەسوریا دەسەڵات بگرنەدەست و ببنە هاوپەیمانی سعودیە و ئەمریکا، هەموو تەرکیزەکە لەسەر ئێران دەبێت

دەڕوانێت لەڕوانگەی جیۆپۆلەتیکیەوە، ئایا باوەڕی وا لەئارادایە کە دەسەڵاتێکی سوننە لەسووریادا زیاتر دۆست دەبێت بۆ ئەوان و بەم شێوەیە. پێموایە مەسەلەی سنوور لایەنی عەمەلی ئەو مەسەلەیەیە و ئەوەش تەواو ڕوونە کە تورکیا ئەو مەسەلەیە وەك دەسترۆیشتوویەك دژی سووریا بەکار دەهێنێت، پێموایە مەسەلەی گەورەتر مەسەلەی جیۆپۆلەتیکیە، چۆن دووبارە دارشتنەوەی پێگەی سووریا کاریگەری لەسەر هەوڵەکانی تورکیا دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی باڵادەست لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

### هەوڵدان بۆ دروستکردنی نەوای ئارام

چەند توندوتیژییەکان زیاتر هەڵبکشێن و ئاستی جیابوونەوە لەڕیزەکانی سوپا زیاتر بێت، ئەوە هێندەی دیکە خەڵك ئاوارە دەبێت و ڕوودەکەنە دەوڵەتانی دراوسێ، ئەم حاڵەتەش کاریگەری لەسەر باری ئەمنی و ناوخۆی ئەو وڵاتانە دروست دەکات، هەربۆیە لەم قۆناخەدا بیر لەوە دەکرێتەوە کە لەناو سووریادا نەوایەکی ئارام دروست بکرێت بۆئەوەی ئەو ئاوارانە لەناو خاکی سووریا پەنا بدرێن نەك لەدەرەوە، سەبارەت بەدروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لەناو سووریا پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (ئاشکرایە کە مەترسی بۆ سەر دەوڵەتە دراوسێکان هەیە، ئەگەر ژمارەیەکی زۆر ئاوارە ببن، ئەمە مەترسیە بۆ کوردستان، ئەگەر ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەعەلەویەکانەوە بۆ سوننەکان ڕوویدات، ئەوا مانای وایە سوننەکانی عێراق و لوبنان دەسەڵاتیان زیاتر دەبێت، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە شیعەکان لەلوبنان و عێراق دەسەڵات لەدەست دەدەن، هیچ یەکێکیشیان خوازیار نییە ئەمە ببینێت، پێم وانییە سەربکێشێت بۆ پشێویەکی گەورە نە لەعێراق و نە لەلوبناندا، لەبەر ئەوەی هەردوو وڵاتەکە بەشەڕی ناوخۆدا ڕۆیشتوون و هەردوو وڵاتەکە زۆرینەی دەسەڵاتیان بەدەستە، شیعەکان لەعێراق دەسەڵاتیان بەدەستە و هاوسەنگی هێزیش هەیە لەلوبنان، ئەگەرچی شیعەکان پشکی زۆری دەسەڵاتیان بەدەستە. ئەگەر سوننەکان لەسووریا دەسەڵات بگرنەدەست و ببنە هاوپەیمانی سعودیە و ئەمریکا، هەموو تەرکیزەکە لەسەر ئێران دەبێت، کەواتە ئەگەر سووریا بڕووخێت و ئاراستەی دۆستایەتیەکەی بەرەو ئەوروپا و سعودیە بگۆڕێت، ئەوا گوشاری زیاتر بۆسەر ئێران دەبێت، بەدڵنیاییەوە ئەمە کاریگەری گەورەی لەسەر هەموو لایەك دەبێت، بۆی هەیە کاریگەری هەبێت لەسەر هەموو لایەك. کەواتە گۆڕانێکی گەورە لەهاوسەنگی هێزدا دەبینین بەدوور لەهاوپەیمانێتی


## کوردەکان لەدۆخێکی خراپدان، لەبەر ئەوەی بێمتمانەن لەتورکیا کە گرنگترین سەرپەرشتیاری موعارەزەی سورییە

شیعەکان کە لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لەبەرژەوەندی سوننەکان بەهێز بوو، کە هەستمان کرد دەسەڵاتێکی ناوچەییان هەیە، لەعێراق و لوبنان، ئەم هاوسەنگیەی هێزە دەگۆڕێت و دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر شیعەکانی هەموو ئەم وڵاتانە. سەبارەت بەئاوارە بوونیش من پێموایە ئێستا بەو ئاستە نییە، بەڵام لەئاییندە زیاتر دەبێت، بەڵام لەگەڵ سەپاندنی سزاکاندا خەڵکی برسی دەبن و بێخواردن دەبن، هەروەك ئەوەی

## ئاشکرایە عەلەوییەکانی سوریا بەرژەوەندیەکی زۆریان لەگەڵ ڕژێمی ئێستادا هەیە و بۆ کەسێکی دەرەکی تەواو ڕوونە کە دۆخی عەلەوییەکان زۆر خراپتر دەبێت لەسایەی هەر ڕژێمێکی دیکەدا

لەعێراق و شوێنی دیکەدا بینیمان، ئەمەش وایان لێدەکات بۆ تورکیا هەڵبێن، کە تا ئێستا تورکیا سێ ژەم خواردنیان دەداتێ، بەدڵنیاییەوە تورکیا تەنیا خێمەیان دەداتێ و ئازادی هاتوچۆیان نییە، کە لەگەڵ هاتنی زستاندا ئەوەندە بەس نییە. بەڵام کاتێك خەڵکی برسی دەبن، ئەوا باشترە -ئاوارە بن و لەو دۆخەدا بژین- وەك لەوەی بمرن و منداڵەکانیان برسی بن. کەواتە ئەگەر دۆخەکە خراپتر بوو و خەڵکی بێکار بوون و دەوڵەت نەیتوانی سەرچاوە بنەڕەتییەکان دابین بکات، کە ئەمەش ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی سزاکان ئەو کاریگەریەیان هەیە کە دەبو هەیانبێت و خەڵکیش برسی دەبن، لەعێراقدا بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان سزاکان کە لەساڵی ١٩٩١دا سەپێنران بەرپرس لەمردنی یەك لەسەر سێ-یان زیاتر- ملیۆنێك کەس. کەواتە ئەگەر سزاکانی سەر سووریا ئەو کاریگەریەیان هەبێت کە لەعێراقدا بینیمان، ئەوا ژمارەیەکی زۆری ئاوارە دەبینین)).
سەبارەت بەهەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی دراوسێ بۆ ڕێگرتن لەم کارەساتە، پرۆفیسۆر لاندیز پێی وتین: (پێموانییە هیچ لایەك، تورکیا، سعودیە، ئەمریکا و ناتۆ چارەسەریان بۆ کێشەی سووریا پێبێت. هەموو لایەك نیگەرانن کە ناسەقامگیری سووریا سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیری وڵاتانی دراوسێ، بۆ ئەوەی بتوانیت پشتیوانی موعارەزەی سوری بکەیت، ئەوا دەبێت موعارەزەیەکی سوری یەکگرتوو هەبێت، هەروەها دەبێت دەوڵەتێکی لاواز هەبێت، هیچ لایەنێکی دەرەکی نایەوێت تێوەبگلێت، ئەگەر ڕژێمی ئەسەد بە بەهێزی بمێنێتەوە. ئەو کاتە ناتۆ و ئەمریکا دەستێوەردانیان لەلیبیادا کرد کە زانییان دەسەڵاتی قەزافی لەهەرەسدایە، کە جیابوونەوە لەسوپا لەئاستەکانی سەرەوە

بوو، نیوی وڵاتەکە، بەنغازی لەدەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتدا بوو و چەکداری یاخیبوو لەسەر زەوی بونیان هەبوو و تەنیا پێویستیان بەچەك و پشتیوانی هەبوو، هەروەها لیبیا پارەیەکی یەدەگی زۆری هەبوو لەدەرەوە، کە دەکرا لەلایەن حکومەتە دەرەکییەکانەوە بدرێت بەسوپای یاخیبووان، واتە کەس ناچار نەبوو پارەی خۆی بدات بەیاخیبووە چەکدارەکان، تەنیا پێویستی بەوە دەکرد لەئاسمانەوە تەرابلوس بۆردۆمان بکەن. دۆخی سووریا زۆر ئاڵۆزترە، خاکێکی ئازاد کراوی نییە، موعارەزە یەکگرتوو نییە، سوپای سوری ئازادیش لەپێگەیەکدا نییە سوپای ئەسەد ببەزێنێت. کەواتە هێزە دەرەکییەکان زۆر



جۆشوا لاندیز بۆ گوڵان:

## دەسەڵاتی مەرکەزی لەسوریا لەهەرەسهێنان و لاوازبووندایە و موعارەزەش بەهێزتر دەبێت

دوودڵن لەدەستێوەردان لەدۆخی سووریا و زەمانەتکردنی ئەنجامەکەی. بەڵام ئێستا ئەمریکا و ئەوروپا دەڵێن بێ مۆڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێمە سووریا داگیر ناکەین. ئێمە دەزانین ڕوسیا و چین ئیدانەکردنی سووریا و ئیدانەکردنی سووریایان بەپێی فەسڵی حەوتەم ڕەتکردەوە، کە فەسڵی حەوت ڕێگە بەدەستێوەردانی سەربازی دەدات. کەواتە ناتۆ و وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕایانگەیاند پلانی دەستێوەردانی سەربازیان لەسووریا نییە، کە بریتییە لەزۆنی ئارام. بۆی هەیە ئەمەش بگۆڕێت، ئەگەر ڕوسیا و چین ئیدانەی سووریایان کرد و ئەگەر ژمارەیەکی زۆر ئاوارەبوون و دۆخی سووریا زۆر خراپتر بوو. بەڵام لەئێستادا کەس بەجددی باس لەمە ناکات و تورکیاش نایەوێت بەتەنیا ئەم کارە بکات، تەنیا ئەو کاتە تورکیا بیری لێدەکاتەوە ئەگەر ناتۆ خەرجیەکەی لەئەستۆ بگرێت و سەربازی خۆی بنێرێت)).

بەڵام پرۆ فیسۆر ڕیچارد کەپلان سەبارەت بەدروستکردنی نەوای ئارام گەشبینترە و پێیوایە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی خەڵکی مەدەنی بەهاوشێوەی ساڵی ١٩٩١ کە لەعێراقدا هەڵیان گرت نەوایەکی ئارام لەناو سووریا دروست بکرێت، سەبارەت بەم لایەنە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (ئەوە یەکێك لەڕێگا کاریگەرەکان دەبێت بۆ پاراستنی ژیانی مەدەنییەکان، کە هێزە ڕۆژئاواییەکان لەڕووی سەربازیەوە بیپارێزن، کە پێیوایە ئەتوانن ئەو زۆنە ئارامە زۆر بەباشی بپارێزن. پێموایە ئەوە دەبێتە یەکێك لەکردارە سەربازییە سنووردارەکان کە دەکرێت بگیرێتەبەر، بەدڵنیاییەوە پێویستە ئەنجومەنی ئاسایش مۆڵەت بەکارێکی لەم چەشنە بدات، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ کاتێك عێراق هێرشی کردە سەر کوردستان- کوردەکان لەباکووری عیراق- و ئاوارەکان ڕوویان کردە تورکیا، کە سەری کێشا بۆ ئەنجامدانی کارێکی نێودەوڵەتی. نیگەرانی تورکیامان بینی کە ئاوارەکان ڕوویان لەوڵاتەکەی کردبوو، ئەمەش بووە بناغەیەك بۆ کارێکی نێودەوڵەتی بەهێز، کە مەرج نییە کارێکی سەربازی بێت، چونکە دوودڵیەکی زۆر هەیە لەلایەن وڵاتانی ئەورووپاوە لەدوای لیبیا و پێشتر عێراق لەپەنابردنەبەر کارێکی سەربازی. لەبەر ئەوە بەدڵنیاییەوە شەپۆلی پەنابەران نیگەرانییەکان توندتر دەکات و دەبێتەهۆی گرتنەبەری کردارێکی نێودەوڵەتی بەهێز لەئاست قەیرانەکەدا)).

کەواتە مەترسی بارودۆخەکە بگاتە ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر ئاوارە دروست بێت و ڕووبکەنە وڵاتانی دراوسێ ئەمە بێتە مەترسیەك بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی و دەوڵەتانی دراوسێ و ئەمە مەزندەیەکی پێشبینی کراوە، بۆیە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم لایەنە جێگەی بایەخی هەموو ئەو پسپۆڕانەیە کە بایەخ بەکێشەی سووریا دەدەن، سەبارەت بەم لایەنە پرۆ فیسۆر جێرمی پرێس مان لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان بەمجۆرەی ڕای خۆی لەسەر ئەم لایەنە دەربڕی و وتی: (پێش هەموو شت دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەگەر باس لەئەگەری دەستێوەردانی نێودەوڵەتی بکرێت، ئەوا من



ڕیچارد کەپلان بۆ گوڵان:

## هەوڵ و کۆشش لەئارادایە بۆ ئەوەی کەیسی سوریا ببرێتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

هێشتا ڕەشبینم، دەستێوەردانی ناتۆ، یاخود دەستێوەردان بەسەرکردایەتی ئەمریکا، یان شتی هاوشێوە، من هێشتا باوەڕم نییە ئەوە ڕووبدات، گەرچی خەڵکانێك باسی ئەوە دەکەن، تەنانەت لەئەمریکاش کەسانێك هەن دەڵێن دەبێت هەڵوێستی توندتر بگرینەبەر دژی ڕژێمی ئەسەد، بەڵام سوپای سووریا کۆڵەکەی هێزی ناچارکردنی دەوڵەتە، چونکە سوپا ئامرازی سەرەکی دەستی ڕژێمەکەی ئەسەدە و لەهەوڵەکانیدا بۆ سەرکوتکردنی موعارەزە بەردەوامە -موعارەزەی سەربازی- لەگەورەبووندایە لەدژی حکومڕانێتیەکەی. بەڵام نابێت تەنیا لەپێوەندیدا بەرژێمی ئەسەدەوە لەسوپا بڕوانین، بەڵکو لەپێوەندیدا بەحزبی بەعسەوە، هەروەها لەپێوەندیدا بەچینی ناوەڕاست و نوخبەی ئابوورییەوە، ئەمە دۆخێکە هەموو کەس چاوەڕوانی ئەوەی دیکە دەکات بۆ ئەوەی لەڕژێمەکە جیاببێتەوە، کەواتە دابەشبوونی سوپا ئاماژە دەنێرێت بۆ ئەندامانی حزب و فەرمانبەرانی دەزگای بیرۆکراسی و نوخبەی ئابووری تایبەت، هەروەها ئەوانیش ئەتوانن ئاماژە بۆ سوپا بنێرن بۆ جیابوونەوە لەڕژێمی ئەسەد، کەواتە ئەمە وەك سەمایەکی هەستیار وایە، کە هەموو لایەك چاوەڕوانی ئاماژە دەکات لەلایەنەکانی دیکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر جیابوونەوەی نێو سوپا بەردەوام بێت، ئەوا دەوڵەت بێتوانا دەبێت لەبەکارهێنانی هێز بۆ سەرکوتکردنی موعارەزە. ڕاستە ئەم سوپایە یاخود ئەم ئامرازی سەرکوتکردنە گرنگە بۆ ڕژێمەکە، بەڵام بڕیارەکە تەنیا

لەناو سـوپادا نادرێت، بەڵکو سەربازەکان و ئەفسەرەکانی ئاستەکانی خوارەوە چاوەڕوانی ئاماژە لەکۆمەڵگەوە دەکەن. بۆیە لەم حاڵەتە کە ڕژێمەکە بەرگری لەخۆی دەکات، ئەوا خەڵکیش ئاوارە دەبن، لەم ڕاستەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی عێراق، ئەوا پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاوارەبوون و ناکۆکیدا، لەئەزموونی شەڕی ناوخۆوە، لەعێراقدا بێت یان لەشوێنەکانی دیکە، ئەتوانین بڵێین ئاوارەبوونی خەڵک بەشێکە لەم کێشەیە، لەئەفغانستاندا چەندەها ملیۆن خەڵکی ئەو وڵاتە ئاوارەبوون بۆ وڵاتانی دراوسێ، بۆ ئێران و پاکستان. من پێشبینی دەکەم ئەگەر ناکۆکیەکە درێژخایەن بێت، ئەوا لەسەر ئەساسی ئەزموونەکانی دیکە، ئاوارەکان دەبنە کێشەیەکی گەورە بۆ ئەردەن، عێراق، لەنێویاندا هەرێمی کوردستان و تورکیا، بەڵام کاریگەری ئەم بارودۆخە بەسەر ناوچەکەوە من پێموایە ئەوەی لەسووریادا ڕوودەدات زیاتر لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەمێنێتەوە، بەڵام ڕەنگە دوو سیناریۆ هەبن بۆ ئەوە، یەکەمیان، تورکیا زۆر وریادەبێت لەگرتنەبەری کرداری سەربازی ڕاستەوخۆ دژی هێزەکانی ئەسەد، بەڵام ئەگەر تورکیا پشتیوانی ئەفسەر و سەربازانی سوپای سووری ئازاد بکات، ئەوا ڕەنگە دۆخەکە لەکۆنترۆڵ دەرچێت، لەبەر ئەوەی سەردەکێشێت بۆ پێکدادانێکی ڕەسمی نێوان سوپای تورکیا و سوپای سووریا، کەواتە یەکێك لەسیناریۆکان- کە من ناڵێم ئەگەری ڕوودانی زۆرە- ئەوەیە لەپێوەندیدا بەسووریا و تورکیاوە لەکۆنترۆڵ دەرچێت و ئەمەش کێشەی گەورەتر بۆ ناوچەکە دروست دەکات. سیناریۆی دووەم پەیوەستە بەئاستی مرۆییەوە، ئەگەر دۆخەکە زۆر خراپ بێت، ئەگەر ژمارەی ئاوارەکان بەو ئاستە بێت کە لەعێراقدا هەبوو، کە ملیۆنەها کەس سنووریان بڕی و لەناو وڵاتەکەدا ئاوارەبوون، ئەگەر ئەمە لەسووریا ڕوویدات، ئەوا مایەی ناسەقامگیری دەبێت، ئەردەن و عێراقیش لەدۆخێکدا نین، بەسەدان هەزار و بگرە ملیۆنەها ئاوارە لەخۆبگرن، هێشتا دۆخەکە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، بەڵام شەڕی ناو سووریا لەهەڵکشاندایە، کەواتە ئەم ئەگەرەش وارده)).

### کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا

هێشتا پێگەی کورد لەهاوکێشەی سووریادا بەو ئاستە جێگەی گەشبینی نییە کە بتوانرێت ئایندەی پێبخوێنرێتەوە، لەوانەیە تاکە شتێك جێگەی گەشبینی بێت ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکان لەگەڵ خۆیاندا گۆڕانکاری دیکە بەدوای خۆیاندا دەهێنن، لەمبارەوە پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز بەمجۆرە لەسەر پێگەی کورد لەسووریا بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: ((پێموانییە بتوانرێت زەمانەتی مافەکانی کورد بکرێن. حاڵی حازر ئەوەی ئاشکرایە کوردەکان لەدۆخێکی خراپدان، لەبەر ئەوەی بێمتمانەن لەتورکیا کە گرنگترین سەرپەرشتیاری موعارەزەی سورییە، هەروەها بێمتمانەن بەموعارەزەی عەرەبی سووری، چونکە زۆر سست بوو لەزەمانەتکردنی ماف و ئازادیە نەتەوەییەکانی کورددا، لەگەڵ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی سووریا، لەبەر ئەوەی عەرەبەکان باوەڕیان وایە هەنگاوی داهاتووی کورد بریتی دەبێت لەسەربەخۆیی، کە بەدڵنیاییەوە لەمە دەترسن. کەواتە ستراتیجیەتی کوردەکان ئەوەیە خۆیان دووربگرن و تێوەنەگلێن لەو ناکۆکیە عەرەبیە، هەروەها بەچەشنی عێراق کە لاوازبوونی دەسەڵاتی مەرکەزی سەریکێشا بۆ دۆخێك کوردەکان بتوانن خۆیان مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن. ئاشکرایە بۆی هەیە ئەمە لەسووریا ڕووبدات، ئەگەر دۆخەکە خراپ بوو و دەسەڵاتی مەرکەزی لاواز بوو، ئەوا کوردەکان ئازاد دەبن لەهەمەر



**جێرمی پریس مان بۆ گوڵان:**

**دووبارە دارشتنەوەی پێگەی سوریا کاریگەری لەسەر هەوڵەکانی تورکیا دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی باڵادەست لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

کارێك کە بیانەوێت. بەدڵنیاییەوە دۆخەکەش مەترسیدارتر دەبێت)).

ئەم بۆچوونە ڕاشکاویە لەگەڵ ئەوەی جۆرێك ڕەشبینی پێوە دیارە، بەڵام تارادەیەکی زۆر واقیعیە، هەربۆیە پرۆفیسۆر جێرمی پریس مان بۆچوونی بەو جۆرەیە کە تاکە هیوایەك بۆ ئەوەی کورد لەو گۆڕانکارییە سوودمەند بیت، سیستمی سیاسیی داهاتووی تورکیایە و لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند: ((لەسووریا کوردەکان کەمینەن لەوڵاتێکدا کە لەسەدا ٩٠ی دانیشتوانەکەی عەرەبن. سەرەتا با گریمانەی ئەوە بکەین ڕژێمی ئەسەد ڕووخاوە و ڕژێمێکی دیکە دروستبووە، ئەمە دەوەستێتەسەر ئەو سیستمە سیاسیەی پیادە دەکرێت و دڵێم بوونی دیموکراسی لەبەرژەوەندی کورددا دەبێت، بەڵام ئەمەش ڕێسایەکی جێگیر نییە، لەبەر ئەوەی دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا ڕژێمە نوێیەکە هەوڵدەدات کوردەکان بەکار بهێنێت بۆ بردەوان بەدەسەڵاتە سیاسییەکەی. لەبەر ئەوەی ڕژێمی بەشار باسی لەوەدەکرد- کە جێی سەرسوڕمانییە-ئەگەر بڕووخێت، ئەوا شەڕی تائیفی و تاوانی ئیتنی ڕوودەدات، ئەمە هەمان بیانوو بوو کە بەحرەین بەکاریهێنا بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی بەحرەین، ئەمە پاساوی هەموو دیکتاتۆرەکانە کە دەڵێن ئەگەر من بڕۆم، ئەوا تەواوی سیستمەکە لەناو دەچێت. بەڵام پێم وانییە ئەوەش شتێکی مەحاڵ بێت، لەم دۆخە شڵەقاوەدا ئێمە نازانین چ جۆرە ڕژێمێك جێی ڕژێمی ئەسەد دەگرێتەوە، هەروەك لەڕابردوودا بینیومانە، ئەگەر تۆ گرووپێکی کەمینە بیت، ئەوا لەپێگەیەکی لەرزۆکدایت، واتە ڕوون نییە دۆخەکە چۆن یەکلادەبێتەوە و چۆن مامەڵە لەگەڵ کەمینەکاندا دەکرێت. ئەوەی ئاشکرایە عەلەوییەکانی سووریا بەرژەوەندیەکی زۆریان لەگەڵ ڕژێمی ئێستادا هەیە و بۆ کەسێکی دەرەکی تەواو ڕوونە کە دۆخی عەلەوییەکان زۆر خراپتر دەبێت لەسایەی هەر ڕژێمێکی دیکەدا، بەبەراورد بەبارودۆخیان لەسایەی ڕژێمی ئێستا، بەڵام زەحمەتە پێشبینی دۆخی کوردەکان بکەین، لەبەر ئەوەی نازانین چ جۆرە ڕژێمێك دروست دەبێت و ئایا هەموو گرووپە ئیتنییەکان لەخۆدەگرێت، یان سوننەکان زاڵ دەبن بەسەریدا)).

# بەرەو گەشەپێدانی کارگێڕیی وەک زانستێکی سەردەم



عەبدولڕەحمان سدیق

ئەگەر بەڕێوەبردن ئەرکێکی جێبەجێکردنانە بێت، ئەوا سەرکاریی و سەرکردەیی کردنی، ئەرکێکی راوێژکارییە.

لێرەوە بەڕێوەبردن ئەرکێکی ڕۆژانەیە، بازنەییە، ڕۆتینە، لەکاتێکدا سەرکردایەتیکردنی ئەرکێکی نەخشە بۆکێشانە، درێژەخایەنە، نوێکردنەوەیە.

ڕێك وەك خولانەوەی بەردەوامیی تایەی ئۆتۆمبێلێك کەچەند گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر چاککردنی ڕێگاکانەو دروستکردنیانە بۆئەوەی ئەو خولانەوە بازنەییە بگۆڕین بۆ جووڵەیەکی ئاسۆیی و، بگەین بەئامانجێك، چونکە جووڵەی بازنەیی پێویستە جووڵەیەکی ئاسۆیی یان ستوونی دروست بکات لەژیانی ئیداریی و کارگێڕییدا.

بۆیە پلاندانان وەك دانانی پلانە، لەهەمانکاتیشدا بیرکردنەوەیەو، نوسینەوەی بیرکردنەوەکانە کەتیایدا:

- ئامانجێك دیاری دەکەین و، وەڵامی (چی) دەدەینەوە، واتە دەزانین چیمان دەوێت.

- هۆکارەکان دیار دەکەین و، وەڵامی (چۆن) دەدەینەوە، واتە دەزانین چۆن بەو ئامانجە بگەین؟

- کات دیاری دەکەین و، وەڵامی (چەند) دەدەینەوە، واتە دەزانین چەند ڕۆژو مانگمان دەوێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە؟

- لەدواییدا ئامانجەگیریی دەکەین و، دەزانین بەراورد بکەین لەنێوان ئەوەی بەدەست هاتووە لەگەڵ تێچووداو، هەمیشە دەبێت کەبەدەستهاتوو زیاتر بێت لەتێچوو، ئەگەرنا هیچ قازانجێك بەدەست نایەت لەحاڵەتەکانی دیکەدا.

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کەدانانی پلان چەند گرنگە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کەپلانی خەڵکی دی یان بێ پلانی خەڵکی دی نەبنە مایەی ڕێگرتن لەبەئەنجام گەیاندنی ئامانجی پلانەکانی خۆمان لێرەشدا گرنگە کەکتو پڕی و حاڵەتی لەناکاو، هەژموون دروست نەکات لەسەر پلانەکان و، پێویستیشە خاوەن پلان ڕاڕاو دوودڵ نەبێت و، خێرا خێرا وردە ئامانجی دی لەڕێگەدا، ئامانجی سەرەکی پلانەکەی لەبیر نەبەنەوە!!

لەپلاندانانا پێویستە سوود لەکەسانی بەئەزموون وەربگرین، بەڵام دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان کەسانی خاوەن خزمەت و خاوەن خیبرەت، چونکە هەموو جارێك خزمەتی زۆر مانای خیبرەتی زۆر نییە، چونکە خیبرەت لەشتە تازەکاندا پێوەندیی بەخزمەت نییە لەشتە کۆنەکاندا.

سەبارەت بەمامەڵەکردنیش لەگەڵ فەرمانبەرو کارمەندانی نێو پڕۆژەکەشدا پێویستە مامەڵەیەکی ئیداریی و ئینسانیی بکەین.

پێویستە دەست خۆشی لێکردن بۆ کارێکی دیاریکراوبێت و نەك ببێتە تا هەتایی و، کارمەند پشت لەکار بکاتەوە.

پێویستە سەرزەنشت کردن کاتیی و لەسەر کارێکی دیاری کراوبێت نەك تا هەتا بێت و، کارمەند نائومێد بێت.

پێویستە دەست خۆشیی و سەرزەنشتکردن بۆ کاربێت نەك بکەر بۆئەوەی کاری باش زۆرتربێت و، کاری نەشیاو کەمتر بێت.

گرنگیشە کارمەند کارەکەی خۆی بەدڵ بێت کە هەڵی بژاردووە، چونکە زۆرجار مرۆڤ گرفتی بۆ دروست دەبێت لەنێوان کارێك کە هەیە، بەڵام ئارەزووی لێ نییە، یان کارێك کە نییە بەڵام ئارەزووی لێیەتی.

**هەموو جارێك خزمەتی زۆر مانای خیبرەتی زۆر نییە، چونکە خیبرەت لەشتە تازەکاندا پێوەندیی بەخزمەت نییە لەشتە کۆنەکاندا**

لەدواجاریشدا بۆ هەڵسەنگاندنی ئامانج و پلان و کارمەندان پێویستە پشت بەپێوەرێك ببەستین.

گرفتی هەڵسەنگاندنی لای ئێمە ئەوەیە کە چ پێوەرێك بەکاردێنین؟

- پێوەرە ڕەهاکان کەتیایدا کەسی بڕیار بەدەست خۆی بڕیار دەدات؟

- یان پێوەرە ڕێژەییەکان، کە تۆ لەچاو کەسێکی دیکەدا باشی یان خراپی؟

- یان پێوەرەکانی بەدیهێنانی ئامانج، کەلەهەردوو ئەوانەی پێشەوە باشترەو، تیایدا لەوە دەڕوانین کەکەسێك گەیشتۆتە ئامانجی نەخشە بۆ کێشراو بەو هۆکارانەی دیاریی کراون و، لەکاتی دیاریکراودا.

- ئەمانەو زۆری دی تەنیا دەروازەیەکی بچوکن بۆ بابەتێك کە وڵاتان ڕۆژانە گەشە بەخۆیان و هاووڵاتیانیان دەدەن لەڕێگەی خولەکانی ڕاهێنان و مەشق پێکردندا لەچوارچێوەی پرۆسەیەکدا کە گەشەپێدانی ئیداریی و کارگێڕییە.

# گۆڕینی ئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشەکان لەتوندوتیژییەوە بۆ دیالۆگ



ئەگەر گەورەترین کێشەی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی ناوخۆ مامەڵەی توندوتیژانە بێت لەگەڵ ئەو کێشانەی لەکۆمەڵگە ڕوودەدەن، ئەوا تەنیا ڕێگە بۆ دەرباز بوون لەو تەنگژانە گۆڕینی ئاراستەی مامەڵەی توندوتیژانەیە بۆ دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی هاوبەش، هەربۆیە کاتێك ڕووداوێکی نەخوازراو لەناو کۆمەڵگە ڕوودەدات گرنگە زمانی لایەنەکان هۆکارێك بن بۆ لێکتێگەیشتن نەك هۆکارێك بێت بۆئەوەی پێشوەختە و پێش ئەوەی یاسا بڕیاری خۆی دابێت و ئەم لایەن و ئەو لایەن تۆمەتبار بکرێت، ئەمەش بکاتە بیانوویەك بۆئەوەی لایەنگرانی حزبەکەی یان دانیشتووانەکەی هانبدات مامەڵەیەکی توندوتیژانە لەگەڵ ڕووداوەکە بکات، حاڵەتی خراپ لەکاتی دروستبوونی ڕووداوێکی نەخوازراو لەکۆمەڵگە ئەو کاتەیە کە لایەنێکی کێشەکە، توندوتیژی بەشێك بێت لەپێکهاتەی ئایدلۆژیەتەکەی یان توندوتیژی بکاتە بەشێك لەپرۆگرامی حزبەکەی بۆ سیاسەتکردن لەکۆمەڵگە، هەربۆیە لەحاڵەتی لەمجۆرەدا کە هەست دەکرێت توندوتیژی خۆی بەشێکە لەپێکهاتەی ئایدلۆژی حزبێك یان توخمێك لەپرۆگرامی حزبێك بۆ شێوازی سیاسەت کردن، ئەوا دەبێت پرۆسەی وەرچەرخانی مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژەکە لەتوندوتیژییەوە بۆ دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانە تەواوی ئەو پێکهاتە سیاسیە بگرێتەوەو دەبێت لایەنی بەرامبەر یان لایەنی سێیەم کە دێتە ناو کێشەکە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکە بەرێگەی ئاشتیانە بکات، دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت یان ئەو ڕاستیە لەبەرچاوی خۆی دابێت، توندوتیژی بەشێکە لەو پێکهاتە سیاسییەی کە بەرژەوەندنی کۆمەڵگە وا پێویست دەکات ئاراستەی مامەڵەکەی بگۆڕێت بۆ دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانە، هەر بۆ



نموونە ئەگەر سەرنجێك لەرووداوەکانی ئەم دواییەی زاخۆ بدەین کە دواتر چەند شوێنێکی دیکەی گرتەوە، بەڕاشکاوی هەست بەو ڕاستیە دەکرا کە لایەنێکی کێشە زۆر بەئاسانی لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان ئاستی توندوتیژی هەڵدەکشان بۆ سەرەوەو تەنانەت گەیشتە ئەو ئاستەی کە لەسەر ئاستی کەسی یەکەمی ئەو حزبە بەو جۆرە ڕای گشتی ئاراستە بکات بەوەی ئەو ڕووداوە پێویستی بەلێکۆڵینەوە نییە و پێویستە لایەنی بەرامبەر ڕاستەوخۆ تاوانبار بکرێت و لەبەردەم ڕای گشتی سەرکۆنە بکرێت، سەبارەت بەم حاڵەتە ئەوانەی لەسەر وەرچەرخانی تەنگژەکان (Conflict transformation)، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، وەرچەرخانی تەنگژە لەئاراستەی توندوتیژییەوە بۆ ئاراستەی چارەسەرکردنی تەنگژەکە بەرێگەی ئاشتیانە یان دیالۆگ، پێویستی بەوە هەیە ئاستی توندوتیژی لەناو پێکهاتەی بەرامبەر لەبەرچاو بگیرێت و کاتێك بمانەوێت کار لەسەر ئەو کێشەیە بکەین، دەبێت بزانین توندوتیژی بۆتە بەشێك لەتۆڕی پێکهاتەی ئەو حزبە سیاسیە یان ئەو لایەنەی کە بۆتە بەشێك لەکێشەکە، ئەو پسپۆرانەی لەم بوارەدا ئەزموونی چەندین کێشەی جۆراوجۆریان لەسەر تەنگژە جیاوازەکان و پێکهاتەی لایەنە پێکناکۆکەکان هەیە، ئاماژە بەوە دەکەن، چارەسەری تەنگژەکان لەو حاڵەتەدا دەگاتە بن بەست یان بەجۆرێك قورس دەبێت کە پێویستە ماوەیەکی درێژی بۆ تەرخانبکرێت، کە توندوتیژی بووبێتە بەشێك لەپێکهاتەی حزبە سیاسیەکە یان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لایەنی کێشەکە، بۆیە ئەگەر لەم بازنەیەدا سەیری ڕووداوەکانی چەند هەفتەی ڕابردووی زاخۆ بکەین کە دواتر شوێنەکانی دیکەشی گرتەوە، هەست دەکەین ئەو لایەنەی کە دەبێتە لایەنی گەشبینی بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، ئەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەئاراستەیەکی نەرم بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە کاردەکەن و دەیانەوێت هەر چۆنێك بێت لایەنی یەکگرتووی ئیسلامی دەستبەرداری ئەو هەڵمەتی توندوتیژییە ببێتەوە کە ئەو پێیوایە بەو شێوازە ئەو تەنگژەیە چارەسەر دەکرێت، یان بەدیوێکی دیکەدا پێیوایە ئەو زوڵمی لێکراوە و پێویستە کاردانەوەی توندوتیژانەی هەبێت بۆئەوەی قەرەبووی ئەو زوڵمەی لێیکراوە بیکاتەوە، بەڵام ئەگەر لەمێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە ئەم تێڕوانینەی یەکگرتووی ئیسلامی هەڵبسەنگێنین، هەست دەکەین ئەم تێڕوانینە لەگەڵ مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان یەکناگرێتەوە(ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی خۆی بەدرێژکراوەی ئەو مێژووە بزانێت)، لەبەر ئەوەی خەباتی بارزانی نەمر پێمان دەڵێت، داماڵینی توندوتیژی لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان حزبیدا، لەلایەنی مەزڵومەوە دەست پێدەکات، بارزانی نەمر لەساڵی ١٩٤٣ دەستپێشخەری ئەوەی کرد کە توندوتیژی لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی گەلی کوردستان و گەلی عەرەبیشدا دابماڵێت، ئەمەش یەکەم هەنگاوە لەمێژووی سەرکردە جیهانییەکان دوای ١٤ خاڵەکەی وۆردۆ ویلسۆن لەسیاسەتدا هەنگاوی بۆ هەڵگیرابێت، ئەم ئاراستەیەی بارزانی نەمر بۆ برایەتی نێوان کورد و عەرەب پیادەی کرد و نەیهێشت شەڕی نێوان کورد و ڕژێمەکانی عێراق، ببێتە شەڕی نێوان کورد و عەرەب، بووە بەشێك لەئەخلاقی شۆڕشگێری

تەواوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بۆیە ئەگەر لەم راستەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئەخلاقە شۆڕشگێڕییەی کە بارزانی نەمر لەناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دروستی کردووە، مەسەلەکە تەنیا پێوەندی بەپارتیەوە نەبووە، بەڵکو هەموو حزب و رێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان پێڕەویان کردووە، هەر بۆ نموونە لەوانەیە زۆربەشمان لەبیرمان بێت، رژێمەکانی عێراق (نەك تەنیا رژێمی بەعس) کاتێك پێشمەرگەیەکیان بەدیل بگرتایە جیا لەوەی بەگوللە رەمیان دەکرد دواتر بەئۆتۆمبێل بەبەرچاوی خەڵکەوە رایان دەکێشا، بەڵام لەناو شۆڕشی کوردستاندا و لای هەموو لایەنە سیاسییەکان شەرمەزاری



مەحمود ئەیوب بۆ گوڵان:

## باشترین چارەسەر بۆ ناکۆکی ئایینی و سیاسی بریتییە لەهاووڵاتیبوون

بوو دیل بکوژرێت یان ئازار بدرێت، ئەوانەی رۆژانی سەردەمی شاخیان لەبیرە هەموو ئەو رۆژانەیان لەبەرچاوە چۆن لێبوردەیی بووە بەشێك لەئەخلاقی شۆڕشگێرانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

### چۆن دیالۆگ دەکرێتە بنەما بۆ چارەسەری تەنگژەکان

مێژووی تەنگژەکان پێمان دەڵێن، تەنگژەکان هەرچیەك بن، سەرەنجام هەردەبێت بەدیالۆگ و وتوویژ چارەسەر بکرێن، پسپۆڕان پێیانوایە هەندێك جار دەستەبەرداربوون لەتوندوتیژی و گەیشتنە قەناعەت بەوەی توندوتیژی و زمانی زبری نێو راگەیاندنەکان سوودی نییە، پێویستی بەکاتێکە هەتا ئەو لایەنە ماندوو دەبێت کە پێیوایە کێشەکە بەتوندوتیژی چارەسەر دەکرێت، هەروەها هەندێك جاریش ئەم پەروەردە هەڵەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە سەرکردە سیاسییەکانیش نەتوانن هەنگاوی گرنگ بۆ چارەسەری ئاشتیانە هەڵبگرن، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێشتر لەپێکهاتەی سیاسی ئەو لایەنە زمانی دیالۆگ و ئاشتی وەك زمانێکی نزم و هۆکارێکی بێ بایەخ سەیر کراوە، لەم راستەوە ئەگەر وەك نموونە تێڕوانینی چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لەتورکیا بکەین، هەست دەکەین حزبی داد و گەشەپێدان و سەرۆکەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگان، ئەو قەناعەتەیان لادروست بووە کە ئەو کێشەیە بەشێوازی سەربازی چارەسەر ناکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لەماوەی ٨٠ ساڵی رابردووی پێش هاتنی پارتی دادو گەشەپێدان، پەروەردەی سیاسی لەتورکیا بەو شێوەیە پێویست بووە کە ئەو کێشەیە بەهێزی سەربازی چارەسەر بکرێت، بۆیە زۆر جار لەگەڵ ئەوەی ئەردۆگان مەبەستێتی هەنگاو بەرەو چارەسەری ئاشتیانە هەڵبگرێت، دەکەوێتە ژێر گوشار و ئەویش ناچار دەبێت پشت لەئاشتی بکات، نموونەیەکی زۆر دیار کە لەدوایین هەڵبژاردنەکانی تورکیا هەستی پێکرا، هەڵمەتی راگەیاندنی هەڵبژاردنی پارتی دادو گەشەپێدان بوو لەهەندێك لەو ناوچانەی کە بەناوچەی ناسیۆنالیستە تورکەکان ناسرابوو، ئەردۆگان ناچار بوو لەو ناوچانە بەو ئاراستەیە هەڵمەتی هەڵبژاردن پیادە بکات، کە دڵی ناسیۆنالیستە تورکەکان رازی بکات، بەڵام وەك لەمانگی رابردووش بینیمان ئەردۆگان هەر ئەو ئەردۆگانە بوو کە بۆ یەکەمجار لەمێژووی دەوڵەتی تازەی تورکیا داوای لێبوردنی لەکوردەکانی دەرسیم کرد کە لەساڵی ١٩٣٨ جینۆساید کرابوون، بۆیە لەوانەیە ئەمە نموونەیەکی باش بێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی رووداوێکی نەخوازراوی وەك ئەوەی زاخۆ سوودی لێوەربگیرێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەو ئاراستە هانبدرێن بۆ ئەوەی پشوو درێژانەتر بەرامبەر ئەو هەڵچوونەی یەکگرتووی ئیسلامی مامەڵە بکەن و هەوڵبدەن بەجۆرێك بێت کە جەماوەری یەکگرتووش بگەنە قەناعەت بەوەی ئەم هەڵمەتەی بۆ هاندانی توندوتیژی و زمانی زبری راگەیاندن کە یەکگرتوو دەستی پێکردووە خزمەتی بارودۆخەکە ناکات و تەنیا رێگە زمانی لێکتێگەیشتن و دیالۆگە، سەبارەت بەچۆنییەتی وەرچەرخانی کێشەکان لەتوندوتیژییەوە بۆ دیالۆگ و رێگە چارەی ئاشتیانە، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر جۆرج ئێرانی ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئەمریکی لەکوەیت کرد و بەڕێزی سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی کە مەبەستمان چییە لەوەرچەرخانی تەنگژەکان، بەڕای من مەبەست لەوە بریتییە لەوەرچەرخانی توندوتیژی و دوژمنایەتی و تووڕەیی بۆ دیالۆگ و چارەسەی ئاشتییانە، لەمڕووەویش ژمارەیەك هەنگاوی گرنگ هەیە لەنێویشیاندا هەنگاوی سایکۆلۆژییە لەگەڵ چەندین هەنگاوی دیکە، کە بنەما و دەسپێکی ئەم هەنگاوە بریتییە لەوەی چۆن ئەو خەڵکە لەو بارۆخە دەرونییە دەربچن کە پێیانوایە غەدریان لێکراوە یان بوونەتە قوربانی، لێرەدا دەمەوێ بۆ ئێوە و خوێنەرانتان چەند نموونەیەك لەڕووی تیۆرییەوە بێنمەوە، بەڕای من یەکێك لەنموونەکان لەڕووی مێژووییەوە «نیلسن ماندێلا»یە سەرۆکی باشووری ئەفریقیا کە بۆ ٣٠ ساڵ زیندانی کرا، کە لەبەندیخانە دەرچوو ئەو نەهات رەشپێستەکان هانبدات بۆ ئەوەی برژێنە سەرجادە و تۆڵە لەسپی پێستەکان بکەنەوە، بەڵکو داوای لەدانیشتووانی باشووری ئەفریقیا کرد بۆ بەردەوامبوون لەژیانیان و بۆ لێبوردەیی و هەر لەبەرئەوەیش بوو کۆمسیۆنی ئاشتەوایی لەباشووری ئەفریقیا دامەزرێندرا، ئەمە پێمان دەڵێت ئەو ساڵانەی کە ماندێلا لەزیندان بوو خۆی بەهێزکرد ببێتە کەسێکی لێبوردە، هەم گەلەکەشی بەهێز کرد بۆ ئەوەی بتوانن لێبوردە بن، منیش پێموایە کە ئەمە زۆر گرنگە لەپرۆسەی وەرچەرخانی پێکدادان، ماندێلاش سەرکردەیەکی زۆر گرنگە و هەمووشمان دەزانین کە مەزنترین سەرکردەی سەدەیە، بۆیە ئەمەیە تێڕوانینم بۆ ئێوە لەڕووی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی وەرچەرخانی پێکدادان.



بروس ئیدوارد کەین بۆ گوڵان:

## لە ئەمریکا بەرزترین ئاستی ئازادی بەو کەسانە دەدەین کە توندوتیژ نین و کەمترین ئازادیش بەو کەسانەی کە توندوتیژن

بـــەڵام ئەم حاڵەتـــەش لەمەســـەلەیەکەوە بۆ مەسەلەیەکی دیکە دەگۆڕێت، هەر بۆنموونە ئێمە باســـی ماندێلامان کرد، ئەگەر سەیری چەند نموونەیەکی دیکـــەش وەك «لوبنان» و «یوگســـلاڤیای جاران»، لەکەیســـەکەی «یۆگسلاڤیای جاران» بکەین، دەبینین ئەوە روویدا ئاکامی ئەوە بوو میلۆســـۆڤیچ لەسەر بنەمای ترسی هاووڵاتیانی مامەڵەی دەکرد بۆ هەڵگیرســـانی جەنگ لەدژ دراوسێکانی وەك کرواتییـــەکان و ســـلۆڤینییەکان...وتاد. سەبارەت بەکەیسەکەی «لوبنان» هەموو ٣٠ساڵ جارێك جۆرە جەنگێك بەرپا دەبێت، بەڵام ئەمرۆ ئیرادەیەك هەیە بۆ بەزاندنی ئەو شـــتە لەبەرئەوەی خەڵکی ماندووبوون لەتوندوتیژی و پێکدادان و جەنگ...و تاد)).

ئەگەر سەرنج لەقسەکانی پرۆفیسۆر جۆرج ئێرانی بدەین، هەســـت دەکەیـــن وەرچەرخانی تەنگژەکان بەرەو ئاشـــتی گرێدەداتەوە بەدوو حاڵەتـــەوە، حاڵەتی یەکەمیـــان وەك ئەوەی ماندێلا کە هەوڵیدا توندوتیژی بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتـــی رەشپێســـتەکانی ئەفریقیـــا ریشـــەکێش بکات، حاڵەتی دووەمیان حاڵەتی یوگسلاڤیای پێشان و لوبنانە کە توندوتیژی برستی لێ برین ئەوجا گەیشتنە قەناعەت بۆ ئەوەی پەنا بۆ رێگەچارەی ئاشـــتیانە بەرن، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە، بونیادی کەلتوری ئاشـــتی و لێبوردەییە، سەبارەت بەچۆنییەتی دروســـتی بوونی ئەم کەلتـــورە لەکۆمەڵگە پرســـیارمان لەپرۆفیســـۆر مەحمـــود ئەیوب کرد، کە پســـپۆرە لەبەراوردکردنی ئایینەکان و دیالۆگی نیوان هەردوو ئایینی ئیســـلام و کریستیان لەسەنتەری دۆنکان بلاك ماکدۆناڵد بۆ دیراساتی ئیسلامی و پێوەندی نێوان ئیسلام و کریســـتیان، لەمبارەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (دەبێت پێداگیری لەوە بکەین توندوتیژی هیچ کێشـــەیەك چارەسەر نـــاکات، هەمیشـــە توندوتیـــژی ناکۆکیەکە ئاڵۆزتـــر دەکات، نـــەك چارەســـەری بکات، تەنانەت ئەگەر واش دەرکەوت کە چارەسەری دەکات. لەبـــەر ئەوە دەبێت لەمێژوو بروانیت و لەو ناکۆکیەی پێی دەوترێت بەهاری عەرەب، کە ســـەرکەوتووترین چارەسەر ئەوەیە لەتونس و میســـر گیرابەر، کە توندوتیژی نەکراوەتە چارەسەر، لەیەمەن و لیبیاش توندوتیژی هیچ کێشـــەیەکی چارەسەر نەکردوە و ناکۆکیەکەی ئاڵۆزکـــردووە و سەریکێشـــاوە بـــۆ ناکۆکی گەورەتر. هەروەها کە توندوتیژی سەردەکێشێت بۆ توندوتیژی و چارەســـەری ئاشتیانەش بۆ ئاشتی، ئەگەر لێرەدا عێراق بەنموونە وەربگرین پێموایە لەئێستادا باشـــترین چارەسەر بریتییە



## جۆرج ئێرانی بۆ گوڵان:

## ئەو ساڵانەی کە ماندێلا لەزیندان بوو خۆی بەهێزکرد ببێتە کەسێکی لێبوردەو گەلەکەشی بەهێز کرد بۆ ئەوەی بتوانن لێبوردە بن

لەهاووڵاتیبوون، تۆ شـــیعە و سوننە و کورد و تورکمان و عەرەبت هەیە و خەڵکانی عەلمانیت هەیـــە و خەڵکی جیـــاوازت هەیە. کە ئەگەر هـــەر گرووپێك هەوڵبدات ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت، ئەوا ناکۆکیەکە گەورەتر دەبێت، باشـــترە درك بەوە بکەن کە هەموویان ســـەر بەوڵاتێکن و هاووڵاتی یەکسانی نەتەوەیەکن، پێموایە تەنانەت وڵاتێکی ئیســـلامیش دەبێت حکومەتێکـــی عەلمانـــی هەبێـــت. کەواتە بـــەلای منەوە باشـــترین چارەســـەر بریتییە لەهاووڵاتیبوون و یەکسان بوون لەنێوان هەموو هاووڵاتیانی وڵاتەکەدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئینتیمای ئایینیان. زۆرجار پارتە ئیسلامیەکان وەك ســـەرچاوەی توندوتیژی دەبینرێن، بەڵام مەرج نییە پارتە ئیسلامییەکان بەسەرچاوەی توندوتیژی و ناکۆکـــی دابنرێن، بەدڵنیاییەوە دەکرێت ســـەرچاوەیەك بن، نەك هـــەر تەنیا ئیســـلامییەکان، بەڵکو هەر پارتێکی ئایینی دەکرێـــت ببێتـــە ســـەرچاوەی ناکۆکی، بۆ نموونـــە ناکۆکی پرۆتســـتانت و کاســـۆلیك هەبـــوو لەئیرلەندا. پێموایـــە هەندێجار دەبێت ناسنامەی ئایینی کۆمەڵگە لەبەرچاوبگرین، میسر زۆرینەی دانیشتوانی موسڵمانە، بەڵام دەبێت ماف و ئیمتیازاتی مەســـیحیەکانیش بپارێزرێت، هەر مافێك موسڵمانەکان هەیانبێت، دەبێـــت قیبتیەکانیـــش هەیانبێـــت، هەروەها قیبتیـــەکان نابێت تەنیـــا ئیمتیازیان هەبێت، بەڵکو بەرپرســـیاریێتیش پیشـــان بدەن لەئاست وڵاتەکەدا، دووبارە باشـــترین چارەسەر بەلای منەوە بۆ ناکۆکی ئایینی و سیاســـی بریتییە لەهاووڵاتیبوون)).

### چۆن لایەنە پێکناکۆکەکان لەیەکتری نزیکدەکرێنەوە

کێشەیەکی دیکەی ئاراستەی وەرچەرخانی تەنگژەکان، شـــکاندنی بەستەڵەکی نێوان لایەنە پێکناکۆکەکانـــە، زۆر وابـــووە لایەنەکانی ناو کێشـــەیەك لەناخی خۆیاندا ئەو قەناعەتەیان لا دروســـت بووە کە دەبێت کێشـــەکان بەدیالۆگ و رێگەچارەی ئاشـــتیانە چارەســـەر بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشـــتر پێی لەسەر هەندێك مەســـەلە داگرتـــووە، بۆیە خۆی لەئاشـــتی و زمانـــی دیالـــۆگ دەدزێتەوە، ســـەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیســـۆر بروس ئیدوارد کەین ئوستادی زانســـتی سیاسەت لەزانکۆی بیرکلی کرد، بەمجۆرە لەوەڵامی پرســـیارەکەی گوڵاندا رای خـــۆی دەربڕی و وتی: (ئەوەی ئێمە بەشێوەیەکی روو لەزیاد بیری لێدەکەینەوە ئەوەیـــە راگەیاندنی مۆدێـــرن و ژیانی دوور و دابڕاو لەیـــەك، گرژییەکانی نێـــوان پارتەکان و گرووپەکانـــی بەرژەوەنـــدی خراپتـــر دەکەن، ئێمـــە لەئەمریکا هەوڵدەدەین ئـــەوە پێچەوانەوە بکەینەوە بەوەی گرووپەکان لێکنزیك بکەینەوە، بەوەی کەمتر شـــتەکان بەئاشـــکرا بخرێنەروو، ئەویش بەخوڵقاندنی دۆخێك کە فشاری کەمتر لەئارادابێت لەلایەن گرووپە دەرەکیەکانەوە. ئەوەی جێی سەســـورمانە زۆرێك لەتوێژینەوەکان ئەوە دەخەنەروو کە باسکردنی شتەکان بەئاشکرایی و رێگەنەدان بەگفتوگۆیەکی هێمن، دەبێتەهۆی ئەوەی سیاسییەکان و سەرکردەکانی گرووپەکانی بەرژەوەندی ناچاربن بۆ گرووپەکانیان بسەلمێنن ئـــەوان پابەندن بەهەڵوێســـتەکانیانەوە، ئەمەش دەرفەتـــی گفتوگۆ کەم دەکاتـــەوە. ئێمە زۆر نیگەرانیـــن کە لەرۆژگاری ئێســـتادا خەڵکی زیاتر بەتەنگ ئەوەوەیە کە پتر دڵســـۆزبێت بۆ گرووپەکەی، نـــەك هەوڵدان بـــۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و سازشکردن. هەربۆیە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، ئەوەی ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین بریتییە لەکۆشـــەگیرکردنی گرووپـــە توندوتیژەکان و کەســـە توندوتیژەکان و ســـەپاندنی یاسا بەسەر ئەو کەســـانەدا کە رق بڵاودەکەنـــەوە، یان ئەو کەســـانەی هەڕەشە لەکەســـانی دیکە دەکەن، ئێمە هیواداریـن لەرێی سەپاندنی ئەم یاسایانەوە شـــێوازێك بســـەپێنین کە گفتوگۆ بەئاشتیانە بکرێت، زۆر زەحمەتە کەسێك بگۆرێت بەشتێکی دیکە کاتێك رقێکی توندوتیژی لەدڵدایە، لەبەر ئەوەی باشترین شت لەئەمریکا ئەوەیە توندبیت لەگەڵیانـــدا، بەڵام بوارێکی گەورەش بدەین بەو کەســـانەی ناتوندوتیژانە نارەزایـــی دەردەبڕن، کەواتە بەرزترین ئاســـتی ئازادی بەو کەســـانە دەدەین کە توندوتیژ نین و کەمترین ئازادیش بەو کەسانە دەدەین کە توندوتیژن)).





**ئەندازیار سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ گوڵان:**

# وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار مۆڵەتی بە پرۆژەی چاڤی گەشتیاری نەداوە ببێتە پرۆژەیەکی پشکدار

**ئەگەر پرۆژەی ئاوی ئیفرازی (٤) دەست پێ نەکات ئەوە بەشێکی زۆری هەولێر بێ ئاو دەبێت**

**لە ساڵی داێ پرۆژەی ئاوی چەمچەماڵ دەست پێ دەکات**

**کارگەی ریسایکلینی دهۆک بەشێوەیەکی باش کار دەکات و بەرهەمیشی هەیە**



وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بە یەکێك لەو وەزارەتە گرنگانە دادەنرێت کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، پرۆژەکانی ئاوئاوەڕۆ و شەقام و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی دیکەی شارەوانی لەڕیزبەندی پێشەوەی ئەو پرۆژانە دێت کە هاووڵاتیان بە بەردەوامی پێویستیانە، لەگەڵ باشتربوونی بژێوی ژیان و گەورە بوون و فراوان بوونی شارو قەزاو ناحیەو گوندەکان چەندین پرۆژەی دیکەمان پێویستە.

لەم دیمانەیەدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز سەمیرعەبدوڵڵا وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار کردو ڕاشکاوانە وەڵامی ڕەخنەو پرسیارەکانی داینەوە کە لەم دیمانە تایبەتیەدا بڵاوی دەکەینەوە.







*** لە ماوەی ساڵی ٢٠١١ وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار یەکێك بوو لەو وەزارەتانەی بووە بە بەشێك لە پرۆسەی چاکسازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پرسیاری ئێمە لە وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار ئەوەیە ئایا چۆن توانیتان لەم چوارچێوەیەدا هاوکاری پرۆژەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بن؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە پرۆژە چاکسازییەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی کارەکانی سەرجەم وەزارەتەکانی گرتۆتەوە، بەڵام وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لەبەر ئەوەی وەزارەتێکی خزمەتگوزارییە بەشێوەیەکی تایبەتیش وەزارەتی ئێمەی گرتۆتەوە، بۆیە ئێمە لەو بەشەی پەیوەندی پێمانەوە هەبووە، بەوپەڕی تواناوە کار ئاسانیمان پێشکەشکردووە و هەوڵمانداوە هۆکارێك بین بۆ سەرخستنی تەواوی پرۆژەی چاکسازییەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لایەنی سەرەکیش لەناو ئەو پرۆژەیە کە تایبەت بوو بەوەزارەتی ئێمە، مەسەلەی تەرخانکردنی زەوی موساتەحە بوو، کە هەموو لایەك دەزانن ئەم

**پرۆژەی چاکسازی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی زۆر لەو زەویانەی درابوون بە موساتەحە هیچ کاریان لەسەر نەکرابوو هەموویان گرێبەستەکانیان هەڵبوەشێنینەوە، کە نزیکەی چوارسەد گرێبەست بوو**

لایەنە زۆر گرنگ بوو، بێگومان پێش دەستپێکردنی پرۆژەکەی سەرۆکی هەرێم، ئێمە وەك وەزارەت دەستمان کردبوو بە بەدواداچوونی زەوییەکان، بەڵام کە پرۆژەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، هێزێکی گەورەی دا بە بەدواداچوونەکانی ئێمەو بووە هۆکاری ئەوەی بتوانین ئەم لایەنە گرنگە تەواو کۆنترۆڵ بکەین، وەك دەبینرێت دوای ئەوەی بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم لە ٢٠١١/٤/١٩ هات، توانرا ژمارەیەکی هێجگار زۆر لەو زەویانەی درابوون بە موساتەحە و هیچ کاریان لەسەر نەکرابوو هەموویان گرێبەستەکانیان هەڵبوەشێنینەوە، کە نزیکەی چوارسەد گرێبەست بوو هەڵوەشێنراونەتەوە، کێشەیەکی دیکە لەگەڵ ئەو پرۆژانە بوو کە ئیشیان تێدا کرابوو بەڵام ئیشەکە ڕاگیرابوو، بۆیە بەپێی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم ئەوانیش بەدواداچوونی یاساییان بۆ کراوەو ڕێوشوێنی یاسایی لەبەرامبەریان وەرگیراوە، ڕێوشوێنەکەش بەو جۆرەیە بەپێی یاسا کاتێکی دیکەیان پێدەدرێت ئەگەر نەتوانرا کارەکە لەو ماوەیە تەواو بکەن، ئەوا گرێبەستی ئەوانیش هەڵدەوەشێنرێتەوە، کێشەی سێیەمیش ئەوەبوو کە زەوی بەشێوەی موساتەحە درابوو بەڵام ئەوەی لە گرێبەستەکەدا هاتبوو لەسەر زەوی پێکهاتەکەی گۆڕدرابوو، بۆ ئەمەش بەدواداچوون کراوەو دەبێت بیگێڕێتەوە بۆ شێوەی خۆی و ئەو گۆڕانکارییانە نەهێڵێت.

*** بەپێی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، ماوەی ڕاگرتنی تەرخانکردنی زەوی بەشێوەی موساتەحە بۆ دوومانگ بوو، واتە دەبێت لەدوای ئەو دوومانگە دەستی پێکرابێتەوە، ئایا ئێستا ئێوە زەوی بەشێوەی موساتەحە تەرخان دەکەن؟ ئەگەر تەرخانی دەکەن میکانیزمی نوێتان بەچ شێوەیەکە؟**

- بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم راستە بۆ دوومانگ ڕاگیرابوو، بەڵام دەستپێکردنەوە بە تەرخانکردنەوەی زەوی پێویستی بەڕێنمایی تازە هەبوو، بۆیە هەتا ڕێنمایی تازەش دەرچوو هەندێك دواکەوت، بۆیە بەپێی ئەو ڕێنماییە تازانە ئێستا ئێمە دەتوانین بەشێوەیەك دەست بە تەرخانکردنی زەوی بکەین کە ڕووبەڕووی گرفتی پێشان نەبینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەپێی ئەو ڕێنماییە تازانە دەبێت پلانمان هەبێت، ئەمەش واتە ئێمە وەك وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار پێویستە پلانێکمان هەبێت بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان دیاری بکەین، ئەمەش لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانیەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و گەرمیان و بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەرسێ پارێزگا دەبێت پلان بۆ پێداویستیەکانی ناوچەکان دیاری بکەن، ئەوسا بەپێی ئەو پێداویستیانەی لەپلانەکەدا دیاری کراون زەوی تەرخان دەکەین، ئەم خاڵە گرنگەی پێویستە ئاماژەی پێبکەین، ئەویش ئەوەیە کە لەمەودوا هەر زەوییەك تەرخانبکرێت بۆ وەبەرهێنان بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت، هەروەها پرۆژە چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لایەنی کەرتی گەشت و گوزاری گرتەوەو زەوییەکی زۆر تەرخانکرابوو بۆ پرۆژەی گەشتیار، بۆیە ئەوانەی زەوی گەشتیاریشی گرتەوە، ئەو زەویانەشی بۆ پرۆژەی گەشتیاری تەرخانکرابوون بە هەمان شێوەی زەوییەکانی موساتەحە مامەڵەیان لەگەڵداکراوە.

*** لایەنێکی دیکە کە خەڵك زۆر بەگەشبینیەوە سەیری وەزارەتی شارەوانی دەکرد لە کابینەی شەشەم بەرنامەی بەڕێزتان بوو بۆ چۆنیەتی پاککردنەوەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك بوو، بەڵام ئێستا هەولێر کە پایتەختە گرفتی خاوێن کردنەوەی هەیە، ئایا هۆکاری ئەم گرفتە چییە؟**

- بەڵی راستە، منیش دەڵێم، شاری هەولێر بەو ئاستەی پێویستە خاوێن بکرێتەوەو وەك پایتەختێکی پاك و خاوێن پیشانی بدەین، تا ئێستا ئەم خزمەتگوزارییە بەو شێوەیە نەبووە، پێشتر پاککردنەوەی هەولێر درابووە کۆمپانیایەك، بەداخەوە نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکات، بۆیە ئێمە سنووری دوو شارەوانیمان لەناو شاری هەولێر لێوەرگرتەوە، کە ئەوانیش شارەوانی یەك و چوار بوو، بۆ ئەوەی بتوانن بەشەکەی دیکە بە جوانی خاوێن بکەنەوە، ئەمە تۆزێك کارەکەی باشتر کرد، بەڵام لەم حاڵەتە وادەی گرێبەستەکە بەرەو تەواو بوون چوو، ئێمە بیرمان لەوەکردوە هەولێر بکەینە دوو زۆن، ئەم دوو زۆنەش فراوانکرا هەموو ئەو شوێنانەی دەگرتەوە کە ماستەر پلانی هەولێر دەیگرتەوە، واشمان پلان دانابوو هەر زۆنێکیان بدەینە کۆمپانیایەك بۆ ئەوەی دوو کۆمپانیا کارەکە بکەن و ململانێ لە نێوانیاندا هەبێت و کێشەکانی پێشوو دووبارە نەبنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمجارەش لە پرۆسەی کردنەوەی تەندەرین کۆمپانیایەکی بەریتانی هەردوو گرێبەستەکەی بردەوە، بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیا بین کارەکە بە باشی دەکات ئێمە گرێبەستی تەنیا یەك زۆنمان لەگەڵ کرد، هۆکاری ئەم دوودڵیەشمان ئەوەبوو ئەو پارەیەی ئەو کۆمپانیا بەریتانیا دایناوبوو زۆر لەخوار ئەو دەرخستەیە بوو کە ئێمە بۆمانکردبوو، لەگەڵ ئەم مەترسیەی ئێمە کونسوڵیەتی بەریتانیا لەهەرێم زۆر پشتگیری ئەو کۆمپانیایەی کرد بەوەی کۆمپانیایەکی زۆر باشە، بەڵام ئێمە کە ١٥ی تەمموز گرێبەستمان لەگەڵ کرد ماوەی دوومانگمان بۆ دیاری کرد بۆ ئەوەی دەست بەکار بێت، واتە دەبوو لە ١٤ی ئەیلول دەست بەکار بووایە، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە ١٤ی ئەیلوول هاتن وتیان ماوەیەکی دیکەمان بدەنێ هەتا ئالیەتەکانمان دێنین و دەست بەکار دەبین، بۆیە ئێمە راشکاوانە پێمان راگەیاندن کە ئەگەر ئەو کارەتان پێ ناکرێت وازی لێ بێنن، هەر بۆیە من مۆڵەتی هەتا سەرەتای مانگی١١م دانێ بۆ ئەوەی بتوانن کاری خۆیان ڕێکبخەن و دەست بەکار بن، بەڵام بەداخەوە دیسان هەر نەیانتوانی بۆیە مۆڵەتی دووهەفتەمان دانێ ئەگەر نەتوانن بیکەن گرێبەستەکە هەڵدەوەشێنینەوە، بۆیە ئێستا ئەو گرێبەستمان هەڵوەشاندۆتەوە، هەولێرمان کردۆتە شەش زۆن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئاسان تر بێت، بۆ ئەمەش ئەم ئەرکەمان سپاردووە بە شارەوانی هەولێر و پارێزگای هەولێر ئەوانیش چەندین تەندەریان ئامادەکردووە، لە چەند رۆژی داهاتوو لیژنەی شیکردنەوەی تەندەرەکان هەموو تەندەرەکان شیدەکەنەوە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن.

*** ئایا سەبارەت بە خاوێنکردنەوەی هەردوو پارێزگای سلێمانی و دهۆك چی دەڵێن؟ ئایا ئەوانیش هەمان کێشەی هەولێریان هەیە؟**

- پاککردنەوەی سلێمانی دراوەتە دوو کۆمپانیا یەکێکیان کۆمپانیای شینکی یە ئەوەی دیکەیان ئۆسرەمە، ئەوان داوایان کردبوو گرێبەستەکەیان درێژ

**زەوی بەشێوەی موساتەحە درابوو بەڵام ئەوەی لە گرێبەستەکەدا هاتبوو لەسەر زەوی پێکهاتەکەی گۆڕدرابوو، بۆ ئەمەش بەدواداچوون کراوەو دەبێت بیگێڕێتەوە بۆ شێوەی خۆی و ئەو گۆڕانکارییانە نەهێڵێت**

**لە ساڵی دادێ کێشەی زێدەڕۆیی و خانووی بێ تاپۆ و کۆژانەوەی زەوی چارەسەر دەکرێت**

بکرێتەوە، ئێمەش تا کۆتایی ئەمساڵ گرێبەستەکەمان بۆ درێژکردونەتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ گلەیەکمان بۆ نەهاتووە کە پێمان بڵێن ئەوان کەمتەرخەمن لە خاوێنکردنەوە.

لەشاری دهۆکیش زۆر ڕازین لە پاککردنەوەکە و دیارە ئەو کۆمپانیایەی خاوێن کردنەوەی دهۆکی وەرگرتووە بە باشی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، هەمان کۆمپانیا سێمێل و زاخۆش خاوێن دەکاتەوە.

*** ئەمە سەبارەت بە خاوێن کردنەوە، لایەنێکی دیکە مەسەلەی چارەسەرکردنی زبڵ و خاشەکە، ئەمەش پێویستی بە کارگەی ریساکلینە، ئایا تا ئێستا چەند کارگەی ڕیسایکلین لە هەرێمی کوردستان هەیە؟**

بۆ شاری هەولێر گرێبەستێکمان لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەنەدی کردووەو ڕێککەوتوین کە دوو کارگەی ریساکلین لە هەولێر دروست بکات، یەکێکیان لە ڕۆژهەڵات و ئەوی تر لە ڕۆژئاوای شاری هەولێرە، ئەو دوو کارگەیە ڕۆژانە دەتوانێت نزیکەی دوو هەزار تەن زبڵوخاشاك لێك جیابکاتەوەو بەشێوەیەك کە دووبارە سوودی لێ وەربگیرێتەوەو بڕێك لەو زبڵوخاشاکەش دەبێتە وزەو ئێمە لەگەڵیان وا ڕێکەوتووین کە ئەو وزەیەیان بە خۆڕایی لێ وەردەگرین. لەدهۆك ئێستا لە ناوچەی کواشێ کارگەیەکی ڕیسایکلین دانراوەو کاریش دەکات و بەشێوەیەکی باش زبڵوخاشاکەکە لێك جیا دەکاتەوە و بەرهەمیشیان هەیە، ئەم کارگەیە هەموو ناوچەکە سوودی لێ وەردەگرن و زبڵوخاشاکی زاخۆش دێنە ئەو کارگەیەو تا زۆنی ئاکرێش دادەنرێت ئەوە بۆی هەیە زبڵوخاشاکەکەی ببەنە ئەو کارگەیە، ماوەیەکە زۆنی ئاکرێش کەوتۆتە کارو تیمێك خەریکە بچنە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی کارگەکە دەستنیشانی بکەن و بیهێنن، چونکە دەبێت لە ڕۆژی واژۆکردنی گرێبەستەکەوە تا ماوەی ٨مانگ ئەو کارگەیە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە دابمەزرێت. زۆنی شەقڵاوە کارگەکەی لە لایەن تیمێکەوە لە وڵاتی ئیتاڵیا دەستنیشانکراوە لە ماوەیەکی کورتدا ئەو کارگەیەش دادەمەزرێت و دەست بەکارەکانی خۆی دەکات، هەروەها لە زۆنی سۆران کە قەزاکانی چۆمان و ڕواندز و مێرگەسورو سۆران لەخۆ دەگرێت و کارگەی ڕیسایکلینەکەشی تا ماوەی ٥مانگی تر دادەمەزرێت و تا نیوەی ساڵی ٢٠١٢ هەموو کارگەکانی ڕیسایکلین دادەمەزرێن ئەو کاتە کێشەی زبڵوخاشاکمان نامێنێت.

*** کێشەیەکی دیکەی خزمەتگوزاری سەرەکی دابینکردنی ئاویخواردنەوەیە بۆ هاووڵاتیانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، هەست دەکرێت ئەم لایەنە لە هەندێ شوێنە زۆر باش هاتووە و لە هەندێ شوێنان زۆر خراپە، بۆ نموونە هەندێ پڕۆژە هەیە ماوەی دوو ساڵە بەردی بناغەی دانراوە و تا ئێستا دەستی پێ نەکردووەو پڕۆژەی تر هەیە کە دەبووایە لە ماوەی دوو ساڵ تەواو بووایە وەکو پڕۆژەی ئاوی کۆیە ئەوە ماوەی ٧بۆ ٨ساڵە تەواو نەبووە، ئێمە حەز دەکەین لە وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار بپرسین؛ ئایا بەرنامەی بۆ ئەو خزمەتگوزارییە سەرەکییە چییە و بۆچی هەندێ پڕۆژە دەستی پێ نەکردووەو هەندێکیش هەر سەرکەوتوو نەبوونە؟**

- بەڕاستی پڕۆژەکانی ئاو پڕۆژەی زۆر گرنگن و زۆر سەختیشن، ئەگەر دیزاینی باشی بۆ نەکرابێت، ئەوە ئەو کێشەو گرفتانە دروست دەبێت، بەداخەوە لە پارێزگای سلێمانی و لە گەرمیان تووشی ئەو گرفتانە بووین، لە ڕانیەو قەڵادزی و کەلارو کۆیە لەپرۆژەکانی ئاویخواردنەوە تووشی دیزاینی خراپ بووین، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ئەو پرۆژانەی لەساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ دەستیان پێکراوە هەتا ئێستا تەواو نەبوون، ئەوپرۆژانە دووبارە دیزاین کراونەوە و دەرخستەی زیادەیان بۆ ئەنجامدراوەو، دەتوانم بڵێم ئەو پرۆژانە ئێستا لە قۆناخی کۆتاییدان، هەر بۆنموونە پڕۆژەی ئاوی کەلار بەشێکی سوودی لێ وەردەگیرێت و ناوچەی رزگاری ماوەو ئەوەش پاش ماوەیەکی تر تەواو دەبێت، پڕۆژەی ئاوی ڕانیەو قەڵادزێ کێشەی تەغیری ئەمر هەیە کە تا ئێستاکە لە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر نەدراوە، پڕۆژەی ئاوی ڕانیە نزیکەی شەش ملیۆن و حەفت سەد هەزار دۆلاری پێویستە و پڕۆژەی ئاوی قەڵادزێ دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دۆلاری دەوێت و ئەو برە پارانە زۆر پێویستن بۆ تەواو کردنی پڕۆژەکان و پڕۆژەی ئاوی کۆیێ کێشە لە نێوان بەڵێندەرەکان هەبوو و ئێستا کێشەکە کۆتایی هاتووەو پڕۆژەکە دەبێت بۆ مانگی ٣و٤ی ساڵی ٢٠١٢ تەواو ببێت، سەبارەت بە دەڤەری بادینان کێشەی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەمان نییە، چونکە پڕۆژەی ئاوی زاخۆ و دهۆك (١ و٢) تەواو بووە و پڕۆژەی ئاوی ئامێدی دەستی پێ کردووەو لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، پڕۆژەی ئاوی ئاکرێ بەداخەوە لەسەر هەندێ هۆی هونەری دواکەوتووە ئێستا لە قۆناغی تەندەرکردن دایە، سۆران و بێخاڵ هیچ کێشەیان نییە و پڕۆژەی ئاوی مێرگەسور بۆ ٤٢گوند بوو لە پاشان ٢٢ گوندی تر زیادبوو و سنووری پیرانیش خرایەسەر ئەو پڕۆژەیە، پڕۆژەی ئاوی بارزانیش کە ٥١ گوند لەخۆ دەگرێت و ئەم ساڵ دەست پێ دەکات و پڕۆژەی ئاوی چەمچەماڵ بودجەی بۆ تەرخانکراوە کە بڕی ١٣٠ملیار دینارەو ئەویش ئەمساڵ دەست پێ دەکات کە پڕۆژەیەکی زۆر گەورەیە کە ناوچەی چەمچەماڵ لە کەمئاوی ڕزگار دەکات، سەبارەت بە هەولێر کە زۆر بەرفراوان بووە و ئاوی ئیفرازی (٣) بەشی ناکات، بۆیە پلان و بەرنامەمان هەیە کە پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی چوار دەست پێ بکات، ئێستا پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی چوار لە قۆناغی دیزاین کردندایە و لە ساڵی ٢٠١٢ پڕۆژەکەش دەست پێ دەکات، دڵنیاین دەست پێدەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی (٤) دەست پێ نەکات ئەوە بەشێکی زۆری هەولێر بێ ئاو دەبێت، بەجێبەجێ کردنی ئەم پڕۆژەیەش قورساییەکی زۆر لەسەر شاری هەولێر کەم دەبێتەوە. ئاوی قەندیل بۆ کۆڕێ و شەقڵاوەو مەسیف، ئەوەش قۆناغێکی باشی بڕیوە تا ئێستا لە ٧٠٪ی تەواو بووە لە مانگی ٤و٥تەواو دەبێت، هەروەها جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پڕۆژەی ئاوی ناوچەی شوان بڕی زیاتر لە نۆ ملیار دیناری تەرخانکرد بۆ ئەوەی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە بۆ ١٣٥ گوند ئەنجام بدرێت کە ئەمەش قۆناغێکی گرنگ و ڕێژەیەکی زۆر لە کێشەی کەم ئاوی لەناوچەکە چارەسەر دەکات.

*** راستە ئێوە بەرنامە و پلانتان هەیە و پڕۆژەکانتان دیزاین کردووە، بەڵام جێبەجێکردنی پڕۆژەکان زۆر داوادەکەون، هەربۆ نموونە ٤ ساڵە دەڵێن پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی (٣) لە شەش هەزار مەتر سێ جاوە فراوان دەکەن بۆ ١٠ هەزار مەتر سێ جا، بەڵام تا ئێستا نەکراوە، دەڵێن ئاوی هەڵەبجە و هەموو تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوەی هەولێر و سلێمانی نۆژەن دەکرێتەوە بەڵام نەکراوە، پرسیار ئەوەیە هۆکاری دواکەوتنی ئەم پرۆژانە چین؟**

- سەبارەت بە فراوانکردنی پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی ٣ ئەوە کۆرییەکان بەم کارە هەڵدەستن و ئەوانیش بە پێی بەرنامەی خۆیان ئیش دەکەن لە ماوەیەکی کەمدا لە مانگی ٣و٤دا ئەو پڕۆژەیەش تەواو دەبێت و ڕێژەی ئاوەکە دەبێتە ١٠هەزار مەتر سێجا، هەروەها بڕیارە ڕێکخراوی جایکا تۆڕی ئاوی هەڵەبجەو هەولێرو دهۆك و سلێمانی نۆژەن بکاتەوە و ئەمەش پڕۆژەیەکی زۆر گەورەیەو ئێستا دەگاتە قۆناغی جێبەجێکردن، پڕۆژەی ئاوی هەڵەبجە هەندێ کێشەو گرفتی هەیەو ئێستا لیژنەیەکمان داناوە بۆ ئەوەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پڕۆژەیە و کێشەکانی بکات، تاوەکو بزانین بۆ تا ئێستا کێشەکانی ئەو پڕۆژەیە چارەسەر نەکراوە، گرفتەکانیش زیاتر لەگەڵ بەڵێندەر و لایەنی هونەرییەکەیەتی، ئینجا پاش ئەوەی لیژنەکە لە لێکۆڵینەوەی خۆی تەواو دەبێت و ئێمەش تەماشای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکە دەکەین و خاڵی سەرەکی و هۆکاری کێشەکانمان بە تەواوی بۆ ڕوون

**لە مانگی سێ و چواری ساڵی دادێت پرۆژەی ئاوی کۆیە تەواو دەبێت**

**ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی بۆ پاککردنەوەی شاری هەولێر مۆرکرابوو هەڵمانوەشاندەوە. چونکە نەیانتوانی لەکاتی دیاریکراو دەست بەکاربن**





دەبێتەوە.

*** خزمەتگوزارییەکی دیکە کە زۆر گرنگەو هەموو شارەکانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و هەولێر بەتایبەتی پێویستیانە، نەبوونی خزمەتگوزاری ئاوەڕۆیە، بۆ ئەم خزمەتگوزارییەتان فەرامۆش کردووە؟**

- ئەم لایەنە فەرامۆش نەکراوە، بەڵکو لە ئەولەویاتی پڕۆژەکانی ستراتیژی ئێمەدایە، لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١١هەوڵماندا کە ئەو پڕۆژانە بەتایبەتی پڕۆژەی ئاوەڕۆی قورسی شاری هەولێر لە بەرنامە دابێت، بەڵام ئەو پڕۆژانەش بودجەیەکی زۆریان دەوێت، تەنیا پڕۆژەی ئاوەڕۆی ئاوی قورسی شاری هەولێر نزیکەی ٨٠٠ملیۆن دۆلاری پێویستە، بۆیە نەمانتوانی ئەو پڕۆژەیە دەست پێ بکەین، هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠١١ بودجەیەکی گەورە بۆ وەزارەتی کارەبا تەرخانکرا، بودجەی وەزارەتەکانی دیکە کەمکرایەوە، بەڵام لە ساڵی( ٢٠١٢ ) پڕۆژەی ئاوەڕۆی هەولێر لەبەرنامەدایەو پەسندیش دەکرێت و قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکەش دەست پێ دەکات و لەگەڵ پڕۆژەکەدا پاڵاوگەی ئاوی قورسیش دادەنرێت، وتومانە بەهەر شێوەیەك بێت ئەگەر بە قەرزیش بێت ئەوە دەبێت ئەو پڕۆژەیە دەست پێ بکات، هەروەها بۆ ساڵی ٢٠١٢ پلانمان داناوە کە دەبێت هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ماستەرپلانی ئاوەڕۆی بۆ دروست بکرێت، چونکە هەموو هەرێمی کوردستان کێشە و گرفتی ئاوەڕۆی هەیە، هەرچەندە لە شاری دهۆك کێشەکە کەمترە، هەروەها سلێمانی ئاوەڕۆی هەیەو لە دهۆکیش باشترە.

**لە ڕانیەو قەڵادزی و کەلارو کۆیە لەپرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە تووشی دیزاینی خراپ بووین، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ئەو پرۆژانەی لەساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ دەستیان پێکراوە هەتا ئێستا تەواو نەبوون**

*** لایەنێکی دیکە کە لەم دیدارە تیشکی دەخەینە سەر مەسەلەی زێدەڕۆیی و ماستەرپلانی هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەمەش و زۆر جار کە باسی زێدەڕۆیی دەکرێت ڕاستەوخۆ هاووڵاتی تاوانبار دەکرێت، بەڵام کە بەدواداچوونیش دەکرێت دەبینین هۆکارەکەی دواکەوتنی ماستەرپلانە ئایا بۆ کێشەی ماستەرپلانی شارو شارۆچکەکان و زێدەڕۆیی چ بەرنامەو پلانێکتان بۆ چارەسەرکردنی هەیە؟**

- بەڕاستی هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت بە زووترین کات ماستەرپلانیان بۆ دروست بکرێت، ئێستا ماستەرپلانی چەندین شارو شارۆچکە کەوتونەتە قۆناغی جێبەجێکردن و بە دەیەها شارۆچکەش قۆناغی باشی بڕیوە و هەیە تەواو بووە. کە ماستەر پلانەکانیش تەواوبوون خەڵك ناچار نابێت زێدەڕۆیی بکات، لەبەر ئەوەی بەپێی ماستەر شوێنی نیشتەجێ و خزمەتگوزارەکانی دیکەش دیاری دەکرێت، هەر بۆ نموونە ئێستا زۆر شوێن زێدەڕۆیی لەسەر کراوەو بەپێی نەخشەی بنەڕەتی ئەو شوێنە نابێت بکرێتە شوێنی نیشتەجێ، بەڵام کە سەیریشی دەکەین هۆکارەکەی نەبوونی ماستەرپلانە، ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زێدەڕۆیی کۆبوونەوەیەکی دوورو درێژمان لەگەڵ لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی و لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانی لە پەرلەمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی سێ کێشە هەیە چارەسەر بکرێت، یەکەم: کێشەی زێدەڕۆییە، دووەم: کێشەی خانووی بێ تاپۆیە، سێیەم: کێشەی کوژاندنەوەی زەوییە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێشنیارمان کردبوو دەستەیەکی باڵا لە وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ و شارەوانی و داد و دارایی) پێکبهێنرێت و خۆی تەرخان بکات بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشانە، ئەم دەستەیە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەند کرا، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بۆیە هەرسێ کێشەکە ڕووبەڕووی وەزارەتی شارەوانی کرایەوە، ئێستا ئێمە چەند پرۆژەیەکی یاسایمان پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە و بڕیارە لەسەرەتای ساڵی دادێ بچێتە پەرلەمان و پەسند بکرێت، ئەوجا بەڕێگەی لیژنە جیاواز و تایبەتەکان کە لە شارو شارۆچکە و ناحیەکان هەیە، ئەوە کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت.

*** کێشەیەکی دیکە مەسەلەی کێشەی نیشتەجێبوونە، ڕاستە وەزارەتی شارەوانی خۆی یەکەی نیشتەجێبوون دروست ناکات، بەڵام لەبەر ئەوەی زەوی بۆ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ پرۆژەکان دابین دەکات و بۆ هاووڵاتیانیش، بۆیە کارو ئیشە سەرەکییەکە دەکەوێتە سەر وەزارەتی شارەوانی و ماوەی ٥ساڵە دابەشکردنی زەوی ڕاگیراوە، ئایا کە زەوی دابەشکردنتان ڕاگرتووە چۆن کێشەی نیشتەجێ چارەسەر دەکەن؟**

- ئێمە تا ئێستا چەندین هەزار پارچە زەوی نیشتەجێبوونمان لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بەسەر هاووڵاتیان دابەشکردووە، بەڵام زۆربەیان تا ئێستا خانوویان لەسەر دروست نەکردووەو لەم لایەنەوە کە هاووڵاتیان لەسەر ئەو پارچە زەویانە خانوویان دروست نەکردووە تەنیا گوناهەکە لەسەر هاووڵاتیان نییە، بەڵکو بەشێکی زۆری بۆ وەزارەتی شارەوانی دەگەڕێتەوە کە پڕۆژەی خزمەتگوزاری نەگەیاندۆتە ئەو شوێنانە، هۆکاری ئەمەش کەمی و نەبوونی بودجەی پێویستە، سەبارەت بەوەی بۆچی حەز ناکەین زەوی دابەش بکرێت، چونکە ئەو زەوییانە هەر هەموو بەشێوەی ئاسۆیی دابەش دەکرێت و بەم شێوەیەش دەبێت خزمەتگوزاری بگەێنینە هەر هەموو ئەو شوێنانە، ئەمەش زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەگەر یەکەی نیشتەجێبوون بەشێوەی ستوونی بێت ئەوە کارەکان ئاسانتر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو پلانە دانراوە کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بەو پڕۆژەیە هەستا کە ساڵانە ٥هەزار یەکەی

**منیش لەگەڵ ئەوەدام نابێت شوێنەواری قەیسەری کۆنی کفری وا کاولبکرێت. بەڵام کێشەکە کێشەی بودجەیە. ١٦-١٨ ملیار دیناری دەوێت تاوەکو ئەو شوێنەوارە مێژوویە نۆژەن بکرێتەوە**





نیشـــتەجێبوون دروست بكات، كە بڕی پارەی تێچوو بۆ هەر ساڵێك ٢٥٠ ملیار دینارە، بۆ ئەوەی كێشەی نیشـــتەجێبوون چارەســـەر بێت و ئێمەش لە هەندێ شـــوێن جێگامان ببێتـــەوەو ئەوە نەبێـــت كە پەرت وبڵاوو بین و نەتوانین خزمەتگوزاریشـــی بۆ ببەین و كێشەكەش چارەســـەر دەبێت. بۆ دابەشكردنی ئەم شوقانەش چەندین مەرج هەیە، یەكێك لە مەرجەكان ئەوەیە دەبێت كرێچی بێت، دووەم ســـوودمەند نەبێت و خانووی نەبێـــت، بۆ زانینی ئەو مەرجانەش فۆڕم دابەش دەكرێت و ئەو كەســـەی داوای شوقە دەكات ئەو فۆرمانە پڕی دەكاتەوە لە پاشان لە كۆمپیوتەرو لە لایەنی پێوەندار تەئكید لەســـەر زانیارییەكانی ناو فۆڕمەكان دەكرێتەوە و شارەوانی و فەرمانگەی تاپۆو پارێـــزگا و وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشـــتەجێكردن بەشـــێكی پێوەندار دەبن لە پرۆســـەی دابەشكردنی یەكەی نیشتەجێیەكان. شێوازی پارەكەشی بە قەرزی درێژخایەنە بۆ ماوەی ٢٠تا٢٥ساڵ دەبێت و پێشینەش وەرناگیرێت و قورســـایی بە هیچ شێوەیەك ناكەوێتە سەر هاووڵاتی.

*** ماوەیـــەك لەمەوپێش ڕاتانگەیاند كە زەوی بە شـــەهیدانی ســـەنگەر دەدەن، بەڵام تەماشا دەكەیت ئەو ژمارەكەمەشـــتان پێ ئامادە نەكرا، هۆكارەكەی چییە؟**

- بەڵی ئەمە راستە بڕیاردراوە نزیكەی ١١ هەزار پارچە زەوی بۆ شـــەهیدانی سەنگەر لەسەرانسەری كوردســـتان دابین بكرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ وەزیـــری شـــەهیدان و ئەنفالكراوەكان لەســـەر ئەو بابەتـــە كۆبوونەوەمان كردو گشـــتاندنمان بۆ هەموو شـــارەوانییەكان كرد بۆ ئەوەی زەوی بۆ شەهیدانی ســـەنگەر بەپێی ئەو ئامارەی كە ئێمـــەو وەزارەتی شـــەهیدان و ئەنفالكراوەكان هەمانە دابین بكەن، لە پارێزگای هەولێرو دهۆك ئاماری شەهیدانی سەنگەر هەمووی ئامادەكراو لە ســـلێمانی تەنیا ٤٠٠ پارچە زەوی ئامادەكراوە، بەڵام لە گەرمیان و هەموو شارو شارۆچكەكانی تر هیچ ئامادە نەكراوە.

*** ســـاڵی پـــار بۆ ماوەیـــەك مۆڵەتـــی خانوو دروستكردنتان لەســـەر زەوی ١٠٠ مەتری ڕاگرت، پاشان لەهەندێك شوێن كردتانەوەو لەهەندیك شوێنی دیكـــە وەك خـــۆی مایـــەوە، ئایا بـــۆ مۆڵەت بە دروستكردنی خانوو لەسەر زەوی ١٠٠ مەتری نادەن، یان لەچەند گەڕەكێك دەیدەدەن و لەچەند گەڕەكێكی دیكە نایدەن؟**

- مەســـەلەی ١٠٠ مەتری واتە دابەشـــكردنی پارچەیەك زەوی ٢٠٠ مەتری بۆ دووبەش، واتە خۆی ١٠٠ مەتـــری نییە بەڵكو دەكرێتە ١٠٠ مەتری، ئەم دابەشكردنەی پارچە زەوی ٢٠٠ مەتری بۆ دووبەش كۆمەڵێك كێشە دروست دەكات، كە ئێستا لەژمارەیەك گەڕەكـــی هەولێر بوونی هەیە، هەر بۆ نموونە بەپێی نەخشـــە ئێمە گەڕەكێكمان دروست كردووە بۆ ئەوەی ١٠هەزار هاووڵاتی تێدا نیشتەجێ بێت، ئەمەش واتە ئێمە بەپێی ئەو ژمارەیەی دیاریمان كردووە، شوێنی قوتابخانەو باخچەی ســـاوایان و بنكەی تەندروستی و مزگـــەوت و شـــوێنی ســـەوزاییمان دیاریكردووە، بۆیە كاتێـــك ئـــەم زەوییانە دابەشـــی دوو دەكرێت واتە ژمارەی خانووەكان بـــووە دوو ئەوەندەو ژمارەی دانیشتووانەكەشـــی بووە دوو ئەوەندە، بۆیە ئەو ژمارە زۆرە كێشە بۆ كارە خزمەتگوزارییەكان دروست دەكات، ئەمە بێجگە لەوەی شـــێوازی تەلارسازی شارەكەش دەشـــێوێنێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش سەبارەت بەهەندێك گەڕەكی شاری هەولێر كە بەشێكی زۆری زەوییەكانیان دابەشـــی ٢ كردووە، ئەوا بڕیارماندا ئەو بەشەشـــی كەماوەتەوە مۆڵەتیـــان پێ بدەین و خانوو دروســـت بكـــەن لەســـەر زەوی ١٠٠ مەتری، بەڵام هەندێـــك گەڕەكی دیكە كە هێشـــتا ئەم دیاردەیەی تێدا دروست نەبووە، بەراستی ڕاست نییە بوار بدرێت ئەم دیاردەیە ئەو گەڕەكانەش بگرێتەوە. لەبەر ئەوەی كێشەی نیشتەجێ بە دابەشكردنی پارچە زەوییەك بۆ دوو ١٠٠ مەتری چارەسەر نابێت، كێشەی نیشتەجێ بە پلان چارەســـەر دەبێت، بۆ ئەمـــەش حكومەتی هەرێمی كوردستان پلانی خۆی هەیە، پلانەكەشمان وەك پێشتر ئاماژەم پێكرد بەو جۆرەیە كە ئەنجومەنی وەزیرانیش پەســـەندی كردووە، بەوەی ساڵی ٥ هەزار یەكەی نیشتەجێ بەشێوەی شوقە دروست بكرێت.

*** ئایا بە نیازنین چاوێك بەو بڕیارە بخشـــێننەوە، ســـەبارەت بەو خەڵكانەی ئێستا زەوی ١٠٠ مەتریان هەیـــە و لـــەو گەڕەكانەش نین كە ئێـــوە مۆڵەتیان پێدەدەن؟**

- ئەو گەڕەكانەی مۆڵەتیان پێدراوە خانوو لەسەر زەوی ١٠٠ مەتری بكەن، چەند گەڕەكێك نین بەڵكو ژمارەیەكـــی زۆر لە گەڕەكەكانی هەولێر دەگرێتەوە، ئێستا ئەم مەسەلەیە بەدواداچوونی بۆ كراوەو پلانێكی بۆ دانراوەو پلانەكەش لە ســـەرۆكایەتی شـــارەوانی هەولێرە، ئێســـتا ئەم بڕیارە بەو شێوەیە كە هەموو ئەو گەڕەكانە دەگرێتەوە كە پێویســـتیان بەوەیە كە خانوو لەسەر ١٠٠ مەتری بكەن، بەڵام زۆر شوێنیش هەیە پێویستیان بەوە نییە كە خانووی ١٠٠ مەتری دروست بكەن، بۆیە ئەو شوێنانەی پێویستیان پێی بێت چاوی پێدادەخشێنینەوە.

*** لایەنێكـــی تر هەیـــەو گلەیی لـــە وەزارەتی شـــارەوانی دەكرێت كـــە وەزارەت تەنیا موســـاتەحە لەشارە گەورەكان دەكات و گرنگی بەقەزاو ناحیەكان و گوندەكان نەداوە، ئایا بـــۆ بەرنامەیەكتان نییە بۆ ئـــەوەی پرۆژەكانی موســـاتەحەو خزمەتگوزاری و شوقەی نیشـــتەجێكردن هانبدرێن لە قەزاو ناحیەكان بكرێن؟**

- ئێمە زۆر هەوڵی ئەوەمان داوە كە وەبەرهێنەكان بچنـــە قەزاو ناحیـــەكان پرۆژەكانیـــان ئەنجام بدەن، لەكاتێكدا راستە كێشەیەكی زۆرمان لەو قەزاو ناحیانە هەیە هێشـــتا بێ چارەســـەر ماوەتەوە، كە وایكردووە وەبەرهێنەكان نەتوانن لەو شوینانە كار بكە،

**دوای سەردانەكەی جەنابی سەرۆكی هەرێم بۆ كەركوك لەگەڵ جەنابی پارێزگاری كەركووك دانیشتین و پێمان ووت هەر پرۆژەو كارێكتان پێویستە ئامادەی بكەن تاوەكو لەبەرنامەی خۆماندا دایبنێین**

**مۆزەخانەیەكی نیشتمانی لە هەولێر دروست دەكرێت و لە ساڵی ٢٠١٢ ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت**

ئەویش كێشەی تەسویەی زەوییەكانە، یا ئەو خەڵكەی ئەوێ دەڵێن ئەو زەوییە هی ئێمەیەو نایدەین بەكەس، ئەمەش بۆتە ڕێگر لەبەردەم پرۆژەكانی وەبەرهێنان لە شارو شارۆچكەكان، بۆ نموونە لە ئاكرێ بۆ ماوەی دوو ساڵە چەندین پرۆژەی نیشتەجێبوون تا ڕادەیەك كۆتایی بێ هاتووەو كەچی خەڵكەكە ناهێڵن بیكەن دەڵێن ئەو زەوییە هی ئێمەیە لەكاتێكدا وا نییەو موڵكی شارەوانییە، هەر بۆیە پێویستە حكومەت بەئەركی سەرشانی خۆی هەڵسێت و ڕێگا نەدات ئەو خەڵكانە زێدەڕۆیی و سەرپێچی بكەن، هەروەها یەكەی ئیداری كە سەرۆكی ئەو شوێنانەیە دەبێت بەئەركی خۆی هەڵبستێت.

*** بەڵام جەنابی وەزیر قسەیەكیش هەیە دەڵێن هەندێك لە كۆمپانیاكان دێن و دەڵێن ئەوەندە خانوو دروست دەكەم، ئێوەش زەوییەكی زۆری بۆ تەرخان دەكەن و ژمارەیەكی كەم خانوو دروست دەكات و دوایی دەبێتە دوكانی عەقارات و دەیفرۆشێتەوە ئایا ئەمە بوونی هەیە؟**

- پێویستە دەستەی وەبەرهێنان كۆنترۆڵی ئەوە بكات و ڕێگا نەدات ئەو كۆمپانیانەی زەوییان بۆ تەرخان دەكەین ژمارەیەكی كەم خانوو دروست بكەن، ئێمە زەوییان بۆ تەرخان دەكەین و بەپێی پلانسازی ڕای

**بۆ شاری هەولێر گرێبەستێكمان لەگەڵ كۆمپانیایەكی كەنەدی واژۆكردووە كە دوو كارگەی ریسایكلین لە هەولێر دروست بكات**

وەردەگرین و زەویی تەرخان دەكرێت، بەڵام بۆ ئەوەی بەدواداچوون بكرێت بەپێی ئەو پێكهاتەیەی كە لە پلانەكەدایە پێویستە دەستەی وەبەرهێنان بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانە بكات. بۆیە ئەگەر كاری واكرابێت ئەوە نایاساییەو دەبێت دەستەی وەبەرهێنان ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بێت و لێپرسینەوەو بەدواداچوونی بۆ بكات، گەربێتوو ئەو قسەیە ڕاست بێت ئەوا پێویستە لێپرسینەوەی توند بەرامبەر ئەو وەبەرهێنە بكرێت.

*** ئایا دەبێت هەموو پرۆژەكانی وەبەرهێنان مۆڵەت لە شارەوانی وەربگرن؟**

- بەڵێ؛ دەبێت دەستەی وەبەرهێنان بۆ هەموو پرۆژەكانیان مۆڵەت وەربگرن، بەڵام پرۆژە هەیە مۆڵەتی لە ئێمە وەرنەگرتووە، هەر لەبەر ئەوەشە زۆربەی ئەو پرۆژانەی كە مۆڵەتیان وەرنەگرتووە ڕاگیراون. لەبەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك یاسا ڕێگا نادات بە پرۆژەیەكی وەبەرهێنان بێ وەرگرتنی مۆڵەت لە شارەوانی ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەمە وایلێهاتووە بۆتە كەلتوورێك دەبینین خەڵكانێك هەن دەست ڕۆیشتوون، وا دەكەن ئەو خەڵكەی لەخزمەتگوزاری شارەوانییەكان كار دەكەن ناتوانن لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بكەن، دیارە تا ئێستا وابووە بۆیە هەندێك پرۆژە بێ مۆڵەت دروست كراوە، بەڵام لە پاش ئەوەی كە بڕیارەكانی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەرچووە، ئیتر نابێت هیچ پرۆژەیەك بێ مۆڵەت دەست پێبكرێت بۆیە ئەو پڕۆژانە ڕاگیراون، بڕیارەكانی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش بۆ ئەوەیە كە نابێت هیچ پرۆژەیەك بێ مۆڵەت ئەنجام بدرێت، ئەمەش پاڵپشتی و پشتگیرییەكی زۆری داوەتە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

*** لایەنێكی دیكە كارەكانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، پەرەپێدانی كەرتی گەشت و گوزارە، لەم لایەنەوە دەستخۆشی لەوەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار دەكەین، كە توانیوێتی پرۆژەیەكی وەك چاڤی گەشتیاری بكاتە پرۆژەیەكی پشك و خەڵكی كوردستان هەمووی تێیدا بەشدار بێت؛ ئایا ڕای بەڕێزتان بەرامبەر ئەم پرۆژەیە چییە؟**

- هەر پرۆژەیەك كەخزمەتی هاووڵاتیان بكات بەشێوەیەك كە بتوانێت گەشتیارێكی زۆر بهێنێتە ئەو ناوچانە ئێمە دەستخۆشیان لێدەكەین، هەروەها پرۆژەیەك كە بتوانێت خزمەتی خەڵك و ئەو ناوچەیە بكات، ئێمە هەوڵ دەدەین ئاسانكاری و یارمەتییان بدەین، بەڵام گەربێتوو ببێتە پشك ئەوە یاساو ڕێنمایی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە كەس ناتوانێت پرۆژەیەك بكاتە پشك بێ ئەوەی پەیڕەوی یاساكان و ڕێنماییەكانی پشك نەكات، كەس ناتوانێت بێتوو بە ئارەزووی خۆی بڵێت من نرخی پشكم ئەوەندەیە، چونكە ئەمە مەرج و ڕێوشوێنی خۆی هەیە، پرۆژەیەكی نێوخۆیی ناتوانرێت وەكو پرۆژە جیهانییەكان كۆنترۆڵ بكرێت، هەر بۆیە دەبێت یاساكانی بۆرسە بڕیار بدات ئایا ئەو پرۆژەیە دەتوانێت بكرێتە پشك و یاسای پشك كڕین دەیگرێتەوە یان نایگرێتەوە؟ بەپێی یاسای دەستەی وەبەرهێنان و یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، كەس ناتوانێت تەنازول لە پرۆژەكەی خۆی بكات، پشك فرۆشتنیش ئەوە وەكو تەنازولكردن دەبێت و ئەمەش یاسایی نییە.

*** ئەی چۆن ئەزموونی ئەم فرۆشتنەتان دەستپێكرد لە پرۆژەیەكی گەشت و گوزار، كە دەكەوێتە ناو چوارچێوەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار؟**

- ئێمە هیچ مۆڵەتی ئەوەمان بە پرۆژەی چاڤی گەشتیاری نەداوە ببێتە پرۆژەیەكی پشكدار، من لە ڕێكلامەكانی تەلەفزیۆن بینیومە كە پشك دەفرۆشرێت، ئێمە كە لە لیژنەی باڵای وەبەرهێنانین مۆڵەت لە ئێمە وەرنەگیراوەو ئاگاداریمان لەسەری نییە، واتا مۆڵەت لە لیژنەی باڵای وەبەرهێنان و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار وەرنەگیراوە، نازانم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی وەرگیراوە

**لە بێخاڵ كێشەیەكی گەورەمان هەیە لەگەڵ خەڵكی بێخاڵ كە سەنەدیان هەیەو زەوییەكان هی ئەوانە ئێمەش ناتوانین ڕاستەوخۆ دەست بە پرۆژەی وەبەرهێنان بكەین**

**جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ پڕۆژەی ئاوی ناوچەی شوان بڕی زیاتر لە نۆ ملیار دیناری تەرخانكرد بۆ ئەوەی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە بۆ ١٣٥ گوند ئەنجام بدرێت**

یا نا، گەرچی ئەو پرۆژەیە پێش ماوەیەك ڕاوەستابوو كەچی ئێستا دووبارە ڕێكلامی بۆ دەكرێتەوە.

*** بەڵام خەڵكی بەڕێزیەكی بەرچاو پشك دەكڕن و دڵیان بەو پڕۆژەیە خۆشەو حەزیش دەكەن لە وەزیری شارەوانییەوە گوێبستی ئەوە بن كە دڵیان بەو پرۆژەیە خۆش بێت؟**

- ئەو پرۆژەیە بەپرۆژەیەكی گرنگ دادەنرێت كە یارمەتی شاری سلێمانی دەدات و گەشتیارێكی زۆر لە سلێمانی و ناوچەكانی تر و ناوچەكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و وڵاتەكانی تریش بۆ مەبەستی گەشت و گوزاریی ڕوو بكەنە ئەم ناوچەیە، بەڵام پێویستە ڕەچاوی یاسا بكرێت و ئینجا دەست بە پرۆسەی فرۆشتنی پشك بكرێت، هەربۆیە ئەمە بەڕای من نایاساییە.

*** لایەنێكی تر كە دەمانەوێت لە بەڕێزت بپرسین مەسەلەی ماستەرپلانی گەشتیارییە و وابزانین ماوەیەكیشە كاری باش لەسەر ئەمبوارە كراوە، حەز دەكەین بزانین بۆ ساڵی ٢٠١٢ ئەم پرۆژەیە دەگاتە كوێ و هاوكات پرۆژەكانی گەشتیاریش بۆ ساڵی نوێ چییە؟**

- پرۆژەی ماستەرپلانی گەشتیاری سەرتاسەرییەو ئینشائەڵڵا بۆ ساڵی ٢٠١٢ تەواو دەبێت، كاتێك كە گەیشتە قۆناغی تەواو بوون ئەو كات دەزانین ئێمە چی پرۆژەیەكی گەشتیاریمان پێویستە، هەموو ئەو شوێنانەی كە دەستنیشان دەگرێت ئەو كات دەتوانین ئەو پرۆژانە بخەینە قۆناغی ڕاگەیاندن بۆ وەبەرهێنەكان، تاوەكو وەبەرهێنەر بێتوو ئەنجامی بدات، بەڵام پێویست پرۆژەی خزمەتگوزاری بگەیەنینە ئەو شوێنانەی كە دەمانەویت پرۆژەی گەشتیاری تێدا ئەنجامبدەین.

*** كۆمەڵێك ماستەرپلانتان هەیە وەكو ماستەرپلانی چیای سەفین بناری كۆسرەت چیای زاوا بەڵام ئەم ماستەرپلانانە ناچنە بواری جێبەجێكردنەوە ئایا هۆكارەكەی چی یە بەنیاز نین لەساڵی ٢٠١٢ ئەم ماستەرپلانانە جێبەجێ بكرێت، لە لایەكی ترەوە هەندێك شوێنی گەشتیاریمان هەیە بەتەواوەتی فەرامۆشكراوە بۆ نموونە وەكو بێخاڵ؟**

- چیای سەفین ماستەرپلانی تەواو بووەو تا ڕادەیەك پێكهاتووین لەگەڵ ئەو كۆمپانیانەی دەیانەوێت ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بكەن، ئێمە لەگەڵ چەندین كۆمپانیای بیانی و خۆماڵی دانوستاندنمان كردووە و گفتوگۆو كۆبوونەوەمان كردووە، دەرئەنجام گەیشتینە ئەو بڕیارەی كە كۆمپانیا ناوخۆییەكان ئەو پرۆژەیە بكەن ئێستاكە كارەكان لە دەستەی

وەبەرهێنانە و ساڵی ٢٠١٢ ئەو پرۆژەیە دەکەوێتە قۆناغی جێبەجێکردن، هەروەها پرۆژەی چیای زاوە ئەویش تارادەیەك لە قۆناغەکانی کۆتاییەو وا گرێبەست دەکرێت و کۆمپانیایەك هەیە دەتوانێت ئەو پرۆژەیە دەست پێ بکات و تەنانەت پرۆژەی تەلەفریکەکانیش دەست پێدەکات، پرۆژەیەکی تر هەیە کە فراوانکردنی بەنداوی دهۆکەوە، ئەویش پرۆژەیەکی گەورەیەو تارادەیەك تەواو بووەو پرۆژەیەکی گەشتیارییەو وەبەرهێنەکان بانگێشتکراون بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەو پرۆژەیە، هەروەها پرۆژەی بناری کۆسرەت کە هەندێك کێشەی هەیە هی زەوییەکەی دەبێت ئەوە چارەسەر بکەین ئەو کات دەست بەو پرۆژەیە بکەین، لە چیای کۆسرەت جێگایەکی سروشتی زۆر جوانی هەیە دەتوانین باشترین و جوانترین پرۆژەی گەشتیاری لە بناری کۆسرەت ئەنجام بدرێت. لەدوای تەواوبوونی ماستەرپلانی سەرتاسەری گەشت و گوزاری چەندین شوێنی تر هەیە کە دەتوانین ئێمە پرۆژەی بۆ دابنێین. لە بێخاڵ کێشەیەکی گەورەمان هەیە لەگەڵ خەڵکی بێخاڵ کە سەنەدیان هەیەو زەوییەکان هی ئەوانە ئێمەش ناتوانین راستەوخۆ دەست بە پرۆژەی وەبەرهێنان بکەین، لەمبارەیەوە چەندین گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون بەڵام بێ ئاکام بووە رازی نەبوون پرۆژەی گەشتو گوزاری لەوێ ئەنجام بدرێت، تەنانەت لەگەلی عەلی بەگیش هەمان کێشەمان هەیە، ئەگینا لەبەرنامەو پلانماندایە گرنگی بەم دوو شوێنە گەشتیارییە بدەین و سەرنجی گەشتیارەکان زیاتر رابکێشین.

*** ئەی سەبارەت بە دەربەندیخان کە سەرجەم ناوچەکە گەشت و گوزارییەو ئەوەی گوێبستی دەبین بەتەواوەتی پشتگوێ خراوە؟ بۆچی دەربەندیخان بەتەواوەتی وا فەرامۆشکراوە و هیچ شتێکی بۆ نەکراوە؟**

- هەوڵی ئەوە دەدەین کە وەبەرهێنەکان بێنە دەربەندیخان و وەبەرهێنان بکەن، پێویستە ئەو ناوچەیە بەبەرنامەو پلانێك رێك بخرێت نەك تێك بدرێت، دەربەندیخان بەنداوێکی زۆر گەورەو دەریاچەو چیاو سروشتێکی جوانی هەیە بۆیە پێویستە بەدیراسە بکرێت رەنگە وەبەرهێنەر بتوانێت کافتریاو شوێنی گەشتیاری بچووك دروست بکات بەڵام بۆ پرۆژەی گەورە پێویستی بەماستەرپلانە.

*** شوێنەواریش بەشێکی دیکەی کارەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارە، شوێنەوارەکانی کوردستان هەتا ئێستا وەك پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، ئەمەش سامانێکی گەورەی نیشتمانی یە ئایا بۆ شوێنەوارەکان بەرنامەتان چیە و چیتان کردووە؟**

- گومانی تێدا نیە غەدرێکی زۆر لە سێکتەری شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان کراوە، هەتا ساڵانی رابردوو گرنگی نەدراوە بە شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان. ئێمە دەتوانین بڵێین هۆکار هەبووە نەتوانراوە سوود لەو گەنجینەیە وەربگرین، چونکە پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری گرنگی زیاتر پێدراو ریزبەندی پرۆژەکانیش درا بەو لایەنە خزمەتگوزارییەکانی وەك کارەبا و تەندروستی تاد. بۆیە پێویستە لە ئێستاوە دەست بە کنە و پشکنین و نۆژەنکردنەوەو پاراستی شوێنەوارەکانمان بکەین و بەرنامەی بۆ دابنێین، لە رووەوە لە کابینەی پێنجەمەوە هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە هەڵگیراوە و ئێمەش لە کابینەی شەشەم بەردەوامیمان بەو هەنگاوانە داوە، بۆیە توانیومانە چەندین گرێبەست لەگەڵ چەندین زانکۆی جیهانی بۆ ئەنجامدانی کنەو پشکنین گرێبدەین، بۆ ئەمەش چەندین زانکۆی جیهانی وەك زانکۆکانی فەرەنسا و ئیتاڵیا و هۆڵەندا و یۆنان و ئەڵمانی هاتوون دەستیان بەکارکردووە، ئەمەش هەوڵێك بووە بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی ئەو زانکۆ پێشکەوتووانە وەربگرین و شوێنەوارناسەکانی خۆمان کاریان لەگەڵ بکەن و سوود لە ئەزموونیان وەربگرن، هەروەها پێشنیارمان کردووە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی لە هەولێر دروست بکرێت ئەمەش پرۆژەیەکی گەورەیە و ساڵی ٢٠١٢ رەزامەندی لەسەر دەکرێت و بە پرۆژەیەکی زۆر گرنگ دادەنرێت.

*** شارەزایانی شوێنەوارناسی ئاماژە بەوە دەکەن کە نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان پێویستی بە**




**پسپۆری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام زۆر جار بەو ئاستە پسپۆرییە شوینەوارەکانی کوردستان نۆژەن ناکرێتەوە بۆ نموونە قەیسەی کفری، ئایا وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار لەسەر ئەم مەسەلەیە بێدەنگ بووە؟**

- من بێدەنگ نەبووم و خۆم چووم سەردانی ئەو قەیسەرییەی کفریم کردووە، منیش لەگەڵ ئەوەدام نابێت ئەو شوێنە نازدارە وا کاولبکرێت، بەڵام کێشەکە کێشەی بودجەیە، ١٦-١٨ ملیار دیناری دەوێت تاوەکو قەیسەری کفری کە شوێنەوارێکی مێژووییە نۆژەن بکرێتەوە. ئەگەر زوو هەنگاو بۆ نۆژەنکردنەوەی قەیسەری کۆنی کفری نەکەین وێران دەبێت، هەنگاومان بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوەو لە پلانماندا بووە بەڵام رەزامەندی لەسەر نەدراوە لەبەر کێشەی بودجە.

*** ئێوە وەك وەزیری وەزارەتێکی خزمەتگوزاری گرنگ، ئەندامی شاندی حکومی بوون لە سەردانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بەتایبەتیش بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان، وەك کەرکوك و خانەقین و مەخمور، لەسەردانتان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ خانەقین و کەرکوك و مەخموور لەوێ ڕووبەڕووی کۆمەڵێك شت بوونەوە کە دەبێت جێبەجێی بکەن، لەدوای ئەو سەردانانەوە چیتان بۆ ئەو ناوچانە پێشکەش کردووە؟**

- کاتێك لەگەڵ جەنابی سەرۆك چووینە ئەو شوێنانە بۆ ئەوەبوو کە بزانین ئەو شوێنانە چ خزمەتگوزارییان پێویستە تەنیا بۆ ئەوە نەبوو شاندەکە قەڵەباڵغ بکەین، ئەوەی زیاتر لەو شوێنانە داوا دەکرا بەتایبەتی لە سەعدیەو مەندەلی و جەلەولا زیاتر لایەنی ئەمنی بوو، واتا داوای ئەوەیان هەبوو کە لایەنی ئەمنییان بپارێزرێت چونکە گەر لایەنی ئەمنی چارەسەر نەکرێت ناتوانرێت لەوێ ئیش بکرێت. سەبارەت بە خانەقین کە ئیشێکی زۆری لێکراوەو بەردەوامیشین، لە خانەقین چەندین پرۆژە هەیە دەمانەوێت ئەنجامی بدەین و لە ساڵی ٢٠١٢ چەندین پرۆژە هەیە بڕیارە جێبەجێی بکەین. سەبارەت بەسەردانەکەی جەنابی سەرۆك بۆ کەرکوك و مەخموریش هەنگاوێکی زۆر باش بوو بۆ نموونە لەکەرکوك کە هەموو چین وتوێژەکانی کەرکوك بەکوردو تورکمان و عەرەب و برایانی کریستانی ئامادەی بوون پەیامێکی زۆرجوان بوو بۆ کەرکوکییەکان.

که بەهیچ جۆرێك جیاوازی نییە لەنێوان پێکهاتەکاندا، گەیاندنی کارەباکەش جوانترین نمونەیە بۆ ئەوەی کە جیاوازی نییە بۆ هەموو ئێستا نزیکەی ١٨ کاتژمێر کارەبایان هەیە، لەگەڵ ئەوەش دا لەگەڵ جەنابی پارێزگاری کەرکووك دانیشتین و پێمان وت هەر پرۆژەو کارێکتان پێویستە ئامادەی بکەن تاوەکو لەبەرنامەی خۆماندا دایبنێین، ئێستاکە لەچاوەڕوانی ئەوەداین پرۆژەکانی خۆیان بۆمان بنێرن و ئێمەش لەبەرنامەی خۆماندادایبنێین. سەبارەت بە مەخموریش لەو ناوچەیە پرۆژەیەکی زۆر کراوە هەر بەشاهێدی قایمقامی مەخموور پێش ئێستاو تا ئەمساڵیش چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر ئەنجامدراوەو چەندی تریش لە چاوەڕوانی ئەنجامدانیداین، لە دوو ساڵی رابردوودا کەمتەرخەمی نەکراوە بەڵام خەڵکەکە داوای دووبارە گەڕانەوەی دەکات بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئالێرەدا هاووڵاتیانی مەخموور مافی خۆیانە ئەو داواکارییە بکەن بەتایبەتی دوای ئەوەی مەخموور سەر بەبڕیاری ١٤٠ نەبووە، لەساڵی ١٩٩٦ەوە بەفرمانێکی رژێمی بەعس چووبووە سەر موسڵ.

دووبز لەسەر دەریایەک نەوت و ئاوە و بێ خزمەتگوزاریە

# کورد لەبەر کەمی خزمەتگوزاری لە ناوچەکە کۆچ دەکەن



**هیچ زەوییەک لە ڕووی یاساییەوە بۆ خاوەنەکانیان نەگەڕێنراینەوە**

**کەرتی ٧روبیزەو ٨ی گوبەیبە بۆتە مۆڵگەی تیرۆرستان**

**بەشێک لە ئاوەڕۆی قەزاکە دەڕژێتەوە ناو زێیەکەو پیسی دەکات**

**قوتابخانە هەیە لەژێر ڕەشماڵ دایە و دوو دەوام و سێ دەوامیش هەیە**

**کەرتی تەندروستی لەم ناوچەیەدا لەباروددۆخێکی زۆر خراپ دایە**





هادی غەزایی قایمقامی قەزای دووبز بۆ(گوڵان):

# خەریکە خوێندنی کوردی لە دووبز وەکو قاڵبە بەفر دەتوێتەوەو نامێنێت

**دووبز لە ساڵی ١٩٥٩ لەبەرچەند هۆکارێکی گرنگ و ستراتیژی کرا بەناحیەو سنوورەکەی ٢٣٥هەزار دۆنم زەوی بوو، لە ساڵی ١٩٧٦ ئەم ناحیەیە بوو بە قەزاو ناحیەکانی پردێ و سەرگەڕان و ژمارەیەکی زۆر گوند لەخۆدەگرێت و ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە ٤٦هەزار کەس دەبێت، قەزای دووبز لە هەموو سەردەم و ڕژێمەکانی عێراقدا دەروازەی تەعریب و تەرحیل بووەو دووبزو سنوورەکەی بەسێ قۆناغی تەرحیل و تەعریبدا گوزەری کردووە، ئەویش لە ساڵەکانی( ١٩٦٣ و ١٩٧٤ و ١٩٨٠)، لە هەر سێ قۆناغدا هەموو گوندەکانی خاپورکراون و خەڵکەکەشی بەشی زۆریان لە پیاوەکان لە بەندیخانەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق زیندانی کراون و خەڵکەکەی تریش دەربەدەرکراون و عەرەبی هاوردەیان هێناوەتە سەر ماڵ و موڵك و گوندەکانیان، هەر بۆ نموونە لە سنووری ناحیەی سەرگەڕان کە کوردەکان دەربەدەرکران لە پاشان ٧گوندی گەورە یا کۆمەڵگایان بۆ عەرەبەکانی عێراق لەو سنووره دروستکردوو و بە تەواوی سنوورەکەیان تەعریب کرد.**

**قەزای دووبز لە بواری خزمەتگوزارییەوە بەدرێژای مێژوو بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی ڕژێمی بەعس پشتگوێخراوەو کەموکوڕی زۆری هەبووە، هەروەها لە دوای ساڵی ١٩٩١یش و ئازادی عێراق کارو پڕۆژەیەکی وای بۆ نەکراوە کە شایانی سنوورەکەو ئاستی کاولکارییەکەی بێت، هەر بۆیە لێرەولەوێ هاووڵاتیانی سنوورەکە گلەیی لە کەموکوڕی کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دەکەن و داوای ئاوڕلێدانەوەی جددی دەکەن، بەتایبەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە خۆیان بەناوچەیەکی کوردستانی دادەنێن. وەکو تیمی ( گۆڤاری گوڵان) سەردانی قەزای دووبز و سنوورەکەمان کردو لە نزیکەوە چەند هاووڵاتییەکمان دواند کە گلەییان لە بواری پەروەردەو تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و ئەمنی هەبوو، لە لایەکی ترەوە گەنجەکانیش گلەییەکی زۆریان لە حکومەتی هەرێم هەبوو کە هاوکاری و پاڵپشتی نەکردون لە بوارەکانی وەرزش و سەنتەری ڕۆشبیری و لاوان و لە دامەزراندن و وەرگرتنیان لەزانکۆکانی کوردستان، ئەو گلەیی و داواکاریانەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی ترمان لە(هادی غەزایی) قایمقامی قەزای دووبز کرد، کە پوختەی وەڵامەکان لەم ڕاپۆرتەدا بڵاودەکەینەوە.**

### لەسەر دەریایەك نەوت و ئاون بەڵام سوودی بۆیان نییە

سەبارەت بەوەی ناوچەکە بەچی بەناوبانگەو لەو کانزاو بەرهەمانەی لە سنوورەکە هەیە تا چەند سوودمەندبوون قایمقامی قەزای دووبز وتی: ناوچەی دووبز ناوچەیەکی ئابووری زۆر گرنگەو بەرهەمهێنە، سنووری قەزای دووبز لەسەر دەریایەکی نەوتییە نزیکەی٤٢٣بیرە نەوت لە قەزای دووبز هەیەو تا ئێستاکە هیچ سوودێکمان لەو دەریا نەوتە وەرنەگرتووەو دەتوانم بڵێم لەمبارەوە غەدرێکی زۆر گەورە لەم ناوچەیە کراوە لەم ڕێژە زۆرەی نەوت کە ڕۆژانە تەنیا لە ناحیەی سەرگەڕان (٣٢٠) هەزار بەرمیل نەوت بە بۆری بۆ بەندەری جیهانی تورکی دەڕوات، بەڵام لەم هەموو خێروبێرە لە بودجەی ساڵانە تەنیا ١٨خولەك نەوت بۆ ناوچەکەیە، هەروەها دووبز گەورەترین بەنداوی و پڕۆژەی ئاودێری هەیەو توانای ئاودێری ئەم پڕۆژەیە بۆ ناوچەی دووبز کارو ئیشی لەسەر نەکراوە تا خەڵکی سنوورەکە بەتایبەتی جوتیاران سوودی لێ وەربگرن و ئەو ئاوەش بە فیڕۆ دەڕوات دەچێتە ناوچەی حەویجەو حەمرین و دوزخورماتوو، هەروەها سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبامان هەیە، یەکێك لە وێستگەکان لە ساڵی ١٩٩٦ لەسەر بڕیاری ٩٨٦ دەستکرا بە دروستکردنی کە لە ٢٣٪ی کارەکانی تەواوکراوەو پێداویستیەکانی ئەو وێستگەیەش هەر هەمووی گەیشتووەو ئامادەیە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣تا ئێستاکە کە ٩ساڵە کارکردن لەسەر ئەو پڕۆژەیە ڕاگیراوەو لەلایەن حکومەتی ناوەندی پشتگوێی خراوەو هۆکارەکەش سیاسیەو دیارە ئێمە لەمبارەشەوە گەمارۆمان لەسەرە، هەرچەندە ئەو وێستگانەش بۆ ئێمە سوودیان نییە بەتایبەتی لە لایەنی هەلی کارەوە، بۆیە هەموو پڕۆژەکانی قەزاکە بەتایبەتی نەوت و کارەباو بەنداوەکە بۆ ئێمە بۆتە نەگبەتی و ماڵ وێرانی، نەك خۆشی و نیعمەت، لەبەر ئەوەی لە دوای ساڵی ١٩٧٤ەوە لە کۆمپانیای نەوت و کارەبا و بەنداوەکەدا ئەو کارمەندو کرێکارو فەرمانبەرانەی هەبوون لە لایەن ڕژێمی عێراقییەوە بۆ کوردستان و خوارووی عێراق گوازرانەوە، سەرەڕای ئەوەی هۆکاری سەرەکینە بۆ پیسبوونی ژینگە و بار قورسیان لەسەر بوارەکانی خزمەتگوزاری قەزاکەدا هەیە.

### گەورەترین کێشەی زەویو زار هەیە

سەبارەت بەوەی کە ئێستاکە قەزای دووبز بەرەو فرەوانبوون دەچێت و بۆ ئەو مەبەست و سەرکەوتنی کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان ماستەرپلان زۆر پێویست و گرنگە قایمقامی قەزای دووبز وتی: قەزای دووبز ماستەرپلانی نییەو هیچ نەخشەو پلانێکیشمان نییە، هەر

## نزیکەی ٤٣بیرە نەوت لە قەزای دووبز هەیەو ڕۆژانە تەنیا لە ناحیەی سەرگەران (٣٤٠) هەزار بەرمیل نەوت بە بۆری دەڕوات. بەڵام ساڵی تەنیا ١٨خولەك نەوت بۆ ناوچەکەیە

بۆیە خەڵك بەپێی تێڕوانینی خۆیان خانوویان بۆ خۆیان دروستکردووە و هەر لەبەر نەبوونی نەخشە و ماستەرپلانە ئێمە ناتوانین مۆڵەتی خانووبەرە دروستکردن بە خەڵك بدەین، لە لایەکی ترەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ چاوەڕوان بووین کە چەند پارچە زەوییەك بۆ کوردەکانی ناو سەنتەری قەزای دووبز بەتایبەتی بۆ ئاوارەکان دابین بکرێت و بەسەریان دابەش بکرێت، بەڵام ئەو ئومێدو داواکاری و کارەش تا ئێستا پیادەنەکراوە، هەر بۆیە ئێمە بە بڕیارێکی تاکڕەوانە بوارماندا کە کوردە ئاوارەو دەرکراوەکانی دووبز بۆ خۆیان خانوو دروست بکەن، ئەم هۆکارانەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر زێدەڕۆیی لە قەزای دووبز هەبێت و تا ئێستاش زێدەڕۆیی هەر بەردەوامە، هەروەها قەزای دووبز لە ڕووی نەخشەوە بەرتەسك کراوەتەوە بە تایبەتی بە هۆی ئەو سەربازگانەی لە چوار دەووری سەنتەری شارۆچکەکە هەبوو بۆ نموونە سەربازگای کوشتار کە شارۆچکەکەی گەمارۆ دابوو و ڕووبەرێکی زۆری زەوی خەڵکیان داگیر کردبوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥بە بڕیارێك زەوی ئەو سەربازگەیەمان بۆ خاوەنی بنەڕەتی خۆی گەڕاندەوە، هەروەها شوورەیەکی بەرفراوان لە دەوری وێستگەی کارەباکەی دووبز و ئەو ماڵانە کرابوو کە فەرمانبەرو کارمەندی وێستگەکەبوون و هەر هەموو ماڵەکانیش بەعسی بوون، ئەم شوورەیەش زیاتر سەنتەری قەزاکەی بەرتەسك کردبۆوە بۆیە بڕیارماندا بە شۆفڵ شوورەکە تێکبدرێت و لە پاشان هاووڵاتیان بە ئازادی خۆیان لەم شوێنە خانوو بۆخۆیان دروست بکەن، بە شێوەیەکی گشتی کێشەیەکی زۆری زەوی و زار لە قەزای دووبز و سنوورەکەی هەیە، چونکە لە کاتی خۆی ڕژێمی عێراق بە دوو بڕیار کە بڕیاری ژمارە ٣٦٩ی ساڵی ١٩٧٥و بڕیاری ژمارە ٩٤٩ی ساڵی ١٩٧٩ هەموو زەوی وزاری ئەو ناوچەیەی داگیرکردوو و هەندێکی بە ناوی عەرەبان کرد و هەندێکیشی خستە سەر وەقائعی عێراقییەوە و بەم دوو بڕیارە و چەند یاسایەکی تر کۆتکراوین، هەر بۆیە زۆر هەوڵمانداوە داوامان لە پەرلەمانی عێراق کرد کە ئەو دوو بڕیارە ئیلغا بکەنەوە، بەڵام بێ سوودبوو و تائێستا هەر وەکو خۆیەتی و هیچ زەویەك لە ڕووی یاساییەوە بۆ خاوەنەکانیان نەگەڕێنراینەوە و تا ئێستاش هەندێ گوندمان هەیە وەکو گوندەکانی مەرعی و قوتان و قوشقایەو میسرۆن لە لایەن عەرەبەوە داگیر کراون کە ڕووبەری زەوی ئەو گوندانە نزیکەی ٣٢٠٠دۆنم زەویە.

ئێمە پێش دەرچوونی ماددەی ٥٨ و ماددەی ١٤٠ی دەستوور، خۆمان بۆ ناوچەی دووبز چەندین کارو بڕیارمان جێبەجێ کرد، لەوانە گەڕانەوەی زۆر لەو گوندانەی کە تەعریب کرابوون و لەلایەن عەرەبە هاوردەکانەوە داگیرکرابوون، تارادەیەکی باش ژمارەیەك لە ئاوارەکان و دەرکراوە کوردەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان، گەرچی لەڕووی یاساییەوە ئەوە

## پرۆژەی ئاودێری بەنداوی دووبز تەنیا بۆ عەرەبەکان سوودی هەیە

زەوییانە هەر بەناوی عەرەبەکانەوە نەگەڕاوەتەوە سەر ناوی خاوەنە ڕاستەقینەکانی. هەروەها ڕەخنەمان زۆر لەو کارمەند و کەسانە هەیە کە لە ماددەی ١٤٠ کار دەکەن، چونکە تا ئێستا یەك کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئێمە ئەنجام نەداوەو ڕۆژێك لە ڕۆژانیش ئەو لیژنەی ماددەی ١٤٠ سەردانێکی مەیدانی ئەم ناوچەیەیان نەکردووەو لە بارودۆخی خەڵکەکەو کێشەکانیان نەکۆڵیوەتەوە. خەڵکی ئێمەو زۆر لایەنی تریش زۆر بەخراپ لە ماددەی ١٤٠ تێگەیشتوون وا دەزانن تەنیا ١٠ ملیۆن دینارەکەیە، هەروەها نووسینگەی دەستەی داواکاری کێشەی موڵکایەتی لە قەزای دووبز هەیە کە زیاتر لە ١٦ هەزار داواکاری لەم لیژنەیە تۆمار کراوە، بەڵام یەك داواکارییان جێبەجێ نەکردووە، وەك ئەوە وایە ((یاری بە ڕیشمان دەکەن))، بەیەکێك لەو کێشانەی تر کە لەسەر زەوی و زارو موڵك لەسەنتەری قەزای دووبز هەیە ٢٧٣ خانووی کوردەکانە کە لەساڵی ١٩٧٤ەوە داگیرکراوە، گەرچی ئێستا خاوەنەکانیان چوونەتەوە ناو خانووەکانی خۆیان، بەڵام هەر بەناوی عەرەبە هاوردەکانە کە ئەو خانووانەیان داگیرکرد بوو.

هەروەها لە ناحیەی سەرگەران ڕووبەری ١٩٨ هەزار دۆنم زەوی کە بەناوی عەرەبی هاوردە کراوەو ئێستا عەرەبەکان لەوێ نەماون، بەڵام ئەو زەویانەش هێشتا هەر بەناوی ئەو عەرەبانەیەو کێشەکە بێ چارەسەر ماوەتەوە.

گەرێنتەوە ئەم بارودۆخە بەوشێوەیە فەرامۆش بکرێت و ئەندام پەرلەمانەکانی کورد لە بەغدا شەڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە نەکەن یا تاکڕەوانە هەوڵنەدرێت قەزاکە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا هەرێمی کوردستان دووبز لە دەست دەدات و بارودۆخەکە زۆر خراپ دەبێت و کوردەکان لەناوچەکە لەبەرکەمی خزمەتگوزاری کۆچ دەکەن.

### کەرتی ٧ی ڕوبیزو ٨ی گوبەیبە ئوتێلی تیرۆرستانە

لە سنووری دووبز کێشەیەکی زۆر گەورەمان هەیە بەتایبەتی لەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نزیك سنووری قەزای حەویجەیە، تەنانەت هەندێك گوندمان هەیە تا ئێستا من وەك قایمقام نەمدیوەو ناتوانم سەردانیشی بکەم و پۆلیسی بۆ بنێرم، چونکە شوێنی تیرۆرستانەو بووەتە هۆتێلی تیرۆرستان لەبنەڕەتدا ئەو گوندانە سەر بەقەزای حەویجەن و ئەو گوندانەش هەر دوو کەرتی (٧ڕوبیزو ٨ی گوبەیبە) کە سنوورێکی زۆر گەورەیە و خۆی لە ١١ گوند دەبینێتەوەو نازانم بۆچی ناگەڕێتەوە سەر ئیدارەی حەویجە، چونکە ئێمە لەم دوو کەرتەدا پۆلیس و ئاسایشمان بۆ دابین ناکرێت، زۆربەی تیرۆرستانی ئەم ناوچەیە لەوێوە دێن و کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن. من ڕەخنەیەکی زۆرم لە دامودەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی کەرکوك هەیە کە هەماهەنگی و هاوکارییان لەنێوانیاندا نییە یا زۆر کەمە، ئێمە سوپاو ئاسایش و پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکانمان هەیە گەرێنتو هاوکاری و هەماهەنگییان لە نێواندا هەبێت ئەوا دەتوانن لایەنی ئەمنی ناوچەکە زۆر بە باشی کۆنترۆڵ بکەن. لە لایەکی ترەوە داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پۆلیس و ئاسایشەوە ژمارەیەك کارمەند و پۆلیسمان بۆ دابمەزرێنن، چونکە بەغدا ئەو ناوچەیەی ئێمەی پشتگوێی خستووە و خەڵکمان بۆ دانامەزرێنێت.

### پرۆژە خزمەتگوزارییەکان وەکو ڕۆیشتنی کیسەڵ وایە

سەبارەت بە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری شارەوانی لە قەزای دووبزو سنوورەکەدا بەتایبەتی لەبارەی ئاوەڕۆو کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵ و خاشاك قایمقامی قەزای

## ٨ ساڵە کارکردن لە دروستکردنی وێستگەیەکی کارەبا کە ٣٣٪ی کارەکانی تەواوکراوە ڕاگیراوە

## رۆژێك لە رۆژان ئەوانەی لە ماددەی ١٤٠ کار دەکەن سەردانێکی مەیدانی ئەم ناوچەیەیان نەکردووە

دووبز وتی : ئەو پرۆژانەی لەلایەن شارەوانییەوە بۆ قەزای دووبز دەخرێتە بەرنامەو پلان جێگای رەزامەندی هاووڵاتیانە، بەڵام لەبەر کەمی بودجەکەمان کارو ئیشەکانی شارەوانی لەبوارەکانی خزمەتگوزاری زۆر بەسیستی دەڕوات لە شێوەی رۆیشتنی کیسەڵ دایە، گەرچی لەدوای ٢٠٠٣ لەلایەن ئیدارەی هەولێرەوە لە سەنتەری قەزای دووبزو سنوورەکەی چەند پرۆژەو کارێك ئەنجامدراوە لەوانە دروستکردنی گۆڕەبانی تاتانی وەرزشی و دروستکردنی پارك و کردنەوەی بنکەی تەندروستی و قوتابخانە و گەیاندنی تۆڕی کارەبا لەچەند گوندێکی قەزاکە. هەروەها لەلایەنی ئاوەڕۆوە گەورەترین گرفتمان لەسەنتەری قەزاکە هەیە و ئەمەش لە لایەك بۆ کەمتەرخەمی رژێمی کۆنی عێراق دەگەڕێتەوە، لە لایەکی ترەوە ئێمە نەخشەی بنەڕەتی شارۆچکەکەمان گەورەو فرەوان کرد بۆیە گرفتەکە زیاتر دەرکەوت و ئێستاکە رێژەی ئاوەڕۆ لە ناو سەنتەری قەزای دووبز کەمە و گرفتێکی بەرچاوە پێویستی بە کارو پرۆژەو چارەسەرکردن هەیە، چونکە ئێستاکە بەشێك لە ئاوەڕۆی قەزاکە دەڕژێتەوە ناو زێیەکەو پیسی دەکات، بەڵام ماوەیەکە لەلایەن چەند ئەندازیارێکەوە سەرقاڵی دارشتنی ماستەرپلانێکی ئاوەڕۆین، هەروەها کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵ و خاشاك لە سنوورەکە بەشێوەیەکی باش نییەو سیستەمەکەشی زۆر کۆن و تەقلیدییەو ئەم لایەنەش پێویستی بە کاری جددی هەیەو پێویستە لایەنی پێوەندار بیر لە سیستەمێکی تازەو هاوچەرخ بکاتەوە .

### پردەکەی دوویز
### مەترسی رووخانی لێ دەکرێت

سەبارەت بە خراپی رێگاوبانەکان بەتایبەتی رێگای گوندەکان و پردەکەی ناو شارۆچکەکە قایمقامی قەزای دووبز وتی: ئەو رێگایەی لە رێگای سەرەکی نێوان هەولێرو کەرکوك بۆ دووبز دێت یەك سایدە، بەڵام سێ ساڵ لەمەوپێش ئەو شەقامە قیرتاوکرایەوە، هەر چەندە پێویستە بکرێتە دوو ساید، بەڵام لەم قۆناغەدا لەبری ئەوەی ئەم رێگایە بکرێتە دووساید کۆمەڵێك کێشەو گرفتی تری رێگاوبانمان هەیەو پێویستی بە رێگا چارەی خێرا هەیە، یەکێك لەوکێشە گەورەو ترسناکانە ئەو پردە کۆنەی ناو سەنتەری قەزاکەیە کە مێژووەکەی زۆر کۆنەو بەکەڵکی هاتوچۆکردن نەماوەو ناتوانرێت ئۆتۆمبێلی زۆر بەسەریدا بڕوات و ترسی رووخاندنی لێدەکرێت کە لەگەڵ خۆی کارەساتێك بۆ هاووڵاتیان دروست بکات، چونکە زیاتر لە ٧ بۆری غازی شیرین و نەوت و گازو ئاو بەسەر ئەم پردە دەڕوات، هەربۆیە لەمسەرو ئەوسەری پردەکە پاسەوانمان بۆ داناوەو بەنۆرە ئۆتۆمبێل بەرێ دەکرێت، لەمبارەیەوە هەوڵی زۆرمانداوە و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبان و پردی کەرکوکدا کە دەرئەنجام بڕیاردراوە کە پردێکی نوێ لە تەنیشت ئەم پردە بەتێچوونی ٨ملیارو ٣٨٤ ملیۆن دینار لەبودجەی پێترۆ دۆلار دروست بکرێت و کۆمپانیای ٧٧ لەماوەی یەك ساڵدا جێبەجێی دەکات، هەروەها لە ناو سەنتەری قەزا چەندین گەڕەك و شوێنمان هەیە کە کۆڵان و شەقامەکانی پێویستی بە قیرتاوکردن و کۆنکرێت کردن هەیە، ئەمە جگە لەوەی چەندین گوندمان هەیە پێویستە لەساڵی ٢٠١٢ رێگای سەرەکی گوندەکان و ئەو رێگایانەی بۆ قوتابخانەو بنکەی تەندروستییەکان دەچێت قیرتاو بکرێن، و لەمبارەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ جارێکی تر دەستی هاوکاری و یارمەتیمان بۆ درێژ بکات و ئەو رێگای گوندانەمان بۆ قیرتاو بکات.

## ٢٧٣ خانووی کوردەکان کە لە ساڵی ١٩٧٤ وەوە داگیرکراوە. هەر بەناوی عەرەبە هاوردەکانەوەیە

### چەندین قوتابخانە داخراون

سەبارەت بەکەرتی پەروەردەش قایمقامی قەزای دووبز وتی: لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە لەسەنتەری قەزاو گوندەکانی سنوورەکە چەندین قوتابخانەی خوێندنی کوردیمان کردەوە لەو لایەنەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری کردین بەتایبەتی لە دابینکردنی مامۆستادا بەرێگای تەنسیب، بەڵام بەداخەوە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك پاش ئەوەی چەندین هەوڵمان لەگەڵ داون، دادان بە خوێندنی کوردی لەسنوورەکە ناهێنن لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانەی ئێستا



## كۆكردنەوەو فڕێدانی زبڵ و خاشاك لە سنوورەكە بەشێوەیەكی باش نییە و سیستەمەكەشی زۆر كۆن و تەقلیدییە

لە بەڕێوەبەرایەتـــی خوێندنی كوردی دانراون زیاتـــر ســـەرقاڵی كاری حزبین و لەئاســـت خواست و داواكارییەكانی ئێمەدا نین، هەروەها ڕێگایان نـــەدا بەڕێوەبەرایەتی پـــەروەردەی خوێندنـــی كوردی لەســـنووری قەزای دووبز كـــە ســـنوورێكی فراوانە بكرێتـــەوە ئەوەش نارەزایەتی لێكەوتۆتـــەوە . هەروەها داوامان لە حكومەتی هەرێمی كوردســـتانیش كرد كە بەڕێوەبەرایەتیەكی پەروەردە لەســـنوورەكەمان بكەنەوە، بەڵام ئەوانیش وەڵامیان نەبوو. ئێمە لەسنوورەكەدا لەلایەنی پەروەردەوە كەموكوڕی زۆرمان هەیە لە چەندیـــن لایەنی پەروەردەوە خراپیـــن و ئەو لایەنانەش ئەوانەن وەكو كەمی بینایـــەو بـــێ میلاكی و نەبوونـــی پرۆگرام و نەبوونـــی مامۆســـتای پســـپۆر، هەروەها لەچەندین گوندی ســـنوورەكەمان تا ئێســـتا قوتابخانە هەیە لەژێر ڕەشماڵ دایە و دوو دەوام و سێ دەوامیشمان هەیە، لەهەندێك گوندیش لەبەر نەبوونی مامۆستا قوتابخانە داخراون و قوتابخانـــەی چەند گوندێكیش كراون بەیەك. لەلایەكی ترەوە زۆر لەو مامۆســـتایانەی كە تەنسیب دەكرێن لە قوتابخانەكانی سنوورەكەمان دواتر بە واسیتە دەگوازرێنەوە.

گەر كار بەو شـــێوەیە لەكەرتـــی پەروەردە بڕوات ئـــەوا دڵنیاتان دەكەمـــەوە لە هاوینی ئەمساڵ پەروەردەی خوێندنی كوردی لە دووبز وەكو قاڵبە سەهۆڵ دەتوێتەوەو نامێنێت.

### كەرتی تەندروستی لەژێر سفر دایە

ســـەبارەت بەكەرتی تەندروستی قایمقامی قەزای دووبز رایگەیاند كە لەســـنوورەكەماندا بـــواری تەندروســـتی لەژێـــر ســـفردایە و كەموكـــوڕی زۆرمان هەیـــە، لەقەزاكەماندا لایەنی تەندروستی سەر بەبەغدایە و بنكەیەكی كۆنمان هەیەو دكتۆری پسپۆڕی و ئافرەتانمان نییەو ئامێری پشـــكنین و پزیشكیمان هەیە، گەرچی كارمەند نییە كاری لەســـەر بكات، تەنانەت یەك ئۆتۆمبێلی فریاكەوتنمان هەیە، گەرچـــی زۆر كات بەنزینی بۆ دابین ناكرێت كە دووبز كانـــگا و دەریای نەوت و بەنزینە و زۆرجـــار نەخۆش یا بریندارێك تا دەگەیەنرێتە نەخۆشـــخانەكانی كەركووك و هەولێر گیانی لەدەست دەدات، من پێم سەیرە دووبز قەزایەكی وا كۆنە كەچی بنكەیەكی خراپی تەندروستی بەم شـــێوەیەی هەیە لەكاتێكدا ســـنوورێكی بەرفراوانەو چەندین ناحیە لە خۆ دەگرێت، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین كە نەخۆشخانەیەكی بەرفراوانی چەند قەرەوێڵەیی لە قەزای دووبز دروست بكرێت، تەنانەت زەویمان بۆ نەخۆشخانە دابیـــن كردووە، بەڵام بۆماوەی ٨ ســـاڵە ئەو پرۆژە گرنگە نەچۆتە بواری جێبەجێكردنەوە، كەموكورتییەكـــەش بۆ كەركـــوك و لەوێوە بۆ بەغـــدا دەگەڕێتەوە، بۆیە لێـــرەدا داواكارم لە دكتۆر نەجمەدین كەریم پارێزگاری كەركوك كە خۆی دكتۆرە سەردانێكی مەیدانی بنكەی تەندروســـتی قەزای دووبز بكات و بەچاوی خۆی لە نزیكەوە كێشـــەو گرفتەكان ببینێت و بزانێت چی كێشـــەیەكی گەورەو جەرگبڕ لەم بنكەیە هەیە، تەنانەت لەبەر نەبوونی پزیشـــك و دەرمان ناتوانرێت چارەسەرە سەرەتاییەكانیش بۆ نەخۆش ئەنجام بدرێت.

## داواكان لە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش كرد كە بەڕێوەبەرایەتیەكی پەروەردە لەسنوورەكەمان بكەنەوە، بەڵام ئەوانیش وەڵامیان نەبوو

### ماوەی هەشت ساڵە یەك كارمەند بۆ قەزاكە دانەمەزراوە

لەكۆتایـــی دا قایمقامـــی قـــەزای دووبز وتی: ماوەی ٨ ســـاڵە یەك كارمەندو كرێكارو مامۆســـتاو فەرمانبەرمان بـــۆ دانەمەزراوە تەنیا لەو ماوەیەدا یەك كەســـمان بۆ دامەزرا كە برایەكـــی عەرەب بوو، سوپاســـی نەوزاد هـــادی پارێزگاری هەولێر دەكـــەم كە بۆ ناو یەكەی ئیداری قەزاكـــە چەند كارمەندێكی بۆ دامەزراندووین. هەروەها پێویســـتە ئەو بڕە پارەیەی بـــۆ ئاوەدانكردنـــەوەی ناوچەكەمان دادەنرێت زیـــاد بكرێت چونكـــە زۆر كەمەو بەشـــی هەموو پێداویســـتیەكان نـــاكات، بۆ نموونە لە ناحیەی سەرگەڕان كە ٤٢ گوندی هەیـــەو هەر هەمووی وێران و كاولكراون تەنیا گۆڕەســـتانەكانیان ماون، هەر بۆیە پێویستی بە پرۆژەی خزمەتگـــوزاری زۆر هەیە، بۆیە لەم لایەنانەوە ئەگـــەر خەڵك گلەیی بكات و قســـەمان پێ بڵێن مافی خۆیانەو منیش لەم مانگەدا ئەگەربێتـــوو داواكارییەكان جێبەجێ نەكرێت و لەلایەن هـــەردوو ئیدارەی هەرێم و كەركوكەوە ئاوڕێك لەم سنوورە نەدەنەوە دەست لەكاركێشانەوەی خۆم ڕادەگەیەنم.

